# چەمکە ئیسلامییەکان

پێداچوونەوەی
مامۆستا کرێکار



نووسینی
لیژنەیەکی پسپۆڕی
یەکگرتووی ئیسلامی

چەمکە ئیسلامییەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

# چەمکە ئیسلامییەکان

# چەمكە ئیسلامییەكان

ئامادەكردنی:

لیژنەیەكی پسپۆڕ لە یەكگرتووی ئیسلامی

پێداچوونەوەی:

مامۆستا كرێكار

بۆ پۆلی:

یەكەمی ناوەندی ندا

# چەمکە ئیسلامییەکان


نوسینی: لیژنەیەکی یەکگرتوو
پێداچوونەوەی: مامۆستا کرێکار
بۆپۆلی: یەکەمی ندا


بلاوکردنەوەی: **زادی ڕێمان**
ساڵی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءًۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

## ❁❁❁ پێشەکی ئامادەکاری چاپی دووەم ❁❁❁

بسم الله الرحمن الرحيم

دەسکەوتنی ئەم کتێبە بەسەرهاتێکی خۆشی هەیە.. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا برایانێکی بەڕێز لە دانمارکەوە بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوەکردم و ئەم هەواڵە سەیرەیان دامێ:

برایەکمان هەیە سێزدە ساڵە یەکگرتووەو بەشداری سێ کۆنگرەی کردووە، الحمدلله کەسێکی زۆر تەقواکارو بە ئەدەبە. زۆری جەنابت خۆشدەوێت.. نۆ ساڵە لەم وڵاتەیە ئیقامەی وەرنەگرتووە. ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابوردوو لە سەیران بووین، ووتی: پەیمانم بە خوای گەورە داوە ئەگەر ئیقامەم بدەنێ، یەکسەر دەچمە زیارەتی مامۆستا کرێکار. پێمانووت: لە خوا بترسە، بڵێ: دەچمەوە سەدانی دایکوباوکم، دەچمە حەج، دەچمە خوێندن... ووتی: نا، بە خوا پەیمانم بەخوای گەورە داوەو نایگۆڕم، خوا دەکات ئیقامەم دەدنێ و جەوازەکەم دەدەنە دەست، هەر ئەو ڕۆژە سەفەر دەکەم بۆ نەرویج.. ئەوا ئەمڕۆ هەینییەو پێش نوێژە. پۆلیس تەلەفۆنیان بۆ ئەو برایە کردووە: ئیقامەت دەرچووە، وەرە جەوازەکەت وەرگرە! ئەوا الحمدلله ئێستا وەیگرتووەو دەڵێ _لەبەر نەزرەکەم_ یان هەر ئێستا دەڕۆم، یان نوێژی هەینی دەکەم و دەڕۆم. ئێمەش تکای لێدەکەین دەڵێین سەفەرەکە بخە سبەینێ هەموومان بە دوو سەیارە لەگەڵتدا دێین، بەڵام قەناعەت ناکات و دەڵێ: ئەوە مانای وایە پەیمانەکەم لەگەڵ خوای گەورەدا دەشکێنم.. بۆیە داوامان لە جەنابتە قسەی لەگەڵدا بکە، کە ئەگەر گوناحبار نابێت، جەنابت تەکلیفی لێبکە با ڕازی بێت سبەینێ هەموومان پێکەوە بێینە خزمەتت!

کە قسەم لەگەڵدا کرد، سبحان الله جارێ تا زیاتر لە پێنج دەقیقە لەبەر گریانی خۆشیی نەیدەتوانی قسەبکات.. پاشان تەکلیفم لێکرد کە سەفەرەکەت بخە سبەینێ و بە تەنها مەیە. چاکتریش وایە موسوڵمان لانی کەم سێ کەس بن کە سەفەر دەکەن. ئاوا قەناعەتی کردو بۆ سبەی هاتن.

کە هات رەنگە تا ماوەی دە دەقیقە باوەشی پێداکردم و هەر دەگریا.. تا نیوسەعاتیش نەیتوانی هیچ قسەبکات.. ئێمەشی خستە گریانی خۆشیی و لاوازیی غوربەت!

ئەم پیاوە بەڕێزە ئەم کتێبەو چەند کتێبێکی تری مەنهەجی یەکگرتوی هێنابوو، ئەم کتێبەی بۆ سەرەتای هۆشیاریی فیکریی پێ پەسەندبوو، منیش بۆ قەدرزانینی ئەو پەیمانەی ئاوا بە خوای خاوەنمانیدابوو، هەروەها بۆ رێزگرتن لە بۆچوونەکەی و نواندنی رەفتاری جوانی میوانداریی، لەگەڵ هەبوونی گومانباشیی خۆم بەرامبەر ئاراستەی فیکریی ئیخوان، بەڵێنم پێدا کە ئێمەش دەیکەینە یەکێک لە کتێبەکانی مەنهەجی پەروەردەبوونی فیکریی.. زۆری پێخۆشبوو..

دواتر کتێبەکەم دایە برایەکی بەڕێز کە بە کۆمپیوتەر بۆمان بنوسێتەوە، تا ئاسانتر بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بکەم و خزمەتێکی باشتری بکەم و بە پشتیوانی خوای گەورە شیاوتر بیخەمەوە بەردەستی خوشک و برایانی یەکگرتوو. خۆشمان بیکەینە ماددەیەکی دەرسخوێندنی ناوخۆیی..

ئینجا کە ناوەندی دیراساتی ئیسلامی (ندا)مان کردەوەو نیشان هەندێک لە برایانی سەرپەرشتیاری خوێندنەکەو مەنهەجی خوێندم دایەوەو بۆم باسکردن کە چۆنەو ناوەرۆکەکەی وانە سەرەتاییەکانی فیکری ئیسلامی تێدایە، بە باشیانزانی وەکو کتێبی حزبیی رەفتاری لەگەڵدا نەکرێت، بەڵکو بخوێندرێت. منیش بیرۆکەکەم پێباشبوو. پێداچوونەوەیەکیترم بۆ کرد، تا شێوازی کتێبی خوێندنی قوتابخانە وەربگرێت و وەکو کتێبەکانیترمان ئامادەی بکەین..

الحمدلله وا کتێبەکە بە دارشتنەوەو خزمەتێکی نوێوە خراوەتە بەردەست قوتابیانی خۆشەویستی ناوەندی دیراساتی ئیسلامی (ندا)، کە تەمەنیان لە پازدەساڵ وبەرەوژوورە، یان لەو کەسانەن کە هەلی تەواوکردنی خوێندنی شەرعیی یان خوێندنی قۆناغی دواناوەندیی و سەرووتریان بۆ نەرەخساوەو دەخوازن لێرەوە ئەو کەلێنە فیکرییە پڕبکەنەوە ان شاءالله.. هیوادارم بایەخی تەواو بە ووتنەوەو خوێندنی بدرێت..

**ئەمەش هەندێک تێبینییمە لەسەر کتێبەکەو خزمەتکردنەکەی خۆم:**

١.کتێبەکە چاپی یەکەمێتی کە لە ١٤١٨ک/١٩٩٧ز دا لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم چاپکراوە.

٢.وا دیاربوو پێنج باسی کتێبەکە پێشتر وەکو نامیلکەی بچووک نوسرابن و دواتر لەسەر داوای حزب کرابن بە یەک. وەکو لە دێڕی یەکەمی چەمکی چوارەمدا نووسیویانە: (لە ژمارەی پێشووی ئەم زنجیرەیەدا (ئیسلام چارەسەرە) ئەوەمان روونکردەوە...) ئەمەش هۆکارە کە ئاراستەی هەموو بابەتەکان لە هەندێک بڕگەدا نەدەچوونەوە سەر یەک مەبەست. هەروەها نووسینەکە زیاتر لە یەک شێوازبوو، کە دەشێت لیژنەدانەرەکە خەڵکی شوێنی جیاوازی کوردستان بن، یان دوو کەس بووبن و لە کاتی جیاوازدا نوسیبێتیان. هەندێک وشەو زاراوەش فارسی بوون، کە کەمتر لە باشووری کوردستان بەکار هێنراون. وەکو: یەکتاپەرستی و پەرستش و چەشمەندازو پەروەرشیارو هیتر. یان وشەی ئادەمیزادیان بۆ مرۆڤ بەکار هێناوە کە پەنجا ساڵ زیاترە نوسەرانی کورد بەکاریناهێنن و لەجێی ئەودا دەنوسن و دەڵێن: مرۆڤ. ئێستا لاری لە بەکارهێنانی ئینسان و ئینسانیی یان بەشەرو بەشەرییش نییە. چونکە وشەی هەموو زمانێک _جگە لە زمانی عەرەبی_ لە بەرەوپێشچووندایە..

٣. دیاربوو کە نووسەرانی بەڕێز لە بواری باسەکاندا شارەزابوون، بەڵام یان دەستی نووسینیان نەبووە، یان ئەو شێوازەکۆنەی کە هەیانبووە (شێوازی نووسینی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابوردوو) لەگەڵ پێشبردەکانی زمانی کوردییدا رێی نەکردووە. ئاشکرایە کە لە دوای ساڵی ١٩٩١ ەوە کۆڕەکانی زانیاریی و پسپۆڕانی زمانەوانی زۆر رێسای نوێیان بۆ راستنووسین داڕشتووە.

٤. سەیربوو کە ئەم کتێبە کە بۆ قۆناغی یەکەمی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی لاوان نوسراوە زۆرینەی ئایەتەکان مانایان نەکرابوو! لە زیاتر لە (١٢٠ سەدوبیستویەک) ئایەت (٣١ سیویەک) ئایەتیان کرابوونە کوردیی واتە چارەکێکی، (٩٠ نەوەد) ئایەت هەروا دەقە عەرەبیەکەی دانرابوو! دەبوو من بیانکەمە کوردی. ناکرێت دەقی عەرەبی هەر وەکو خۆی

بخرێتە بەردەست گەنجی تازەپێگەیشتووانی کورد کە زۆر دوورخراونەتەوە لە فێربوونی زمانی عەرەبی..

٥. تەخریج نەکردنی فەرمودەکان. ناشێت لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیاو ئاسانکاریی گواستنەوەی زانست و زانیارییەدا، قسەی بێ بەڵگە بکرێتە مەنهەجی پەروەردەکردن.. ناشبێت بەڵگەکان ساغنەکرێنەوە، ناشبێت فەرموودە بێ سەروبۆر (غیر مشکول) نیشانبدرێت، چونکە بە هەڵە دەخوێندرێتەوەو دواتر بە هەڵە لیی حاڵی دەبن.. ئەم بەڕیزانەش زۆرینەی فەرموودەکانیان ئاوا هێنابۆوە. بۆیە توێژینەوەم بۆ هەموویان کردەوەو هەموویانم بە سەروبۆرەوە دانایەوەو سەنەدو سەرچاوەکانیانم نووسی و هەروەها حوکمی فەرموودەوانان بەرامبەریانم هێنایەوە، بە تایبەتی حوکمی شێخی ئەلبانی رحمەالله.

٦. نووسەرانی بەڕێز زۆر جار شتێکیان لە کتێبی زانایەکەوە وەرگرتبوو، بێئەوەی ئاماژە بە بەرگ و لاپەڕەکەی بدەن، چونکە بە کوردیش نوسیبوویان ئاسانەبوو بیدۆزمەوەو بەرگ و لاپەڕەکانیان بۆ خوێنەری بەڕێز دیاریبکەم. بۆ نموونە هەر نوسیبوویان (العبودیە لابن تیمیە) دەبوو بزانم لە چ لاپەڕەیەکەوە وەریانگرتووە.

٧. فەرموودەکانیان _جگە لەوەی بە بێ سەروبۆرە_ بە بێ سەرچاوەو سەنەد هێناوەتەوە، یان نوسیویانە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ، یان (خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێ) بێئەوەی دەقە عەرەبییەکەی بهێننەوە. پێم وایە نوسەری غەیرە عەرەب پێویستە دەقە عەرەبییەکەش بهێنێتەوە، تا خوێنەرانی دڵنیابن کە وەرگێڕانەکەی راست و دروستە.

٨. ئاماژەی سەرچاوەکانیان هەر لە ناو مەتن (تێکست)ی کتێبەکەدا دانابوو. من هێنامنەوە بۆ پەراوێزی خواری لاپەڕەکان. تا شێوازێکی نووسینی ئەکادیمیی وەربگرێت. پاشان لە کۆتاییدا ریزبەندییم بۆ کردن و بە ناوی سەرجاوەکان لاپەڕەی تایبەتم بۆ دانان.

٩. نووسەرانی بەڕیز عادەتەن بۆ ئەمینداری گشتی حزبەکەیان یان بۆ مەلایەکی خۆیان دەڵێن و دەنووسن: فەرمووی، زۆرجاریش دەنووسن: فەرموویان! کەچی لێرەدا بۆ یاوەرانیش هەر نووسیبوویانە: (ووتی)!. من لێرەشدا وەکو عادەتی خۆمم کرد کە لە

هەموو نوسینەکانمدا بۆ یاوەرو پێشەواو زانایان و کەسایەتییە لێهاتووەکان دەنووسم: فەرمووی.

١٠.گوێنەدانیان بە رێنووسی کوردی، چ لە بەکارهێنانی وشەی دەرەکی (کە دەبێت بخرێتە کەوانەوە) یان شیوازی نوسینین وەکو: (ابن تیمیە) لە جیاتی ئیبنوتەیمییە، (ابن القیم) لە جیاتی ئیبنولقەییم، (لە زۆرینەی شوێنەکاندا نوسیویانە (انشاءالله) لە جیاتی: (ان شاءالله) کە ئەمەیان لە رووی شەرعیشەوە ناشێت والله اعلم.. هەروەها ریزبەندیی وشەی رستە، کە دەبێ _لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا_ کردار بکەوێتە کۆتایی رستەکەوە. یان هەبوونی رستەیەک یان دوو لە نێوان کردارو بکەرەکەیدا.

دەبێ لە کۆتایی ئەم تێبینییانەدا جەخت لەوە بکەمەوە کە ئەم تێبینییانەم لە نرخی باڵای کتێبەکە کەم ناکاتەوە. کتێبەکە زۆر زۆر چاک و زورووریە بۆ ئەوانەی سەرەتای دینداریانە. ناشێت و نابێت موسوڵمان ئەم چەمکانەی لا روون نەبێت.. لەبەر زەروورەت و گرنگی ئەم باسانەیە کە لەم تەمەنەمدا خۆم ئەوەندە پێوە خەریککردووە، کتێبەکەش شایانی ئەو ماندووبوونەیە والحمدلله.

ئەم تێبینییانە کە دەخەمە ڕوو مەبەستم لە لایەکەوە ئاگادارکردنەوەی نووسەرە بەڕیزەکانە، هەروەها نووسەرانیتر کە تکایە ئەوە رەچاوبکەن کە ئێوە بۆ کەسانێک دەنووسن کە پێویستییان بە روونکردنەوەی ئەلف و بێی هەر هەموو زانستە شەرعییەکان هەیە، بۆیە دەبێ ئەم چەمکانەو هەرچی شتێکیتر کە پەیوەندی بە دین و دینداریمانەوە هەیە زۆر روون و ئاشکرا بخرێتە بەردەست خوێنەرانمان ان شاءالله .

خوای گەورە بە لوتفی خۆی ئەم رەنجە کەمەمان لێ وەرگرێت و بەرەکەتی خۆی بخاتە هەموو هەوڵ و رەنجەکانمانەوەو بۆ خۆیمان بسوڵحێنێت.. اللهم آمین.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

**مامۆستا کرێکار**

## پێشەکی نوسەرانی یەکگرتوو

یەکەمین هەنگاوی کردەیی بۆ پەروەردەکردنی تاکی موسڵمان و راستکردنەوەی رەفتارەکانی لە ئاشنابوونیەوە بەچەمکەکانی ئیسلام دەستپێدەکات.

مرۆڤ کە لە بنەڕەتەوە لە چەمکە سەرەکیەکانی ئیسلام تێگەیشت، دواتر بە ئاسانی هەڵسوکەوت و کردارو ژیانی بەگشتی بە پێی ئەو چەمک و بۆچوونانە دەگونجێنێ، چونکە بڕوای بەڕاستیی ودروستیی بەرنامەی خوا پتەوتر دەبێت.

ئەم ئەڵقەیە کە لە بەردەستدایە لە (زنجیرەی پەروەردەو پێگەیاندن)ەو دەیەوێ مرۆڤ بیربخاتەوە کە بۆچی هاتۆتە دونیاو ئەرکی چیەو چۆن دەتوانێ بەو ئەرکە هەستێ؟ کە ئەمەش سەرەتای گۆڕانکارییە لە چالاکییداو سەرەتای جموجوڵە رەوشتی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤە، کە دەیخاتە سەر رۆڵی ئاسایی خۆی لە تەعامولکردن لەگەڵ دەوروبەریدا. هەروەها ئاکارو تایبەتمەندییەکانی ئیسلام دەناسێنێ و مرۆڤ دڵنیادەکاتەوە کە داهاتوو بۆ ئیسلامەو دەبێ مرۆڤ هەوڵبدات بۆ گەیاندنی ئەو چەمکانە بە هاونەوعانی خۆی، لەوێشەوە گرنگی بانگەواز بۆ رێی خودا بەدیاردەکەوێ و مەسەلەی هاوکارییکردنی بانگوێژان و خۆخستنەگەڵی کاروانی بۆخوالێبڕاوان دێتەئاراوە.

بە کوردی و بەکورتی موسڵمانی دڵسۆز بە لێبونەوە لەم بەشەو تێگەیشتن، لایەنی حەرەکی و کردەیی ـبەپێی ئەو قۆناغە سەرەتاییەـ بەرچاو روونەبێتەوە، دەزانێ ئەرکی ئەو قۆناغەی چیەو چەشمەندازەکانی دوارۆژیشی لە لا رۆشن دەبنەوە.

هیواداریـن براو خوشکانی پەروەرشیار بابەتەکان بەهەند وەربگرن و خوێنەرانی خەمخۆریش بەبایەخەوە گرنگی بەو چەمک و باسانە بدەن.

# باسی یەکەم

## ڕۆڵی مرۆڤ لە بوونەوەردا

باسی یەکەم

## ڕۆڵی مرۆڤ لە بوونەوەردا

**ڕێرەو:**

ترسناکترین نەزانین ئەوەیە کە مرۆڤ پەی بەوە نەبات کە ڕۆڵی لە ژیاندا چییەو چ ئەرکێکی لە بوونەوەردا پێسپێرراوە؟

ئای چ تاریکیی و ونبوونێکە بەسەر مرۆڤدا دێت و چەند زیانی لێدەکەوێت کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لێوون ببێت و نەزانێ بەرامبەر دروستکارو پەروەردگاری خۆی دەبێ چۆن بێت؟!

ئازیزم! ڕێزو قەدرێکی زۆر گەورەیە ئەگەر ناسنامەو خودی خۆت بناسیت وئاست و پلەو پایەی شیاوی خۆت لەم گەردوونەدا لاڕوون بێت. لەو کاتەدا هەست بەنرخی ڕاستەقینەی خۆت دەکەیت و دەزانیت کە ژیانت لەم سەر زەوییەدا بۆ هەڵگرتنی پەیامێک و ئەداکردنی بەرپرسیارێتییەک هاتوویتە دنیاوە.

بەڕاستی نەنگ وشورەییە ئەم مرۆڤەی کە خاوەن ژیریی و تواناو ویستی خۆیەتی بێئاگایانە بژی، بخوات و بخواتەوەو چێژو خۆشیی وەرگرێت و بیر لەئایندەو حەقیقەتی دەروونی خۆی و سروشتی ڕۆڵی ژیانی نەکاتەوەو بیر لەپاش مردن نەکاتەوە، کە چی بەسەر دێت و یان چۆن دەبێ خۆی بۆ ئامادەبکات؟! خۆ ئەگەر مردن هات ناتوانێ لێی دەربازبێت و کەس بەدەمیەوە ناچێت.. لێرەوە ئەو ڕاستییە دێتە پێشەوە کە زۆر گرنگە مرۆڤ لە خۆی بپرسێت (کێ منی هێناوەتە بوون؟ بۆ چ مەبەستێک منی هێناوە؟ پاش مردن سەرەنجامم چی دەبێت؟).

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەوپەڕی گرنگیدان، چونکە لەو وەڵامی تەواوو پڕاوپڕی ئەم پرسیارانە دەگەینە شێوەو چۆنیەتی ئەو بەرنامەیەی کە دەبێ مرۆڤ لەژیانیدا پەیڕەوی لێبکات و هەنگاوەکانی لێوە فێربێت.

بۆئەوەی بەتەواوی وەڵامەکانمان دەست بکەوێت ئەم بڕگانە باس دەکەین:

**<u>بڕگەی یەکەم: ئەگەرەکانی دروستبوونی بوونەوەر:</u>**

هەرچی لەم گەردوونەدا هەیە بەگیاندارو بێگیانەوە لەم چوار ئەگەرە دەرناچێت:

١-جیهان بێ یاساو سیستمە.

٢-یاساکانی جیهان بەڕێکەوت بوون.

٣-سروشت خۆی خۆی ڕێکخستوەو لەوەوە ژیان پێکهاتووە.

٤-خوای گەورە هەموو شتێکی دروستکردووە.

<u>ئەگەری یەکەم (جیهان بێ یاساو سیستمە.):</u>

هەر کەسێکی ژیر بەوێژدانەوە سەیرێکی ئەم گەردوونە بەرفراوانە بکات و لەو ئەستێرە لەهەژمارە نەهاتووانە وردببێتەوەو بزانێت کە هەموویان دەسوڕێنەوەو خولگەی تایبەتیان هەیە، ئەگەر کەمترین هەڵە ڕووبدات کارەساتێکی گەورە ڕوودەدات ودوور نییە هەموو جیهان پێوەی لەناو بچێت.

لەسەیر کردنی ئەم جۆرەو لێکدانەوەی ئاواوە لامان ڕوون دەبێتەوە کە ناگونجێت جیهان بێ یاسا بێت.

<u>ئەگەری دووەم(یاساکانی جیهان بەڕێکەوت بوون):</u>

ئەم ئەگەرە خۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە یاساو ڕێکەوت یەکناگرنەوە..چ مرۆڤێکی ژیر بڕوا دەکات یاساکانی هاتوچۆ لەگۆڕەپان و شەقامەکاندا بەڕێکەوت پەیدابووبن؟! هیچ ژیرێک ئەم بڕیارە قبوڵناکات.

یاسای ڕێکەوت ئەوەیە کە دووبارە نابێتەوە بەڵام ڕێکوپێکیی ئەم گەردوونە ڕێکەوت بەتاڵدەکاتەوە.

<u>ئەگەری سێهەم (سروشت خۆی خۆی ڕێکخستوەو لەوەوە ژیان پێکهاتووە):</u>

چەند ڕێسایەکی زانستی وژیریی هەیە هەموو زاناکان لەسەری ڕێکەوتوون، یەکێک لەم ڕێسایانە ئەوەیە (فاقد الشیء لایعطیه) واتە: ئەوی شتێکی نییە، نایبەخشێت.

سروشتیش لە ماددەوە وزە پێکهاتووە کە لەم توخمانەدا دەردەکەون: ئاو، هەوا، کانزاو گەرمی و هیتر.. ئەمانە ژیریان نییە، شتێک خۆی ژیریی نەبێت چۆن دەتوانێت ژیری بەیەکێکی تری وەک مرۆڤ ببەخشێت؟! خوای گەورە جوان دەفەرموێ: (أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ. أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَل لَّا يُوقِنُونَ)الطور/٣٥و٣٦

واتە: یان گوایە لە هیچەوە ئیجادبوون؟! یان خۆیان خالیقن؟! یان ئەوان ئاسمانەکان و زەویيان خەلقکردووە؟! نا، هەر ئەوەیە کە نایانەوێت باوەڕبهێنن..

<u>ئەگەری چوارەم (خوای گەورە هەموو شتێکی دروستکردووە):</u>

پاش ئەوەی سێ ئەگەرەکەی پێشوو پووچەڵبوونەوە، تەنها ئەگەرێک دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە هێزێکی ژیری خاوەن توانا بە وویستی خۆی ئەم گەردوونەی هێناوەتەبوونەوە. ئەم هێزە بەتواناو خاوەن ویستە خوای گەورەیە. بۆیە ئێمە بەهەموو جیهان دەڵێین (لاخالق ولا رب الا الله).

**<u>هۆکارەکانی ناسینی خوای گەورە:</u>** چەند ڕێگەیەک هەن بۆ ناسینی خوای گەورە:

١-سروشتی مرۆڤ: کە هەستێکی دەروونییەو مرۆڤ لەبوونی خوا دڵنیادەکات.

٢-بیرکردنەوە: لەدروستکراوەکانی خودا لەڕێگەی بینین وبیستن و تێگەیشتنەوە.

٣-پێغەمبەران.

٤-نامە ئاسمانییەکان.

زانینی ئەم ڕاستییە کە (مرۆڤ دروستکارێکی هەیە ودەتوانێت بیناسێت) بناغەیەکی سەرەکیی بنیاتنانی ژیانی مرۆڤایەتییە، چونکە بەم زانینە مرۆڤ هەستدەکات کە لەم بوونەوەرەدا تەنیانییە، بەڵکو دروستکارێکی باڵا هەیە چاودێریی دەکات و دەیپارێزێت.

**<u>بڕگەی دووەم: ڕەو اندنەوەی ئەگەری بێهوودەیی لەدروستکردنی مرۆڤدا:</u>**

دروستکردنی مرۆڤ بێهودەنییە، هەروا لەم ژیانەدا بەرەڵانەکراوە، بەڵکو بۆ مەبەست و گرنگییەکی گەورە هاتۆتە بوونەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ) المؤمنون/١١٥ واتە: چما وا دەزانن هەروا بە هەوانتە خەلقمان کردوون و ناگەڕێنەوە لامان؟! ئەم ڕایەش دوو بەڵگە پاڵپشتیدەکات:

١-ئەم گەردوونە سەرتاپا ئەوە دەسەلمێنێت کە خوای گەورە هەموو سیفاتێکی تەواوێتی تێدایە. مرۆڤ هەر چەندە لاوازو بێهێزە بۆ خۆی، پێی قبوڵنییە شتێک دروستبکات و هیچ مەبەستێکی تێدانەبێت. ئیتر چۆن دەگونجێت خوای گەورە _کە خاوەنی سیفاتی دانایی و

لێزانینە_ ئەم گەردوونە فراوانە بێهودەو مەبەست دروستبکات؟! بیرکردنەوە لەناوو سیفەتە پیرۆزەکانی خوای گەورە بێهودەیی کارەکانی رەتدەکاتەوە.

٢-چەند لایەنێکی بالای مرۆڤ لەچاو دروست کراوەکانی تردا:

سەرنجێکی ژیرانە لەلایەنە جیاجیاکانی مرۆڤ و وردبوونەوە لەکەسایەتیی و توانا ژیریی و دەروونیی و لاشەیی و گیانییەکانی مرۆڤ بۆمان دەردەخات کە مرۆڤ دروستکراوێکی سادەو بێسەرپەرشت نییە، بەڵکو بەرەو ئامانجێکی گەورە هەنگاو هەڵدەگرێت کە نهێنیی بوون و مایەی سەردارکردنیەتی بەسەر دروستکراوەکانی تردا. ئەمەش کاتێک دێتەدیی کە رێنمویی خوای گەورە قبوڵبکات.

ئەم باڵاییە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی دروستکردنی مرۆڤ بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە.

<u>لایەنەکانی باڵابوونی مرۆڤ زۆرن لەوانە:</u>

<u>١-لەشێوەو ڕوخساردا:</u>

خوای گەورە دەفەرموێ: (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ) التين/٤ واتە: بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان لە جوانترین شێوەدا خەلقکردووە.. هەرچی ئەندام و بەشێکی مرۆڤ بگرین و سەیربکەین دەبینین لە جوانترین شێوەو چاکترین چۆنیەتی ڕێکخستندا دەردەکەوێت. ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ هەر گیانلەبەرێکی تردا بەراورد بکەین هەست بە هەندێک لێکچوون دەکەین کەبۆ ژیانیان پێویستن، بەڵام هەر مرۆڤ جۆرە باڵاییەکی پێوەدیارە. بۆ نموونە: شێوەی دەستی مرۆڤ جیایە لەهەموو گیانلەبەرانی تر، ئەگەر پەنجەو جومگەکانی بەو شێوەیە نەبوونایەو ئاوا جوڵەیان نەکردایە ئەم شارستانیانە نەدەهاتنە کایەوە. باڵای مرۆڤ و لەشولار وپێست وئەندامەکانی هەموویان تایبەتین و جوانترین وڕێکترین شێوە بە مرۆڤ دەدەن. نینۆک وقژو چاو مایەی جوانی مرۆڤن.

<u>٢-لەزانست وزانیاری دا:</u>

خوای گەورە فەرموویەتی: (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) البقرە/٣١ واتە: خوای گەورە سەیدنا ئادەمی فێری ناوی هەموو شتێک کرد. (عَلَّمَ الإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) العلق/٥ واتە: مرۆڤی فێری ئەوانە کرد کە نەیدەزانین. مرۆڤ توانا وبەهرەی فێربونێکی زۆری هەیە. ماددەو ڕوەک ژیرییان نییە. زانستی گیان لەبەرانیش لە چوارچێوەی خواردن و

خواردنەوەو خۆحەشاردان دەرناچێت و زۆر بەگرانی فێری شتەکان دەبن. بەڵام مرۆڤ خاوەنی ژیرییەو باش خۆی و شتەکانی دەوربەری دەناسێت و دەزانێت چۆن لێکیان هەڵوەشێنێت و پێکیانەوە بلکێنێتەوە. دەزانێت چۆن هاتوونەتەبوونەوە. ڕووداوو دیاردەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. شوێنکاری زانستی مرۆڤ زۆر ئاشکراو دیارە.

٣-لەویست وتوانایدا:

هەروەک خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّا هدَيْنَاهُ السَّبِيل إِمَّا شَاكِرًا وإِمَّا كَفُورًا)الانسان/٣ واتە: ئێمە ڕێگاکەمان نیشانی مرۆڤداوە، ئیتر خۆی سەرپشکە کە هەڵوێستی سوپاسگوزاریی هەڵئژێرێت یان هەڵوێستی کەفرانەبژێریی.. زانین و زانست بەتەنها هیچ ڕۆڵێکیان نییە ئەگەر ویست و توانایەک لەپشتیانەوە نەبێ بۆ بەگەڕخستنەوەیان. هەتا زانین زاڵبوون بەسەر دیاردەیەکی دیاریکراودا زۆر بێت مەودای هەڵبژاردن و سەرپشکبوون فراوانتر دەبێت. مرۆڤیش لەبەر ئەوەی زانیاریی لە زیندەوەرانی تر زۆرترەو مەودای ویستیشی فراوانترو گەورەترە بۆتە خاوەنی زۆرترین بڕی ویست وتوانا. بۆیە مرۆڤ بەرامبەر هەموو شتێک ئیختیاراتی زۆری دەکەوێتە بەردەست و دەتوانێت هەڵوێستی جۆراوجۆری ڕەتدانەوە نگرێتەبەر. بۆ نمونە ئەگەر یەکێک ستەمێکی لێکرد، دەتوانێت لێی بووڕێت، یا تۆڵەی لێبستێنێتەوە، یا خۆی دەخواتەوە و بێدەنگ دەبێت، یا دێتە وەڵام، یا لەوانەیە تۆڵەسەندنەوەکەی دواخات تا ئەو کاتەی توانای دەبێت و هەل ومەرجی گونجاوی بۆ دەرەخسێت، یا ترسنۆکی دایدە گرێت و هیچ ناکات، یا ستەم زیاتر لەبەرامبەرەکەی دەکاتەوەو یا.. واتە لەبەردەم تاقە ڕوداوێکدا دەتوانێت چەندەها هەڵوێستی هەبێت. بەڵام گیانلەبەرانیتر ئەگەر لەبەردەم ڕووداوێکدا هەڵوێستیشیان هەبێت، تەنها یەک جۆرەو گۆڕانی بەسەردا نایەت لێرەوە زۆرو جۆری تواناکانی مرۆڤ دەردەکەون.

٤-لەئاست پلەو پایەو لێهاتنەکانیدا:

مرۆڤ سەرداری ئەم بوونەوەرەیەو هەرچی هەیە بۆ ئەو ڕام کراوەو لەخزمەتیدایە. خوای گەورە دەفەرموێ: (هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا)البقره/٢٩ واتە: ئەوە

خوای گەورەیە کە هەر هەموو شتێکی سەرزەمینی بۆ ئێوە دروستکردووە. هەروەها: (أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ)لقمان/٢٠ واتە: مەگەر نابینن چۆن خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن بۆ ئێوەی دەستەبەرکردووە؟! (هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا)هود/٦١ واتە: خوای گەورە ئێوەی ئیجادکردو هێنانییە سەرزەمین تا ئاوەدانی بکەنەوە.. توانا ولێهاتنەکانی مرۆڤ ئەوەندە زۆرن کە ئاسان دەتوانێت لەوزە شاراوەکانی گەردوونیش سوود وەربگرێت.

هەموو گیانلەبەران ناتوانن دەمە پاچێک دروستبکەن! کەچی مرۆڤ جۆرەها کەشتی ئاسمانی وبۆمبای گەردیلەیی و ناوەکی دروستکردووە. کەمێک بیر لەمە بکەینەوە، ئاستی توانای مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت..

٥-توانای دەربڕین:

خوای گەورە فەرمویەتی (الرَّحْمَنُ ، عَلَّمَ الْقُرْآنَ ،خَلَقَ الإِنسَانَ)الرحمن /١-٣ واتە: خوای خاوەن میهرەبانی رەها. کە قورئانەکەی فێرکرد، کە مرۆڤی لە نەبووەو ئیجادکرد.

گیانلەبەران وئاژەڵانی تر هەر چەند قەبارە و کێشیان لەمرۆڤ زۆرترە، بەڵام تەنها چەند دەنگێکی تێکەڵ وبێ مانایان لێوە دێت! کەچی مرۆڤ نەک تەنها دەنگ بەڵکو (٢٧) جۆر دەنگی جیاجیا دەردەکات[١] و لەوانەشەوە ملیۆنەها وشەو دەربڕین پێکدەهێنێت و بەمەش زمانە جیاجیاکانی سەرزەوی پەیدا بووە.. هەر بەهۆی دەنگ ودەربڕینەوە دەتوانێت خەڵکانی تر بخاتە پێکەنین یان گریان یان سەرسوڕمان یا ئاژاوە بنێتەوە یا نێوانی دوو لایەنی چاکبکاتەوە! شیعرو پەخشان دەڵێت و هەستونەست وبیروهۆش و سۆزی خۆی دەردەبڕێت و هیواو ئاواتەکانی بۆ خەڵک ئاشکرادەکات. ئەمانەو چەندانی تر ئەوە دەردەخەن کە دەربڕین گرنگترین سیفەتی مرۆڤە.

[١] ئەوە رەنگە هەر لە زمانی کوردییدا وا بێت دەنا لە زمانێکی وەکو چینییدا دەبێت ٦٠٠٠ پیت بزانیت تا بتوانیت رۆژنامەیەک بخوێنیتەوە!

٦-لەژیری وهێنانه پێشچاوو خەیاڵیدا:

گیانلەبەرانیش وەک مرۆڤ هەستیان هەیە، بەڵام لە مرۆڤدا لەپشت ئەو هەستانەوە توانایەکی ژیریی و خەیاڵێکی بەهێز هەیە، کە لەئاستێکی باڵادایە.. مرۆڤ و ئاژەڵیش دەریا دەبینن کە شینە، بەڵام دیارە سەیرکردنەکەیان زۆر جیاوازە.. شینی دەریا لای مرۆڤ هەوێنی شیعرو پەخشان و زانست و بیرکردنەوە و چێژوەرگرتن وچەندەها هێماو نیشانەی ترە.

کاتێک شەکرێک ژەهراوی دەکەیت مێشێک لێی دەخوات ودەمرێت، بەڵام ئایا مرۆڤ هەیە لەخواردنێک بخوات کەبەبەرچاویەوە کەسێک یان گیانلەبەرێکی تری کوشتبێت؟!.

٧-لە توانا ڕەوشتییەکانیدا:

گەلێ جۆر ڕەوشت لەژیاندا بەرچاودەکەوێت، هەندێکیان بەرزو جوان و شیرین، هەندێکی تریشیان نزم و دزێوو نالەبارن، هەندێکیان لای خەڵک خوشەویست و ڕێزلێگیراون، هەندێکی تریشیان قیزەون وبێزراوو جێگەی تانەن. مرۆڤ لەتوانایدا هەیە زۆر بەرزببێتەوەو ببێتە نموونەی ڕێزو بەرزیی و جوانیی، دەشتوانێت تا نزمترین ئاست لە لاساریی ونزمیی و ناشیرینیدا ڕۆبچێت. دەتوانێت لەیەکێک لەبەرەکانی چاکە یا خراپەدا بێت. دەشتوانێت هەر دووکیان تێکەڵاوبکات. بەڵام گیانلەبەرانی تر هەر لەسەر یەک شێوەی باو دەڕۆن و ناتوانن بیگۆڕن.. ڕژدیی و ڕقلێبوونەوەو بەخیلیی وفێڵبازیی و خیانەتکردن وخۆبەزل زانین وڕیابازیی وتووڕەیی وتەماعکاریی ودەستبڵاویی و ستەمکاریی وبەخۆداڕامون ومخۆهەڵکێشان وماستاوکردن وبێشەرمیی وبێبەزەیی و هەموو ڕەوشتە پێچەوانەکانیان دەگونجێت مرۆڤ هەڵیانبگرێت. کەواتە مرۆڤ خاوەن توانایەکی سەیرە لە هەڵگرتن وپیادەکردنی ڕەوشتە جۆراوجۆرەکاندا.

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەم گەردوونە بدەین بۆمان ئاشکرادەبێت کە هەرچی شتێک هەیە کارو ئەرکێکی تایبەتیی هەیە، هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ ئەرکێکی تایبەتییان لە ئەستۆدایە. ئایا دەگونجێت مرۆڤ خۆی کە سەرداری گەردوونەو هەرچی ئاسمان و

زەوییە بۆ ئەم ڕامبووە، بێگرنگی و بێئەرک و بەرپرسێتیی بێت؟ نەخێر، ناگونجێت. هەر وەکو یاسا ژیرییەکە دەڵێت: چەند توانات هەبێت ئەوەندە ئەرکت پێدەسپێررێت.

لەڕوویەکی ترەوە سەرنجدانێکی وردو لەسەرخۆی گەردوون بۆمان دەردەخات کە هەرچی دروستکراو هەیە لەپێناو شتێکی تردا هاتووە، بە خزمەتکردنی ئەو، کاری ئەم بەڕێوە دەچێت! ئاو بۆ زەوییەو زەوی بۆ ڕووەکەو ڕووەک بۆ گیاندارانەو گیاندارانیش بۆ مرۆڤە! ئەی مرۆڤ بۆ کێیە!؟.

پێویستە مرۆڤیش بۆ خوا ڕامبێت و بەگوێرەی یاساو بەرنامەو فەرمانەکانی ژیانی خۆی بەڕێوەببات، نەک بچێتە خزمەت شتێکی تر. کەواتە مادام خوای گەورە گرنگی و تایبەتمەندییەکی دابێت بە مرۆڤ، مرۆڤیش پێویستە بزانێت ئەو گرنگییە بۆچییەو ئەو تایبەتمەندێتییە چۆن باکاردەهێنێتەوە؟!.

**برگەی سێیەم: گرنگی مرۆڤ چییە؟**

لەسۆزو میهرەبانی خوای گەورەوەیە کە ئێمەی لە سەرلێشێوان و واقوڕماندا وەلنەکردووەو بێوەڵامی نەکردووین، چونکە وەڵامی ئەم پرسیارانەی مرۆڤایەتی داوەتەوە: (مرۆڤ لەکوێوە هات؟ بۆ کوێ دەچێ؟ بۆچی؟) کە تەواوی زاناو بیرمەندو فەیلەسوفەکانی سەرگەردان و ماندووکردبوو.

ئەم سێ پرسیارە لەدێرین زەمانەوە لەمێشک وبیروهۆشی مرۆڤدا پەیدابوون و مرۆڤیان بەردەوام هانداوە تا بە دوای وەڵامەکەیدا بڕۆنەوە، چونکە بێوەڵام مانەوەی ئەم پرسیارانە ، مانەوەی نهێنییەکانی بوونی مرۆڤ و ئاست و پلەو پایەی ڕاستەقینەو مەبەست لە ژیانێتی. ئەگەر مرۆڤ نەزانێت خۆی چییەو لەکوێوە هاتووە بۆ کوێ دەچێت وبۆچی هاتووە؟.چۆن ڕۆڵی خۆیی بۆ دەردەکەوێت؟!

خوای میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بەسادەیی وساکاری وەڵامی هەر سێ پرسیارەکەی داوینەتەوە:

لەیەکەمیاندا دەفەرموێ: (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ. ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ. ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ) المؤمنون/١٢-١٤واتە: بە تەئکیید ئێمە مرۆڤمان لە زنجیرەیەک سازادان لە قوڕ دروستکرد. پاشان کرمانە

تنۆكە ئاوێک و لە جێی شیاوی خۆیدا دابینبوو. پاشان تنۆكە ئاوەكەمان كردە خوێنپارەیەک (وەكو زەروو) پاشان خوێنپارەكەمان وەكو پارووی جوویراو لێكردو ئینجا ئەویشمان كردە ئێسقان و ئێسقانەكەمان بە گۆشت داپۆشی. پاشان شێوازی تری گۆڕانكارییمان بەسەردا هێنا، پاكوپیرۆزیی بۆ ئەو خوایەیە چاكترین خولقێنەرە..

لەوەڵامی دووەمدا دەفەرموێ: (وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الْمُنتَهَىٰ)النجم/٤٢ واتەڵ بە تەئكیید گەڕانەوەی كۆتایی هەر بۆ لای خوای پەروەردگارتە..

لەبارەی سێیەمیشیان دەفەرموێ: (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)الذریات/٥٦ واتە: مرۆڤ و پەریم بۆ خواپەرستی دروستكردووە.. كەوابوو مرۆڤ بۆ خواپەرستی دروستكراوە، گرنگیی راستەقینەشی لەبوونەوەردا بەخواپەرستییەكە بۆ دروستدەبێت بەمەش دەبێتە جێنیشینی[1] خوای گەورە لەزەویدا: (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي

[1] هەر لە سەرەتای نوسینی فیكری ئیسلامییەوە بە زمانی كوردی، نووسەران زاراوەی (جێنشین)یان بەرامبەر (خلیفة) داناوە. ئەمە بۆ جینشێتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شیاوە كە سەیدنا ئەبوبەكری صددیق خوا لێی رازی بێت بوو بە خەلیفە/ جێنشینی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم. بەڵام ئەمە بۆ خوای گەورە شیاو نییە والله اعلم، چونكە شوێن و مەنزیلەو دەسەڵاتی خوای گەورە شتێک نین كە مرۆڤ بیانگرێتەوە.. مەبەستیش لەم ئایەتە ئەوەیە كە خوای گەورە دەیەویست بریكارێک لەسەر زەمیندا نیشتەجێ بكات تا ئەو ئەركی ئیستیخلافەی پێ بسپێرێت كە بریتییە لە

١.ناسین و ناساندنی خوای تاكوپاک.

٢.پەرستنی خوای تاكوپاک. بە نیازپاكیی و ئەنجامدانی ئەو دروشمە پەرستنانەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت دیارییان كردووە.

٣.سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتی خوای گەورە تا دادپەروەریی لە نێوان مرۆڤەكاندا بێتەدیی.

٤. دەرهێنانی خیروبێری سەرزەمین بۆ ئاوەدانكردنەوی و بۆ دەستەبەركردنی نان و ئەمان و خێروخۆشی بۆ مرۆڤایەتی..

ئەمە بریكارێتییە نەک جێنشینی.. لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە سیفاتی خوای تاكوپاكەوە هەیە، ئەو مافەم بە خۆمدا كە ووشەی جێنشینییەكە _كە نووسەرانی بەڕێز بەكاریان هێنابوو_ لە هەموو كتێبەكەدا بگۆڕم بۆ بریكاریی..

الْأَرْضِ خَلِيفَةً)البقره/٣٠ واتە: خوای پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرمووو من دەمەوێت بریکارێک لەسەر زەمیندا دابنێم..

**برگەی چوارەم: بریکاریی:**

بریکاریی بریتیە لە (پاککردنەوەی دەروون) و (ئاوەدانکردنەوەی زەوی) ئەویش لە ڕێگەی شوێنکەوتنی بەرنامەی خوای گەورە.

بریکاریی لەبیرو هۆشی مرۆڤدا ئەم مانایانە دەردەخات:

١-بریکار کە لەشوێنێکدا دەبێت، خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو شوێنە نیە.

٢-پێویستە گوێڕایەڵی خاوەن دەسەڵاتەکە بێت کە کردوویەتی بەبریکار .

٣-سەرکەشی نەکردن وپاراستنی سنووری دیاریکراوی.

٤-ئەو کارانە بکات کە بۆی دیاریکراوە ،نەک بەئارەزوو و ویستی خۆی.

مرۆڤ سەرداری تەواوو ڕاستەقینەی گەردوونە، بەڵام لەبەرامبەر بەندایەتیی دڵسۆزانەو ڕاستەقینەدا بۆ خوای گەورە: (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا) النور/٥٥ واتە: خوای گەورە بەڵێنی بەو کەسانەتان داوە کە باوەڕیانهێناوەو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە کە حەتمەن دەیانکاتە بریکاری دەسەڵاتدار لەسەر زەمیندا، هەر وەکو کە ئەو کەسانەی تری پێش ئەوانی کردە بریکاری بەدەسەڵات. حەتمەن ئەو دینەشیان _کە خوای گەورە رازیبوو ئەمان بیکەنە بەرنامەی ژیانیان_ دەگەێنێتە سەروەریی و باڵادەستیی و حەتمەن ئەو ترسوبیمەی کە هەشیانە بۆیان دەکاتە ئەمان و هێمنیی، بەو مەرجەی هەر من بپەرستن و هێچ جۆرە هاوبەشێکم بۆ بڕیانەدەن.

کەواتە: پێویستە بەفرمان و ویستی خوای گەورە بجوڵێینەوەو هەڵسوکەوت بکەین، نەک بەو جۆرەی خۆمان ئارەزوومان لێیە. واتە: مانای فراوانیی چەمکی خواپەرستیی بەجێ بهێنین نەک ئەم مانا فراوانەی خواپەرستییەکە تەنها لەچوارچێوەی دروشمەکانی پەرستندا گیردەین.

**بڕگەی پێنجەم: زانینی ئەودوو ڕاستییەی پێشوو مایەی کامەرانییە:**

زانینی مەبەست لەبوونی مرۆڤ: (پاککردنەوەی دەروون) و (ئاوەدانکردنەوەی زەوی).

ئەم مەسەلەیە لەژیانی سەرتاسەری مرۆڤایەتیدا کارێکی زۆر گرنگ وچارەنووسسازە. ژیان بێ ئەو زانینە ڕێکنابێتەوەو خۆشیی لێهەڵدەگیرێت. ئەمەش لە هەردووئاستی تاک و کۆمەڵدا هەر وایەو مرۆڤایەتی لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە کامەرانیی ڕاستەقینەو دڵئارامیی تەواوی دەستناکەوێت. تەنها ڕێگایەکیش ئەم مەبەستە دەستەبەربکات ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ڕێگەی باوەڕهێنان وپەیوەندی پەیداکردنە لەگەڵ خوای گەورەدا، چونکە تیایدا هەموو هیواو ئامانجەکان ـچ لەدنیادابێت یا لەقیامەتداـ دەستدەکەوێت. تاک بەختەوەر دەبێت و کۆمەڵ یەکپارچەو یەکدڵ دەبێت و سەرکەوتنی بەدەستدێت. خۆ ئەگەر پێشکەوتنی ئابووریی وتەکنەلۆژیی و چاکسازیی بنەڕەتیی کۆمەڵمان بوێت ئەوە هەر لەوێوە ئەنجامدەدرێت.

تا ئێستاش ڕۆژهەلاتناس و لێکۆڵەرەوە ڕۆژئاواییەکان سەریان لەوە سوڕدەمێنێت ئاخۆ چ نهێنییەکبوو کۆمەڵگەی پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم لە شوانی ئاژەڵەوە گۆڕی بۆ شوانی مرۆڤایەتی؟! چۆن لە دواکەوتووترین گەلەوە کردنی بەپێشڕەوی گەلان؟! لەکۆمەڵێکی خێڵەکیی و بیاباننشینەوە کردنی بەخاوەن شارستانییەکی مێژوویی و بەسەر کیسراو قەیسەردا سەریخستن؟! هەموو ئەمانەش کەمتر لەچارەکە سەدەیەکدا روویاندا! بەڵام هەموو دەگەنە ئەو ئەنجامە کە ئەوە بەرهەمی ئیمانە کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: (أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ) الرعد/٢٨ واتە: ئەرێ، هەر بە یادی خوا دڵەکان ئاسوودە دەبن. ئەوە بەو تێگەیشتنەبوو کەلەبارێکەوە گوێزانیەوە بۆ بارێکی تر. لەبتپەرستییەوە بۆ یەکتاپەرستیی. نەفامییەوە بۆ ئیسلام. لەتاریکیی و سەرلێشێوانەوە بۆ ڕووناکیی وڕێنمایی.

بەم جۆرە خەڵکی چ بەشێوەیەکی تاک یاکۆمەڵ ناتوانن سوود لەتواناو وزە شاراوەکانیان وەرگرن و لەشوێنی خۆیدا بەکاربهێنن، تا بەتەواویی ئەم ڕاستییە نەزانن.

بێئەم زانینە ژیان بەرەو تێکچوون بەرەو تەنگژەی ئابووریی وجەنگی خوێناویی و نائارامیی دەروون و نائاسایشیی وڵات وتێکچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەڕوات.

**بڕگەی شەشەم: نەزانینی ئەم ڕاستییە مایەی کوێرەوەرییە:**

ئەگەر مەبەستی سەرەکی وگرنگیی بوونی مرۆڤ نەزانرا ئەوا بەخۆی بزانێت یان نەزانێت دەبێتە دژ بەیاسای گشتیی بوونەوەرو شوێن ڕێبازێکی تری _جگە لەوەی موسڵمانان_ دەکەوێت. هەر وەک ئەستێرەیەکی لێدێت کە لەخولگەی تایبەتی خۆی دەردەچێت وبەر ئەستێرەکانی تر بکەوێت و زیان لەخۆیشی و ئەوانی تریش بدات و کەشتیی ژیان کەبەهێمنیی ڕێگە دەبڕێت دەستکات بە لەرزین و خەت و خولگەو ئاڕاستەی سەرەکیی خۆی لێ تێکبچێت.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەک ئۆتۆمبیلێکە لەڕێگەیەکدا، ئەگەر پارچەیەکی تێکبچێت دەوەستێت. مرۆڤیش ئەگەر لەبەرنامەی خوای خۆی دووربکەوێتەوە زیان لە خۆی وخەڵکیش دەدات.

_ خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ) البقره/٢٠٥ واتە: ئەم مرۆڤە ئەگەر پشت لە بەرنامەی خوای گەورە بکات ئیتر لە ڕەنجی ئەوەدا دەبێت کە گەندەڵیی و خراپەکاریی بەسەر زەمیندا بڵاوبکاتەوە، تا تۆوی ژیان (لەڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤدا) بفەوتێنێت! خوای گەورەش حەزی لەو خراپەکارییە نییە.

_ هەروەها دەفەرموێ: (نَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ) الانفال/٥٥ واتە: خراپترینی گیانلەبەرانێک کە بەسەر زەمیندا دێن و دەچن، ئەو کەسانەن کە بە کافری ماونەتەوەو باوەڕ ناهێنن.

_ هەروەها دەفەرموێ: (وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) الاعراف/١٧٩واتە: زۆریشمان لە جنۆکەو مرۆڤ کردووە بە پشکی دۆزەخ لەوانەی کە هزرییان هەیەو بیرناکەنەوە پێی و چاویان هەیە نابینن پێی و گوێچکەیان هەیەو نابیستن پێی! ئەوانە حەیوانن.. بگرە گومڕاتریشن.. ئەوانە ژیرییان پەکخستووەو لە خوا غافڵن!

_ هەروەها دەربارەی دووڕوو _کە لە ناخییدا هەر کافرە_ دەفەرموێ: (وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ)المنافقون/٤ واتە: جەنابت کە ئەو دووڕووانە دەبینیت بە جەستەو سەروسیمایان سەرسام دەبیت، کە قسەت بۆ دەکەن گوێیان بۆ شل دەکەیت ! بەڵام ئەوانە دەڵێی کۆتەرە داری گەندڵ و کلۆرن!

**برگەی حەوتەم: مرۆڤ خۆی سەرپشکە:**

مرۆڤ خۆی سەرپشکە لەوەی کە بۆ ئامانج و مەبەستێکی خوایی بژی، یا بێئامانج ومەبەست بژی. خوای گەورە هەردوو ڕێگاکەی نیشانداوە. وەک دەفەرموێ:

_ (وهدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ)البلد/١٠ واتە: ئێمە هەردوو ڕێگای چاکەو خراپەمان نیشانداوە.

_هەروەها دەفەرموێ: (إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيل إِمَّا شَاكِرًا وإِمَّا كَفُورًا)الانسان/٣ واتە: ئێمە ڕێگاکەمان نیشانداوە، ئیتر خۆی سەرپشکە ڕێی سوپاسگوزاریی دەگرێتەبەر یان ڕێی کوفرانەبژێریی.

_ هەروەها: (فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)الكهف/٢٩ واتە: ئەوی حەز دەکات با باوەڕبهێنێت، ئەوی حەزیش دەکات کافر ببێت، با هەڵیبژێرێت.

تەنها مرۆڤ وپەری لەنێوان هەموو دروستکراوەکانی خوای گەورەدا ئەم سەرپشکییەیان پێبەخشراوە. جگە لەوان هەموو دروستکراوەکانی تر ملکەچ و ڕامبووی یاسایەکی خوایی بەردەوامن. هەر وەک خوای گەورە دەربارەی ئاسمانەکان و زەوی دەفەرموێ: (فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ) فصلت/١١واتە: خوای گەورە بە ئاسمانەکان و زەوی فەرموو: گوێڕایەڵانە خۆتان دێنە ژێر فەرمان یان بە زۆر بهێنرێن؟ هەردووکیان ووتیان: خوایە وا ملکەچانە هاتین..

**برگەی هەشتەم: تەنها گوێڕایەڵی خوا دەکرێت:**

کاتێ مرۆڤ هەستدەکات بەپێی یاسای گشتی پەروەردگار ئەرکێکی تایبەتیی لەسەرشانە، ئیتر بەخۆشحاڵییەوە گوێڕایەڵیی دەردەبڕێت و ڕازیینابێت خۆی بە پێی حەزی خۆی حوکمی ژیانی خۆی بکات یان ئاڕاستەی ژیانی بداتەدەست کەسێکیتر، چونکە تەنها لەژێر

سێبەری فەرمان و ئامۆژگارییەکانی خوادا هەست بەدڵئارامیدەکات. ئەم تەسلیمبوونە بەخوای گەورە مانای لاوازیی یا نەزانین یا شوێنکەوتنی کوێرانەنییە. چونکە مل بۆ یەکێک کەچناکات کە کەمێک یا زۆرێک لەخۆی زاناترە! بەڵکو باوەڕو یەقینی هەیە کە ئەم بەندەی خوایەکی باڵادەستە کە ئەمیش و دروستکراوەکانی تریشی بەدیهێناوە.

کاتێک مرۆڤ بانگەوازی ڕاستەقینەو ئاشکرای پێدەگات، تەنها ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە کە مل بۆ خوا کەچبکات و فەرمان و قەدەغەکراوەکانیشی بەجێبهێنێت. ئەگەر واینەکرد لەریزی دووڕوواندا دەبێت کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێ: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا) النساء/٦٠واتە: مەگەر ئەوانەت نەدیووە کە لافوگەزافی ئەوە لێدەدەن گوایە باوەڕیان بەوە هێناوە کە بۆ جەنابت هاتۆتەخوارەوە، هەروەها بەوەش کە پێش جەنابت هاتۆتەخوارەوە، کەچی دەیانەێت داوەریی خۆیان (بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانیان) ببەنە لای طاغووت؟! لە کاتێکدا فەرمانیان پێدرابوو کە دەبێ طاغووت بەکافر بزانن و شوێنی نەکەون! بەڵام هەر ئەوەیە کە شەیتان دەیەوێت بە تەواویی دووریان بخاتەوەو گومڕایان بکات..

کەواتە کورتەی بابەتەکە ئەمەیە:

ئێمە بڕوامان هەیەو دڵنیاین کە خوایەکمان هەیەو دروستیکردووین. دانایی و سیفەتە بەرزەکانی ئەو خوایە لەلایەک و باڵایی و بەرزیی ئاستی ئێمەش لەلایەکی ترەوە دەریدەخات کە ئێمە هەروا هەوانتەو بێهودە دروستنەکراوین، بەڵکو کارێکی گەورەی بۆ دیاریکردووین کە پەرستنیەتی بەتەنهایی و بێهاوەڵ بۆ دانانی.. کە دەبێ لەهەموو رەفتارێکی گەورەو بچوکی ژیانماندا گوێڕایەڵیی لێبکەین و ژیانمان بەپێی یاسای ئەو ببەین بەڕێوە.

جا لەبەر ئەوەی پەرستنی خوای گەورە ئەرکە مەزنەکەی ژیانی مرۆڤە، کەوابوو پێویستە تێگەیشتنێکی تەواوو بەرفراوانمان لەبارەیەوە هەبێت و هەموو هەڵەو تێنەگەیشتنێک دەربارەی خواپەرستییەکە ڕاستبکەینەوە.

**بڕگەی نۆیەم: خو اپەرستی:**

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ. مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ . إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ)الذاريات/٥٦-٥٨واتە: پەری و مرۆڤم بۆ خواپەرستی خەلقکردووە. نامەوێت ئەوان رزق و رۆزییم بدەن یان تێرمکەن. خوای گەورە خۆی رۆزیدەرەو خاوەن هێزی بێوێنەیە.

ئەم دەقە کورتە ئاماژە بەڕاستییەکی گرنگ دەدات، کە ژیانی مرۆڤایەتی ـچ بەشێوەی تاک یابەشێوەی کۆمەڵـ بێبەجێهێنانی ڕاستنابێتەوەو خۆشی تێدا دەستەبەرنابێت.. ئەمەش بۆ هەموو سات و چەرخێکەو یاسایەکی گشتییە، لەپشت خۆشیەوە چەندەها ماناو مەبەستی تێدایە، کەهەموویان پێکەوە بەردی بناغەی ژیانی مرۆڤایەتین.

یەکێک لە ڕووکارە گرنگەکانی ئەم ڕاستییە ئەوەیە کەژیانی مرۆڤ و (جن) بۆ مەبەستێکە، ئەم مەبەستەش لەکارێکدا خۆی دەنوێنێت هەر کەسێک ئەو کارە بەجێبهێنێت ئەوە مەبەستی بوونی خۆی بەدیدەهێنێت، هەر کەسێکیش کەمتەرخەمی تێدابکات یان پشتگوێی بخات، مەبەستی ژیانی خۆی لێوندەبێت. لەم حاڵەتەشییدا وا هەستدەکات کە ئەرکێکی دیاریکراوی نییەو ژیانی بێمەبەست دەمێنێتەوە مانا ڕاستەقینەکەشی دیارنامێنێت و بێنرخ دێتە بەرچاوی! بەمەش لەڕیزی ئەو یاسا گشتییە دەردەچێت کە هەموو بونەوەر بەپێی ئەو بەڕێوە دەچێت وحەتمەن بەرەو فەوتان و ونبوون و تاریکی ملدەنێت.. ژیانی هەموو گیانلەبەران ئەو یاسایەی بەسەردا دەچەسپێت.

ئەو ئەرکە دیاریکراوەی ژیانی مرۆڤ و (پەری) بەیاسای گشتیی بوونەوەرەوە دەبەستێتەوە (خواپەرستی)یە. واتە: هەستکردن بەهەردوو ئاست و ئەرکی بەندایەتیی و خوایەتیی. بەندەکان ملکەچیی و پەرستن بۆ خوای گەورە بەجێدەهێنن بەم پێیەش ژیانی سەرزەوی ڕاستدەبێتەوە.

یەکێکی تر لەڕاستییەکان ئەوەیە کە مەبەستی ژیانی مرۆڤ خواپەرستنە. خواپەرستنیش لەوە فراوانترە کە تەنها دروشمەکانی پەرستن بگرێتەوەو لەوانەدا تەسک بکرێتەوە. ئەرکی بریکاریی خوا دەچێتە ژێر مانای خواپەرستییەوە.

<u>مانای ڕاستەقینەی خوایەرستن لەدوو كاردا خۆی دەبینێتەوە:</u>

یەكەم: جێگیر بوونی مانای خواپەرستی لەدڵ و دەروونددا. واتە مرۆڤ بەتەواوی تێبگات و هەست بكات كە خوایەك و پەروەردگارێك هەیەو تەنها ئەو شایستەی پەرستنە.

دووەم: ڕووكردنە خوای گەورە لە هەموو جوڵەو هەڵسوكەوتێكدا، لەهەموو كارێكی ئەندامەكان و بیركردنەوەیەكدا، لەهەموو هەنگاوێكی ژیاندا، ئەمەش بەوپەڕی یەكلابوونەوەو دڵسوزییەوە بكرێت و هیچ مانایەكی تری تێكەڵاونەكرێت.

بەبەجێهێنانی هەر دوو كارەكە مانای ڕاستەقینەی خواپەرستی دێتەكایەوە. كاركردن دەبێتە دروشمێكی خواپەرستی، زەوی ئاوەدانكردنەوە هێندەی نوێژو ڕۆژوو گرنگدەبێت . تێكۆشان لەپێناوی خوادا بەپیرۆز تەماشادەكرێت، ئارامگرتن لەسەر ناخۆشییەكان و ڕازیبوون بەقەزاو قەدەر بەهەمان چاوەوە سەیریان دەكرێت، هەموو بەخواپەرستی دەژمێردرێن و ئەو مەبەستە دەهێنێتە كایەوە كە مرۆڤ و جنۆكەی بۆ دروستكراوە. ئەمەش یاسای گشتیی بەندایەتیی بوونەوەرە بۆ خوای گەورە.

مرۆڤ لەو كاتەدا هەستدەكات كەبەو كارە هەستاوە كە خوای خۆی پێی سپاردوەو ئەویش وەك بەندەیەكی گوێڕایەڵ لەماوەی ژیانیدا پێوەی سەرگەرمە.. گوێڕایەڵی و پەرستنی خوای گەورە بێهیچ مەبەست و ئامانجێكی تر، ئەم هەست كردنەشە هێمنیی و ئارامی بەسەر مرۆڤدا دەبارێنێت و وای لێدەكات چێژی ڕاستەقینە وەرگرێت و هەست بە چاودێریی و میهرەبانیی خوای گەورە بكات. ئەمە جگە لەو پاداشتە قیامەتییەی كە بەهیوایەتی. ئەوەش بەرەوخواچوونی ڕاستەقینەیە. ئەم بەرەوخواچوونە مرۆڤ لەخەم و ئازارو گرانیی و ماندووبوونیی سەر زەوی قوتاردەكات و لەهەموو .بەندایەتییەك ڕزگاریدەكات و دەچێتە ئەو ئاستە ڕاستەقینەیەی كە خوای گەورە بۆی دیاریكردووە (بەندەی خوایە خوا بۆ خواپەرستی دروستی كردووە ئەویش بەو ئەركە هەستاوەو مەبەستی بوونی خۆی بەدیهێناوە)[١].

---

[١] فی ظلال القران/ سید قطب ب٦ / ٣٣٨٦.

لەبەر گرنگیی جێگیربوونی ئەم ڕاستییە لەبیرو هۆش و ژیانی مرۆڤی موسوڵماندا، پێویستە درێژەی تەواوی پێبدرێت. چونكە ئەمە مەبەستی ژیانەو یەكەم بنەمایە خوا لە پەیامە ئاسمانییەكانیدا جەختی لەسەر كردبێت وملەپێناویدا پێغەمبەرانی ناردبێت و ئەوانیش خەڵكیان بۆ بانگكردووەو ئەگەر لەبیریان چووبێتەوە یادیان هێناونەتەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە ئەمڕۆ مانای ڕاستەقینەی خواپەرستن شێواوەو پێویستی بە ڕاستكردنەوە هەیە.

**وشەی (العبادە) لەزمانەوانیدا:**

(العبودیة، والعبودة و العبدیة) واتە ملكەچیی وزەلیلیی وگوێڕایەڵیی. بەمانایەكی تر واتە: تەسلیمبوونی مرۆڤ و ملكەچییەكی تەواو بەبێ بەرگریی و لادان وسەرپێچییكردن.

لە (المخصص)[1]دا هاتووە: بنچینەی وشەی (العبادە): ملكەچیی و زەلیلییەكی تەواوە. ئەوەتا بەجادەی كوتراوە دەڵێن (طریق معبد) چونكە زۆر خەڵكی بەسەریدا دەڕۆن و زەلیلە لەژێر پێیاندا.

هەروەها بە (كۆیلە) دەڵێن (عبد) چونكە ملكەچی ئاغاكەیەتی.

<u>بەكارهێنانی وشەی (العبادة) لەقورئانی پیرۆزدا:</u>

ئەگەر سەرنجێكی قورئانی پیرۆز بدەین دەبینین وشەی (العبادە) بەزۆری بەسێ مانا هاتووە:

یەكەم: گوێڕایەڵیی لەگەڵ ملكەچییدا. وەك: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ) واتە: خوایە تەنها تۆ دەپەرستین. یان: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ)البقرە/١٧٢واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە لە رزقە پاك و حەڵاڵە بخۆن كە پێمانبەخشیوون وسوپاسی خوای گەورەی لەسەربكەن، ئەگەر راستەو تەنها ئەو دەپەرستن.

---

[1] كتێبی: المخصص/ ابن سیدە/ ب١ ل٩٦.

دووەم: خواپەرستیی ویەندایەتیی. وەک خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي)غافر/٦٦واتە: بفەرموو من بەرهەڵستی ئەوەم لێکراوە کە ئەوانە بپەرستم کە ئێوە لە جیاتی خوای گەورە هاواریان دەکەنێ! من بەڵگەی رۆشنم لە لایەن خوای پەروەردگاری خۆمەوە بۆهاتووە. هەروەها: (بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ)سبا/٤١واتە: ئەوان (عەرەبەکانی جاهیلییەتی قورەیش) جنۆکەیان دەپەرست و زۆرینەیان باوەڕیان پێیان هەبوو.

سێهەم: بەبەندە (کۆیلە)کردنی کەسێک و مامەڵەکردن بەشێوەی بەندە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ)الشعراء/٢٢ واتە: سەیدنا مووسا علیه السلام فەرمووی: جا تۆ (فیرعەون) چاکەی خۆتم بە چاواندا دەدەیتەوە لە کاتێکدا کە تۆ قەومەکەم(بەنی ئیسرائیل)ت کردووە بە کۆیلەی خۆت؟!

کەواتە ناشێت وشەی (العبادة) تایبەت بکرێ بەمانایەکەوە لەو مانایانە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز زاراوەکە بەگشتی باس دەکات. ئاشکرایە مەبەست لە زاراوەکە بەندایەتیی و گوێڕایەڵیی وخواپەرستییە. هەموو ئەمانەش بەتایبەتی دەبێ هەر بۆ خوای گەورە ئەنجامبدرێن.

کەوابوو ناکرێت وشەی (العبادە) لەیەک مانادا _بەتەنها_ کۆبکەینەوە، چونکە تەسککردنەوەی مانا قورئانییەکەیە. ئەوی وا بۆ مانای وشەی (العبادە) بچێت دیارە کە زاراوەکەی نوقسان وەرگرتووە.

<u>مانای زاراوەیی عیبادەت:</u>

یەکەم: بریتییە لەپەیوەستبوون بەوەی کە خوای گەورە داینا‌وەو پێغەمبەرەکانی سەلامی خوایان لێ بێت بانگەوازیان بۆ کردووە. پابەندبوون بە دینەکەی خواوە: جا فەرمانکردن بێت بەئەنجامدانی کارێک یا بەرگریکردن بێت. حەڵاڵکردن بێت یا حەرامکردن _بەناچاری بێت یا سەرپشکانە_ هەر بە ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ خوای گەورە هەژمار دەکرێت. وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا..)الرعد/١٥واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوییدایە بە ئازادی خۆیان بێت یان بە ناچاریی هەر کڕنووش بۆ خوای گەورە دەبەن..

دووەم: ئەم پابەندیی و پەیوەستبوونە پێویستە لەدڵێکەوە بێت کەخۆشەویستیی خوای گەورەی تێدا بێت. چونکە ئەو عیبادەتەی کە داواکراوە دەبێت مانای ملکەچیی و خۆشەویستیی تێدابێت. بەندایەتیی واتە ئەوپەڕی خۆشەویستیی و ئەوپەڕی ملکەچیی. بەبێ ئەم دوانە بەندایەتیی ناکرێت. واتە: خۆشەویستیی بێ ملکەچیی یان ملکەچیی بێ خۆشەویستیی[١].

سێهەم: ئەنجامدانی هەموو کارێک بەمەبەستی ڕەزامەندیی خوای گەورە. تا کاروباری ئاسایی و (عادەتی) لەکاری بەندایەتیی جیابکرێتەوە. بۆ نموونە وازهێنان و دەمگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە بە هۆی نەخۆشییەوە بێت یان بۆی نەخورێت جیاوازە لەوەی کە لەبەرخوا وازلەخواردن و خواردنەوە بێنێت[٢].

چوارەم: بەندایەتیی ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە خۆشیدەوێت و لێیڕازییە، لە هەموو گوفتارو کردارێکی ناوخۆیی و دەرەکی. وەک: نوێژ، ڕۆژوو، حەج ، ڕاستگۆیی، دەستپاکیی، چاکە لەگەڵ دایک وباوک، بەجێهێنانی ئەرکی خزمایەتی و ئەنجامدانی پەیمان و فەرمانکردن بەچاکەو بەرگری لەخراپەو جیهادو تێکۆشان دژ بەکافران و دووڕوان، چاکە لەگەڵ دەرودراوسێ و هەتیوو هەژارو ژێردەستەکان و بەزەیی هاتنەوە بەئادەمیزادو گیانلەبەراندا، نزاو پاڕانەوە و قورئانخوێندن و هاوشێوەی ئەمانە هەمووی بە (عبادە) دەژمێردرێت. هەروەها خۆشەویستیی خواو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و ترسان لە خواو گەڕانەوە بۆلای ئەوو دڵسۆزیی بۆ ئاینەکەی و ئارامی بۆ فەرمانەکانی و سوپاسگوزاریی بەخششەکانی و ڕازیبوون بەفەرمانی

---

[١] العباده فی الإسلام/ دکتۆر یوسف قەرەزاویی ل٣٢ ئەویش لە کتێبی (العبودیه / ابن تیمیه) وەریگرتووە.

[٢] جامع العلوم والحکم/ ابن رجب الحنبلی ل١٦.

خواو پشتبەستن بەخواو ئومێدبەبەزەیی ئەوو ترس لە سزای ئەوو هەموو ئەمانەش لە.بەندایەتیین بۆ خوا.[١]

<u>هەڵوێستی خەڵکی بەرامبەر بەندایەتی:</u>

خەڵکی بەرامبەر سوودی بەندایەتی وحیکمەت ومەبەستەکانی چوار جۆرن:

جۆری یەکەم: ئەوانەن کە (حیکمەت ومەبەست) لەبەندایەتی ڕەتدەکەنەوەو کارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ویستی خوای گەورە، بەبێ هۆو بەبێئەوەی کە بەندایەتی هۆی خۆشبەختی بێت لەدنیاو قیامەتدا. ئەوانە شیرینی و تامی بەندایەتی ڕاستەقینە ناچێژن و فرمانەکان مایەی خۆشی دڵ ودەروون و ژیانیان نییە. لەبەر ئەوە پێی دەڵێن تەکالیف.

جۆری دووەم: بڕوایان بەهەندێ لەسوودو حیکمەتەکانی هەیەو دان بە مەبەست و هۆکاندا دەنێن، بەڵام نایگێڕنەوە بۆ خوای گەورە، بەڵکو دەیگێڕنەوە بۆ سوودی دروستکراوەکان و قازانجی ئەوان. لای ئەمان بەندایەتی بارمتەی ئەو پاداشتەیە کە بەندەکان دەستیاندەکەوێت. هەر وەک کرێکارێک کە پاداشتی کارەکەی وەردەگرێت.

جۆری سێهەم: ئەوانەن وا دەزانن سوودی بەندایەتی ڕاهێنانی دەروون و ئامادەکردنێتی بۆ وەرگرتنی زانست وزانیاری و دوورکەوتنەوە لەتانەو تەشەرو خۆڕزگارکردن لەنەخۆشییەکانی دەروون.

جۆری چوارەم : ئەمانە خواناسی ڕاستەقینەن و شارەزانیی فەرمان و یاساو دروستکراوەکانی ئەون. ئەمانە لە.بەندایەتیی خوای گەورەدا بەرچاوڕۆشنن[٢].

ئەو سێ جۆرەی یەکەمین لەڕاستیدا لە بەندایەتی تێنەگەیشتوون بەهۆی ئەو دوودڵیی و گومانە خراپانەی بۆیان دروستبووە، هەروەها لەبەر ئەو کەم دەرکی وپەینەبردن بەڕۆشنایی پێغەمبەرایەتی.

کۆمەڵی یەکتاپەرستان چاک لەمانای بەندایەتی گەیشتوون لەڕۆشنایی ئەم خاڵانەدا:

١- چونکە پێویستیمان بەخوای گەورە:

---

[١] العبوديه/ ابن تيميه ل ٣٨.

[٢] مدارج السالكين/ ابن القيم ب/١ /١١١.

بەندایەتیی بەندەکان وگوێڕایەڵییان بۆ خوای گەورە هیچ سوودێک بەخوای گەورە نابەخشێت، هەروەک چۆن تاوانی تاوانکاران هیچ زەرەرێکی لێنادات و سوپاسی سوپاسگوزاران لەموڵکی خوا زیادناکات، هەروەک چۆن پێنەزانین و سیڵەییان هیچ لە موڵکی کەمناکات. خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ) فاطر/١٥ واتە: هۆ خەڵکینە، ئێوە هەژارو نەدارو موحتاجی خوای گەورەن و خوای گەورە خۆی دەولەمەندی بێنیازو سوپاسکراوە.

خوای گەورە لەفەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێ:

ئەی بەندەکانم! من ستەمم لەسەر خۆم حەرامکردووەو لەنێوان ئێوەشدا قەدەغەم کردوە زوڵم وستەم لەیەکتری مەکەن.

بەندەکانم! ئێوە هەموو گومڕاو سەرلێشێواون جگە لەوانەی کە من ڕێنمویم کردوون، دەی سا داوای ڕێنمویی لەمن بکەن هەتا ڕێنموییتان بکەم.

بەندەکانم! ئێوە هەموو برسین جگە لەوانەی کە من ڕۆزیم پێداون، دەی سا داوای ڕۆزیم لێبکەن تا ڕۆزیتان بدەمێ.

بەندەکانم! ئێوە هەموو رووتن جگە لەوانەی کە من پۆشتەمکردوون. دەی سا داوای پۆشاکم لێبکەن تا پۆشتەتان بکەم.

بەندەکانم! ئێوە شەو و ڕۆژ تاواندەکەن و من بەردەوام لەتاوانەکانتان خۆشدەبم، دەی سا داوای لێخوشبوونم لێبکەن هەتا لێتان خۆشببم.

بەندەکانم! ئێوە ناتوانن بگەنە ئاستی زیان پێگەیاندنم، تا زیانم پێبگەیەنن و ناشتوانن بگەنە ئاستی سوودپێبەخشینم، تا سوودم پێ ببەخشن.

بەندەکانم! ئەگەر یەکەمین و کۆتاییی ئێوەو جنۆکەکانیش لەسەر تەقواکارترین دڵی یەکێ لەئێوە کۆببنەوە، هیچ شتێک لەموڵکی من زیادناکات.

بەندەکانم! ئەگەر یەکەمین و کۆتاییی ئێوەو جنۆکەکانیش لەسەر دڵی خراپترین کەسی ئێوە کۆببنەوە هیچ شتێک لەموڵکی من کەمناکات.

بەندەکانم! ئەگەر یەکەمین و کۆتاییی ئێوەو جنۆکەکانیش لەیەک دەشتی فراواندا کۆببنەوەو پێکەوە بە یەکجار داوا لەمن بکەن، هیچ کەسێکتان بێبەش ناکەم، چونکە ئەمە لەموڵکی من هیچ کەمناکات، دەرزییەک بکەیت بەناو دەریاداو دەریهێنیتەوە چەند ئاو لە دەریاکە کەمدەکات؟ بەخشینەکەش بە هەمووتان هەر ئەوەندە لە موڵکی من کەم دەکاتەوە.

بەندەکانم! ئەمە کردەوەکانی ئێوەیە، بۆ خۆتانی هەژمار دەکەمەوەو تۆماریان دەکەم، لەدواجاردا پاداشتتان دەدەمەوە، ئەوی پاداشتی چاکی بینی با سوپاسی خوابکات ئەوی شتی تری بینی با لۆمەی کەس نەکات جگە لە خۆی.. مسلم لە (ابو ذر)ەوە گێڕاویەتیەوە.[١]

٢-چونکە بەندایەتیی مافێکی خواوەندە بەسەر بەندەکانیەوە:

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ، الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاء بِنَاء وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ )البقرە/٢١و٢٢واتە: هۆ خەڵکینە، ئەو خوایە بپەرستن کە خەڵقیکردوون، هەروەها ئەوانەشی خەلقکردووە کە پێش ئێوەبوون، بەڵکو بەم پەرستنە بگەنە ئاستی تەقواکاریی. ئەوە خوایە گەورەیە کە

[١] راستە موسلیم (٢٥٧٧). ئەمەش دەقە عەرەبییەکەیەتی: (يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ، إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ، إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي، فَتَنْفَعُونِي، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ، يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا، فَلْيَحْمَدِ اللهَ وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ، فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ).

ئەو زەوییەی وەکو رایەخ بۆتان تەختکردووەو ئاسمانی بە بیناسازیی بەسەرتانەوە راگرتووەو بارانی لە ئاسمانەوە باراندووە تا بەروبوومی پێ بێتە بەرهەم و ئێوەش پشکی خۆتانی لێوەرگرن، دەی کەوایە هاوبەش (لە خۆشەویستیی و بە مەزندانانندا) بۆ خوای گەورە دامەنێن لە کاتێکدا دەشزانن کە نابێت هاوبەشی وا بۆ خوای گەورە دابنرێت..

موعازی کوڕی جەبەل دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ئەی موعاز مافی خوا بەسەر بەندەکانیەوە چیە؟ موعاز فەرمووی: خواو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەزانن، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: مافی خوا بەسەر بەندەکانیەوە ئەوەیە کە بەندەکان خوای گەورە بپەرستن و هاوەڵی بۆ قەرارنەدەن (متفق عليه)[1].

٣-بەندایەتیی بۆ خوا سەرچاوەی ئازادییە:

بەندایەتیی بۆ خوای گەورە تاکە فاکتەرە بۆ ئازادکردنی دڵ ودەروون لەبەندایەتیی دروستکراوەکانیترو ئازادکردنی مرۆڤە لەملکەچییکردن بۆ خوا دەستکردەکان و ملهوڕان، ئەوانەی کەمرۆڤ بەخراپترین شێوە دەچەوسێننەوە، با کەسانێکیش بن کە لافوگەزافی ئازادی لێدەدەن.

هەر بەندەیەک خۆی بەزلزانیێ و ملی بۆخوا کەچنەکردبێ ئەوە بێگومان دەکەوێتە ملکەچییکردن بۆ کەسانیتر بێجگە لەخوا[2].

٤-بەندایەتیی خۆراکی دەروونە:

---

[1] راستە: بوخاری لە ئەنەسەوەیە خوا لێی رازی بێت (ژمارە/١٢٨)، موسلیم لە موعاذەوە خوا لێی رازی بێت (ژمارە/٣٠) ئەمەش دەقە عەرەبییەکەیەتی بە ریوایەتی موعاذ خوا : (عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ - رضي الله عنه - قَالَ: كُنْتُ رِدْفَ رَسُولِ اللهِ صلى الله عليه و سلم عَلَى حِمَارٍ يُقَالُ لَهُ عُفَيْرٌ. قَالَ: فَقَالَ: يَا مُعَاذُ! أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللهِ عَلَى الْعِبَادِ وما حقُّ العبادِ عَلَى اللهِ؟ قَالَ قُلْتُ: الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: «فَإِنَّ حَقَّ اللهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوا اللهَ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً. وَحَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً» قَالَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! أَفَلاَ أُبَشِّرُ النَّاسَ؟ قَالَ: لاَ تُبَشِّرْهُمْ. فَيَتَّكِلُوا).

[2] العباده فی الإسلام/ القرضاوی ل١١٤.

بەڕاستی دڵی مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەخوای گەورەیە، ئەم پێویستییەش لە ناخیدا هەیەو هیچ شتێک جێگاکەی پڕناکاتەوە، جگە لەپەیوەندیی چاک و تۆکمە بەخواوە. پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەم پەیوەندییە بە (شیرینی باوەڕ: حلاوة الإيمان) ناودەبات[1].

مرۆڤی بڕوادار بەئەنجامدانی نوێژو ڕۆژوو و حەج، بەیادی خواو قورئانخوێندن چاوی گەشدەبێتەوەو دڵ و دەروونی ئاسوودەو کەیفخۆشدەبێت. هەروەها خێرو چاکەو دەستگرۆیی خەڵکی خۆشحاڵیدەکات و تێکۆشان لەڕێگای خواو فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپەو بانگەواز بۆ ڕێگای خواو ئارامگرتن لەسەر دوژمنکاریی دوژمنان، هەموو ئەمانە خۆشییەکی تایبەتیی پێدەبەخشن، کە باسناکرێت و هیچ خۆشییەکی تری پێناگات و ئەوانەیشی لێبێبەشن هەستیپێناکەن[2].

٥-بەندایەتیی تاقیکردنەوەیەکی خواییە بۆ زاخاودانی مرۆڤ:

خوای گەورە دەفەرموێ: (تبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ)الملك/١و٢. واتە: فەڕو پاکیی و بێ خەوشیی بۆ ئەو خوایەیە کە هەموو دەسەڵاتێکی بەدەستەو بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە، ئەو خوایەی کە مردن و ژیانی خەلقکردووە تا ئێوەیان پێتاقیبکاتەوە کە داخۆ کێتان کاروکردەوەی چاکترە. خوای گەورە بەدەسەڵات و لێبوردەیە.. هەروەها دەفەرموێ: (أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ)ال عمران/١٤٢واتە: چما واتان دەزانی کە هەر ئاوا دەچنە بەهەشتەوە بێ ئەوەی خوای گەورە ئەو کەسانەتان دیاریبکات کە جیهادیان کردووەو ئەوانەشتان کە بە ئارام و پشوودرێژبوون.

---

[1] ئەمە فەرموودەکەیە: (ثلاثٌ من كنَّ فيه وجد بهنَّ حلاوةَ الإيمانِ . من كان اللهُ ورسولُه أحبَّ إليه ممَّا سواهُما . وأنْ يحبَّ المرءَ لا يحبُّه إلَّا للهِ . وأنْ يكرهَ أنْ يعودَ في الكفرِ بعد أنْ أنقذَه اللهُ منه، كما يكرهُ أنْ يُقذَفَ في النَّارِ) بوخاری (٤٣)، موسلیم (١٦).

[2] طريق الهجرتين وباب السعادتين/ ابن القيم ل٥٨.

کەواتە ناگونجێت ئەوانەی کە موجاهیدی تێکۆشەرن وئەوانەی کە دانیشتوون یەکسان بن هەروەها ئەوانەی کەتەمەڵن وحەساوەن و ئەوانەی کەئیشکەرن و ماندوون.

**<u>بڕگەی دەیەم: چەند بنەمایەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی مانای بەندایەتی:</u>**

**یەکەم:** بەندایەتی بۆ هیچ مەخلووقێک نابێت ئەنجامبدرێت. دەبێ هەر بۆ خوای گەورە بکرێت و بەس. خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ) الحج/٣٠و٣١ واتە: خۆ لە پۆخڵەواتی بت بپارێزن و توخنی شاهێدی درۆ نەکەون، خواویستانە رووتان لە خوای گەورە بێت و هاوبەش بۆ خوای تاکوپاک بڕیارنەدەن، حاڵی هەر کەسێک هاوبەشێک بۆ خوای گەورە دابنێت وەکو حاڵی ئەو کەسەی لێدێت کە لە ئاسمانەوە هەڵدێرابێتە خوارەوەو هەڵۆو داڵاش تێیئاڵابن، یان رەشەبا لوولی کردبێت و گەیاندبێتییە شوێنێکی دوور..

**دووەم:** بەستنی ئەو ڕێگایانەی کەمرۆڤ بەرەو (شرک) دەبات وەک ئەوەی گۆڕستان بکەیت بەمزگەوت، یا زیاد لەسنوور بەگەورە دانانی پیاوچاکان و سوێندو نەزرو قوربانیکردن بۆ جگە لەخوای گەورە.

**سێیەم:** ڕزگارکردنی مرۆڤ لەکۆتی شوێن: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (هەموو زەوی بۆ من کراوە بەمزگەوت. هەر کەسێک لە ئوممەتی من کاتی نوێژی هات، لەهەر شوێنێکدا بوو با لەو شوێنەدا نوێژەکەی بکات).[1]

---

[1] بوخاری (٤٢٧)، موسلیم (٥٢١). ئەمەش دەقی عەرەبی هەموو فەرموودەکەیە: (أُعْطِيتُ خَمْسًا لم يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي: نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا رَجُلٍ من أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ فَلْيُصَلِّ، وَأُحِلَّتْ لِي الْمَغَانِمُ ولم تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي، وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ، وكان النبي يُبْعَثُ إلى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إلى الناس).

**چوارەم:** دڵسۆزیی وبۆخوا کارکردن بنچینەی هەموو کارێکە. قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ( قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصا لَّهُ الدِّينَ)الزمر/١١واتە: بفەرمووە من فەرمانم پێکراوە کە خواوویستانە خوای گەورە بپەرستم و سەرڕاستانە هەر بۆ ئەو دینداریتیی بکەم.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: هەموو کردەوەیەک بەنییەتەوە هەموو کەس نییەتی چی بێت ئەوەی بۆ ئەنوسرێ[1].

**پێنجەم:** دەبێت بەندایەتیی بەو شێوەیە بێت کە خوا دایناوە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَّجْهَهُ لِلَّه وهو مُحْسِنٌ )النساء/١٢٥واتە: دینداریی کێ لە دینداریی ئەو کەسە ساغ و چاکترە کە بە تەواویی تەسلیم بە فەرمانەکانی خوای گەورەبووەو پیاوچاک دەرچووە پێیان؟! هەروەها دەفەرموێ: ا(لَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا)الملک/٢. واتە: ئەو خوایەی کە مردن و ژیانی خەلقکردووە تا ئێوەیان پێتاقیبکاتەوە کە داخۆ کێتان کاروکردەوەی چاکترە.

فوزەیلی کوڕی عیاز (فضیل کوڕی عیاض) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: (احسن عملاً) بەمانای دڵسۆزی و ڕاستیی کردەوەیە. پێیانوت: مەبەستت چییە لەدڵسۆزی وڕاستی! فەرمووی: ئەگەر کردەوە بەدڵسۆزییەوە (بۆخوا) کرا بەڵام بەگوێرەی فەرمانی شەرع نەبوو، ئەوە قبوڵ ناکرێت. بەپێچەوانەشەوە ئەو کارە قبوڵدەکرێت کە بەدڵسۆزیی بۆ خوا ئەنجامبدرێت و بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بووبێت.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي)[2] واتە: نوێژ بکەن وەک چۆن من دەبینن نوێژدەکەم. هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيه فَهُوَ رَدٌّ )[3]واتە: هەرکەسێک داهێنانێک (بیدعەیەک) بخاتە دینەمانەوە _کە نەیگرێتەخۆ_ ڕەفز دەکرێتەوە.

---

[1] دەقە عەرەبییەکەی: (إِنَّمَا الأعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى) بوخاری (١)، موسلیم (١٩٠٧).

[2] بوخاری (٥٥٧٨)، موسلیم (١٠٨٦).

[3] بوخاری (٢٥٥٠)، موسلیم (١٧١٨).

**شەشەم:** ئامادەکردن ولابردنی نارەحەتی بەسەر خەڵکەوە. ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر داکۆکی لەوە دەکات کە ئایین ئاسان بکرێت و زیادەڕەویی قەدەغەکردووەو رێی بە قورسکردنی دینداریی نەداوە. بە پێچەوانەوە ئاسانکاریی (روخسەت)ی لە زۆر بواردا کردووە.

**حەوتەم:** دەربڕینی بەندایەتییەکە خۆی لە خۆیدا مەبەستە. ئیمامی شاطبی دەفەرموێت: (بەندایەتیی دوو مەبەستی سەرەکیی و چەند مەبەستێکی پاشکۆی هەیە، مەبەستی سەرەکی ڕووکردنە خوای گەورەو بەتاک زانینێتی بەهەموو شێوەیەک. مەبەست لەم بەندایەتییە گەیشتنە بەپلەو پایەی دوارۆژو ڕازیبوونی پەروەردگارو نزیکبوونەوەی خۆشەویستی ئەو.. لەو مەبەستانەش کەپەیوەستن بە بەندایەتییەوە: چاکسازیی دەروون و دەستخستنی ڕەوشتی بەرزە).

**هەشتەم:** بەرفراوانی مانای بەندایەتیی:

بەندایەتیی بەو مانایەی کەباسمانکرد ئەمانە دەگرێتەخۆ:

ا-هەموو سرەوت و بزاوتێکی ژیان بەگشتی.

ب-هەموو کیان (بوون)ی مرۆڤ.

ئەم دوو خاڵە کەمێ پێویستیان بەلێدوان هەیە:

ا-بەندایەتیی هەموو ژیان دەگرێتەوە: ئەم خاڵە هەموو کارێکی چاک دەگرێتەوە، جا ئاشکرابێت یا پەنهانی وەک ئیمام (ابن تیمیه) لەمانای (العباده)دا باسی دەکات.[1]

هەروەها هەموو کارێکی ڕۆژانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کەپەیوەندیی بەژیان و کارەوە هەبێت، بەڵام بەچەند مەرجێک:

١-دەبێت کارەکە کارێکی ڕەوا بێت.

٢-نییەت و ویستی چاکی لەگەڵدا بێت.

٣-کارەکان بەرێکوپێکی ئەنجامبدات.

---

[1] العبودیه/ ابن تیمیه ل ٣٨.

٤-پەیوەست بێت بەسنوورەکانی خواوەو ناپاکیی و ستەمنەکات.
٥-کارە دنیاییەکان سەرقاڵی نەکات و وای لێبێت کارە ئایینییەکانی لەیادبچێتەوە.

بەم شێوەیە هەموو کارەکان دەبن بەعیبادەت. تەنانەت هاوسەرداریش ئەگەر نییەتی چاکی لەگەڵ بێت.

ب-بەندایەتیی هەموو کیانی مرۆڤ دەگرێتەوە (دڵ و زمان وئەندامەکانی لەش).

لەبەندایەتیی دڵ: دڵسۆزیی و پشتبەخوابەستن و خۆشەویستیی وئارامگرتن و گەڕانەوە بۆ لای خواو ترس و ئومێدبەخواو ڕاستیی و ڕازیبوون بە بەشی خواو فیزنەکردن ولوتبەرزنەبوون و چاونەبڕینە ماڵی خەڵکی و دوڕوویینەکردن و . هتد.

لەبەندایەتیی زمانیش: وتنی شایەتمان و خوێندنی قورئان و یادی خواو فەرمانبەچاکە و بەرگری لەخراپەو خوێندن و ڕاستگۆیی وشایەتیدان و بەگژاچوونی بیدعەو کارە ناڕەواکانی وەک تۆمەتبارکردنی خەڵکی و گاڵتەکردن پێیان ودرۆکردن و . هتد.

لەبەندایەتیی ئەندامەکانیش: گوێ: دەبێت هەوڵبدات شتی بەکەڵک ببیستێت، وەک ئەو شتانەی خواو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان خۆشەو دووربێت لەو شتانەی کە پێچەوانەی شەرعن.

چاو: دەبێت هەوڵبدات بەکاری بهێنێت بۆ تەماشاکردنی قورئانی پیرۆزو هەموو ئەو کتێبانەی کەبەکەڵکن و تەماشای دروستکراوەکانی خوا. هەروەها چاو بپارێزێت ..

بەو شێوەیە هەموو ئەندامەکانی تریش.

**<u>بڕگەی یازدەیەم: ئایینی ڕاست ودروست وگرنگییەکەی:</u>**

ئایین کامەیە؟

بەگوێرەی فەرهەنگەکان وشەی (دین) بەچەند واتایەک هاتووە لەوانە:

١-پاشایەتی ودەسەڵات وحوکمڕانی.

٢-ملکەچی و بەندایەتیی.

٣-پاداشت وپرسینەوەو سزادان.

٤-ڕێبازو پرۆگرام.

خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلامُ)ال عمران/١٩ واتە: دینێک کە بەرنامە بێت بۆ ژیانی تاکوکۆی مرۆڤایەتی ولای خوای گەورە پەسەندبێت، هەر ئیسلامە. هەروەها دەفەرموێ: (قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي)یوسف/١٠٨واتە: بفەرموو ئائەمە ڕێبازەکەی منە، خۆم و ئەوانەی شوێنکەوتوومن _بەرچاوڕۆشنانە_ خەڵکی بۆ ئەم ڕێبازە بانگهێشت دەکەین

ئەوەی لەم دوو ئایەتە ورد ببێتەوە بۆی دەردەکەوێت کەمەبەست لە (دین) تیایاندا مانای چوارەمە.[١] واتە: مەبەستی لە (دین) پرۆگرامی تایبەتە بۆ ژیان و ئەو تەرزە بیرکردنەوە و کارکردنەیە کە نموونەییە.

لەقورئاندا وشەکە بە نەناسراو (نکرة) نەهاتووە بەڵکو ناساندویەتی. مەبەست لێی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەو داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە ئایینی ئیسلام نەک تەنها بەرنامەی ژیانەو بەس، بەڵکو تاکە بەرنامەی ڕاست وڕەوایە کە شیاوی ئەوەی هەبێ ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر دابمەزرێت.

---

[١] ووشەکە قورئانییەو گشتگیری هەر چوار ماناکەیەو هیچ دژایەتییەک لە نێوانیاندا نییە. نەدەبوو نووسەرانی بەڕێز لەمە غافڵبونایە کە بە تایبەتی ئەوان ئیخوانن و هەمووشیان کتێبی چوارزاراوەکەی قورئانیان (لە نوسینی ئیمامی مەودوودی مەزن) خوێندۆتەوە. ووشەی دین لەو ووشە عەرەبیانەیە کە پێی دەڵێن؛ (الأضداد) واتە ئەو ووشانەی مانایەک و مانای دژیشی دەدەن . وەکو ووشەی (مولی) کە بۆ (سەید) و بۆ (کۆیلە)یە. دینیش وایە. بە مانای هێزی بەدەسەڵاتی ناچارکارە (کە وەسفی ناساندنی بۆ خوای گەورە) ئەمە (**عەقیدە**)کەیە.. مانای پێچەوانەکەشێتی: واتە: کۆیلەو زەبوونی ژێردەست (کە وەسفی ئێمەی مرۆڤە) ئەمەش مانای (**عیبادەت**)ەکەیە.. ئینجا مانای سێیەم دێت کە بەرنامەی ژیان و دەستووری ئاڕاستەی تاکوکۆی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە .ئەمەش (**شەریعەت**)ەکەیە. بە قەدەر پابەندبوونمان بەمەوە (کە دینداریتییەکەیە) مانای چوارەممان دەمانگرێتەوە کە :پاداشت یان سزا وەرگرتنەوەیە.. بە هەموو ئەم مانایانەیە کە خوای گەورە لە سوورەتی مەدەنییدا دەفەرموێ: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلامُ)ال عمران/١٩).

ئەوەش لەیادنەکەین کە قورئانی پیرۆز وشەی (دین) لەمانایەکی تەسکدا بەکارناهێنێت بەڵکو مەبەستەکەی بەربڵاوترە لەوەی کەخەڵکی پێشبینی دەکەن.. مەبەست لەبەرنامەی ژیان سەرتاپای ژیانی ئادەمیزادە، نەک لایەنێکی ژیانی. هەروەها مەبەستیشی لەبەرنامەی ژیان بەرنامەی یەک تاک نییە، یا یەک کۆمەڵگە، یایەک چەرخ و سەردەم، بەڵکو بەرنامەی سەرجەم مرۆڤایەتییە، بەهەموو ڕەگەزو نەژادو شوێن و چاخێکەوە.

خاڵی یەکەم: ئایا ئایین پێویستییەکی مرۆڤایەتییە؟

هەر کارێک مرۆڤ دەستی پێدەکات پێویستە لەسەر بنەمایەکی بەهێز بێت لە بیروبۆچوون و ڕاو مەشورەت، کە ئامانجی کارەکەی بۆ دیاریبکات و هەنگاوەکانی بەرجەستەبکات پێشدەستپێکردنی.

هەر کارێک بەبێنەخشە بکرێت ئەوا سەرکەوتوونابێت و هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەگەڵیدا دەدرێت بەفیڕۆدەچێت. بۆیە پێویستە هەموو کارێک کە دەستی پێدەکرێت لەسەر بنەماو بیرو باوەڕێکی تۆکمەو قایم بنیاتبنرێت.

کەواتە مرۆڤایەتی پێویستی بەئایینێک هەیە کە ڕێگای ڕاست و دروستی پێنیشانبدات هەتا نەکەوێتە هەڵەوە لەژیانیدا. هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ ئایین نەبووەو نییە.

خاڵی دووەم: مەرجەکانی ئایینی ڕاست ودروست:

پێویستە ئەو ئایینەی کە پێویستییەکانی مرۆڤ (بە بەرنامەو ڕێباز) جێبەجێدەکات چەند مەرجێکی تێدابێت:

١-دەبێت دانەرو خاوەنەکەی ئاگادارو شارەزابێت لە مەبەست لە دروستکردنی ئادەمیزاد لەسەر زەویدا.. دەبێت ئەو ئاینەی کە بۆی هەڵدەبژێریت ئامانجی گشتیی لەژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەربخات و پلەو ڕۆڵ و شوێنی مرۆڤ لەم بوونەوەردەدا دیاریبکات.

٢-دەبێت دانەری ئایین بەئاگابێت لەهەموو وردو درشتێک، کە پەیوەندیی بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ئادەمیزادەوە هەیە، تا بتوانێت ئایینێکی گشتگیردابنێت، کە هەموو لایەنەکانی ژیان (دەروونی وبیریی و ڕەوشتیی وسیاسیی وئابووریی وجەنگیی و یاسایی وخێزانیی و هیتر.) بگرێتەوە.. چونکە ژیان هەمووی بەیەکەوە بەستراوە، بە کارلێکردنی ئەم لایەنانە ژیانی ئادەمیزاد ڕێکدەخرێت. هەموو ئەم لایەنانە پەیوەندییەکی بەهێزییان بەیەکەوە هەیە، کەناکرێت لەیەک جیابکرێنەوە. لەڕاستیدا لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزاد

زۆر پەیوەستن بەیەکەوەو ناکرێت لایەکی بگرین و لاکانی تری پشتگوێ بخەین. وەک ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ وایە کە هەر هەموویان پەیوەستن بەیەکەوەو ناکرێت ئەندامێکی لاببەین یاگوێی نەدەینێ.

٣-دەبێت ئەو ئایینە بەردەوام و پایەداربێت. بەشێوەیەک کە چارەسەری هەموو هەڵسوکەوتێکی ئادمیزاد بکات و کارەساتی ڕۆژگار کاری تێنەکات.. لەهەمان کاتیشدا دەبێت (ئاسان) بێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ هەموو چەرخ و سەردەمێکدا بگونجێت و خەڵکی ناچارنەبن کەئایینەکەیان هەموو ڕۆژێک یان هەموو ساڵێک بگۆڕن.

جا ئەو تایبەتمەندییانە کاتێک دێنەدی کە ئەم دوو خاڵەیان تیا ڕەچاوبکرێت:

ا-دەبێت یاساو حوکمەکانی پەیوەستبن بە سروشتی ئادەمیزادەوەو خۆڕسک بن، چونکە ئەو تایبەتمەندییانە نەگۆڕن، لەئادەمەوە (علیه السلام) هەتا کۆتایی مرۆڤایەتی هەمان شتن.

ب-دەبێت لەشێوەی چەند یاسایەکی گشتیدا دابڕێژرێت، بەتایبەت لەو شتانەی شێوەکانیان جیاوازە.

٤-دەبێت دانەری ئایین ئاگادارییەکی وردی هەبێت سەبارەت بەو شتانەی کە کاردەکەنە سەر دەروونی مرۆڤ، لەکارلێکەرە جیاوازەکان بەچاک و خراپەوە.

٥-دەبێت هاندان و پاڵنەری تێدا بێت، تا ببنە پاڵنەری ناخی خەڵکی تا کارەکان ئەنجامبدەن، ئەگەر هاندان و ترساندن لەبەرچاوی خەڵکەکەدا نەبن بیروباوەڕو دەستوورو ئایین پەیڕەوی ناکرێن.

<u>خاڵی سێیەم: ئادەمیزاد ناتوانێت ئایینێکی ڕاست ودروست بۆ خۆی دابنێت:</u>

ئادەمیزاد ناتوانێت ئایینێکی ڕاست ودروست بۆ خۆی دابنێ لەبەر چەند هۆیەک:

١-ئادەمیزاد ناتوانێت مەبەستی گشتی دروستبوونی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو بزانێت، واتە ناتوانێت ئاگای لەسەرەتاو کۆتایی ئادەمیزاد بێت. بۆیە ئەگەر ڕێدرا ئەو بەرنامەی دابڕێژێت، حەتمەن بەکەڵکی هەموو مرۆڤایەتی نایەت.

٢-ناتەواویی زانیاریی مرۆڤ. وەک ئاشکرایە هیچ کەسێک یا کۆمەڵێک ناتوانێت لاف ئەوە لێبدات کە ئاگاداری هەموو وردەکارییەکی ناو دەروونی ئادەمیزادە، یا ئاگاداری چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ئەوە، چونکە ئەمە لەتوانای مرۆڤدا نییەو هەتا ئێستا زانیاری پەی بەو مەسەلەیە نەبردووەو نایبات.

٣-لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد تەنها ئاگاداری ئەو کاتەیە کە تێیدا دەژی و ئاگاداری پاش خۆی نییەو نازانێت لەپاشەڕۆژدا چی ڕوودەدات. بۆیە ناتوانێت خۆی بۆ خۆی ئایینێک دابنیت کە گونجاو بێت لەگەڵ هەموو بارودۆخێکداو وا بێت کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوەو ئاگاداری وردەکاریی ناو دەروون و دەرەوەی ئادەمیزادو شارەزای بەرژەوەندی دنیاو پاشەڕۆژی مرۆڤ بێت.

لەکۆتایی ئەم چەمکی یەکەمدا لەم چەند ڕاستییە ئاگادار دەبینەوە:

١-مرۆڤ خوای خاوەنی بوونەوەرەو ئەو بەدییهێناوە.

٢-مرۆڤ لەخۆڕا نەهاتوەتە دیی و ئەرکێکی گرنگی پێسپێرراوە.

٣-ئەو ئەرکەش (خۆ پەروەردە کردن) و (ئاوەدانکردنەوەی زەوی)یە، کە دەبێتە بەندایەتیی (العبودیە).

٤- ئەرکی بەندایەتیی تەنها بەپەیڕەوکردنی ئایینی خوا ئەنجامدەدرێت.

بۆ چاک پەیڕەوکردنی ئیسلامیش پێویستە ئاکارو تایبەتمەندییەکانی بزانین.

جا فەرموون بۆ (چەمکی دووەم) و تێگەیشتن لەتایبەتمەندیی و (خصائص)ی ئیسلام.

# باسی دووەم

## تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام

## باسی دووەم

# تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام

**برگەی یەکەم: ئیسلام بەرنامەیەکی خوا ییە (الربانیة):**

ئاشکرایە کەئاینی بەرزی ئیسلام لەلایەن پەروەردگارو بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەوە رەوانەکراوە، کە داوا لەئیمانداران دەکات هەوڵبدەن سەر بەو زاتەبن و کەسانی تریش لەو مەبەستە شارەزا بکەن. ئەم تایبەتمەندییە (خوایی)یە لەدوو خاڵدا دەردەکەوێت:

١-بۆ خوا ژیان و بۆ ئەو هەوڵدان، لەهەموو ئاوات و ئامانج و هەڵسوکەوتێکداو هەوڵدان لەپێناویدا.

٢-بەرنامەو پرۆگرامی ژیانیش هەر لەو وەربگرێت.

جا لێرەدا لەخاڵی دووەم دەدوێین:

خاڵی یەکەم: سەرچاوەو بەرنامەی خوایی:

مەبەست لەبەرنامەی خوایی ئەو بەرنامەیەیە کەئیسلام نەخشەی بۆ داڕشتووە تا لە رێگەیەوە بگاتە ئامانج و مەبەستەکانی. ئەو بەرنامەیەش خۆی لەخۆیدا بێگەردە، چونکە لەزاتی پەروەردگارەوە بۆ دواهەمین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رەوانەکراوە.

ئەم بەرنامەیە لەسەر داخوازیی و ویستی کەسێک یابنەماڵەیەک یاچینێک یا گەلێک رەوانەنەکراوە، بەڵکو ویستی خوای لەسەر بووە، کە رێنمونی خەڵکی پێبکاو رووناکیبەخش و مژدەدەرو شیفاو رەحمەت بێ بۆ هەموو نەوەکان. هەر وەک فەرموویەتی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا) النساء/١٧٤ واتە: ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەو بەرنامەی روون و ئاشکراتان بۆ رەوانەکراوەو نوورو رووناکییەکی ئاشکرامان بۆ دابەزاندوون، روو بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) الانبیاء/١٠٧ واتە: ئێمە تۆمان هەر بۆ ئەوە رەوانەکردووە تا ببیتە رەحمەت ومیهرەبانی بۆ هەموو جیهانیەکان.

هەروەها فەرموویەتی (كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ)ابراهیم/١ واتە: ئەم قورئانە کتێبێکە کە دامان بەزاندووە بۆ تۆ تا خەڵکی _بەئیزنی پەروەردگاریان_ لەتاریکستانەکانەوە دەربێنیت و بیانخەیتە ڕووناکییەوە تا بیانهێنیت بۆ ڕێبازی ئەو خوایەی کە باڵادەستەو شایانی سوپاسە.

خاڵی دووەم: ڕۆڵی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەم بەرنامە خوییەدا:

ئاشکرایە بەرنامەی ئیسلام بەرنامەیەکی خواییە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر ئەو زاتە دایناوەو هەر ئەو نەخشەو سنووری بۆ داناوەو ڕۆڵی پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم هەر ئەو دیاریکردووە. کە دەوری وەرگرتنی پەیامی خواییە لەسەرێکەوەو لەسەرێکی ترەوە گەیاندنەوەیەتی بە حیکمەت و دانایی: (وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا)الشوری/٥٢واتە: ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ڕۆحێک (پەیامی قورئان)مان بۆ ناردیت. کەدڵە مردووەکانی پێ زیندوودەبێتەوە. هەروەها: (إِنْ هُو إِلاَّ وحْيٌ يُوحَى)النجم/٤ ئەم بەرنامەیە (وەحی) و نیگایەو ڕەوانەدەکرێت و دەگەیەنرێت.

بێگومان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بانگخوازە بۆ ئەو بەرنامەیەو ڕوونکەرەوەیەتی. لەروانگەی قورئانەوە بەئاشکرا دیارە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەندەیەکی فەرمانبەردارەو لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵاوە فەرمانی پێدەدرێ. لەکاتێکدا ئەگەر هەڵەیەکی لەدەست بترازێ خوای گەورە لۆمەیدەکات. هەر وەک لەبەسەرهاتی (ابن مکتوم) و دیلەکانی بەدرو بەسەرهاتی (زەینەب)دا دەردەکەوێ. ئاشکرایە کەئەمانەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەکەنەوە کەقورئان فەرموودەی پەروەردگارەو محمد صلی الله علیه وسلم ئەوەی لەسەرە کە:

١-وەربیگرێت وبیپارێزێت: (سَنُقرؤُكَ فَلا تَنسَى)الاعلى/٦واتە: ئێمە دەیخوێنینەوە بەسەرتدا ئیتر بیرت ناچێتەوە.

٢-گەیاندن و بانگکردنی خەڵکی بۆی: (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَه)المائدە/٦٧واتە: ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوە پێت گەیشتووە ڕای بگەیەنە خۆ ئەگەر وا نەکەیت ئەوە مانای وایە کەپەیامت نەگەیاندووە و پشت گوێت خستووە.

٣-ئاسانکردن و روونکردنەوە. هەروەک دەفەرموێ: (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ)النحل/٤٤ واتە: ئێمە قورئانمان بۆ ئەوە رەوانە کردووە تا ئەو بەرنامەیە بۆ خەڵکی روونبکەیتەوە کەلەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان رەوانەکراوە، بەڵکو بیریکەنەوەو تێفکرن.. جا سوننەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەتەواویی قورئانی روونکردۆتەوەو ئەوەش کە راوبۆچوونی تایبەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بووبێ _ئەگەر لەگەڵ قورئاندا هاوئاراستەنەبووبێ_ ئەوە خوای گەورە قورئانی ناردووەو راستی کردۆتەوە حەقیقەتی روونکردۆتەوە.

<u>خاڵی سێیەم: جیاوازی ئیسلام و ئەو بەرنامەو پرۆگرامانەی کە ئێستا لە جیهاندا هەن:</u>

ئەو بەرنامانەی کە ئەمرۆ لەسەر زەویدا پیادەدەکرێن دووجۆرن:

**<u>یەکەم: بەرنامەی خوایی</u>** کەخۆی لەئیسلامدا دەبینێتەوە:

ئیسلام تاکە بەرنامەیەکە کەئەمڕۆ لەسەر زەویدا هەبێ، کە سەرچاوەی فەرموودەو گوفتارە شیرین وبەجێ وپڕ لەحیکمەتەکانی خوای میهرەبان بێت و دووربێ لەهەموو دەسکاریی و کاڵ وکرچی وگۆڕانکاریی و لادان و خەیاڵاتی بەشەریی.

**<u>دووەم: بەرنامەی بەشەریی</u>** کەسەرچاوەکەی بیرکردنەوەی عەقڵی ئادەمیزادە. ئایینە دەسکاری کراوەکان دەچنە ئەم ریزەوە، هەر چەند لەبنەڕەتدا خوایین. بەڵام ئەوەندە دەسکاریکراون وگۆڕانکاریان بەسەردا هێنراوەو شیوێنراون، متمانەیان پێناکرێ و پشتیان پێنابەسترێ و دوورنییە لەکاریگەری بەشەریی و بگرە زۆربەی بە ویستی مرۆڤەکان دەستکارییکراوە.

ئیسلام ئاینێکی تاقانایە کەمتمانەی تەواوی پێدەکرێ و سەرچاوەکەی لەدەستکاریی بەشەرەوە دوورە.. چونکە خوای گەورە خۆی بەڵێنی پاراستنی قورئانەکەی بە پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم و ئوممەتەکەی داوە، کەفەرموویەتی: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وإِنَّا لهُ لحَافِظُونَ)الحجر/٩واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوەو خۆشمان پاریزگاری ئەوین.

<u>ئیسلام بەرنامەی پاک وپوخت وبێگەردی پەروەردگارە:</u> ئیسلام لەسەداسەد بەرنامەی پەروەردگارە. لەعەقیدەو بیروباوەڕدا لە پەرستن و عیبادەتدا، لەو سنوورانەی کەدایناوە بۆ هەڵسوکەوت و رەوشت، هەروەها لەیاساو بەرنامەیدا. ئەمانە هەمووی لەرووی بنەماو بناغە گشتییەکانیانەوە خوایین. جا لێرەدا تەنها لە لایەنی عەقیدە دەدوێین، لەرۆشنایی فەرموودەکانی خواوەند خۆیەوە، کە سەرچاوەی هەموو راستیەکانەو سوننەتی راستی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم.

بیروباوەڕی ئیسلامی بەرهەمی دەستەیەکیان تاقمێک یان پاپایەک نییە. بۆ هیچ یەکێک لەقوتابیەکانی محمد صلی الله علیه وسلم یا بۆ هیچ زانایەکی ئیسلام نییە کەدەسکاری ئیسلام ـبەزیادکردن یا کەمکردنـ بکات وەکو لە دیانێتییدا (پۆڵس) بەئارەزووی خۆی دەسکاری بیروباوەڕی گاورێتی کرد! تا وایلێهات لەرۆژئاوادا پێی دەڵێن: ئایینی (پۆڵس) نەک ئاینی عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێبێت. هەروەها بۆ هیچ کۆمەڵ وکۆنگرەیەک نییە دەستکاری عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلام بکات، وەکو کە دەستکاری ئایینی گاوری کراوە، کە دەسەڵات دراوە بەپاپا تا بە ئارەزووی خۆی شت حەڵاڵ یا حەرام بکات.

<u>سەرچاوەی عەقیدەی ئیسلامی هەر (وەحی) پەروەردگارەوبەس.</u>

لەراستیدا مەسەلەی عەقیدەو بیروباوەڕ شتێکی سادەنییە، بەڵکو بابەتێکی زۆر گرنگەو لە بوونەوەرو پەروەردگاری بوونەوەر دەدوێ، لەزانی پەروەردگارو لەناوە پیرۆزەکانی، لەسیفات وتایبەتمەندییەکانی، لەجیهانی نادیارو لەداهاتووی ژیان و ئادەمیزاد دەدوێ، هەروەها لەجۆرەکانی پاداشت و شێوەکانی دەدوێ، لەو شتانەی کە هەستی پێناکرێ و لەم ژیانەماندا بەتەواوی لێی تێناگەین.. لەروانگەی عەقیدەوە پەرستن و رەوشت و، بەرنامەو پرۆگرام دیاریدەکرێ، چونکە هەر هەمووی لە پەروەردگارەوە سەرچاوەی گرتووە.

<u>شوێنەواری ئەم تایبەتمەندی یە</u>

بێگومان کاتێک دڵنیابووین لەوەی کەئایینی ئیسلام لەسەرچاوەی پیرۆزی ئاسمانییەوە هاتووە، ئەمە شوێنەواری زۆری لەسەر هەموو ئەو یاسایانە دەبێ کەلێوەی دەردەچێ و لەسەر دڵ و دەروونی ئەو کەسانەش کەئەنجامی دەدەن. هەموو ئەمانەش بەو هۆیەوە کە پەروەردگار بەهەموو سیفاتی تەواویی خۆی رازاندۆتەوە، لەبەر ئەوەیە بەرنامەکەشی

هەر وایە. بەڵام بەرنامە مرۆییەکان بەئاشکرا کەم و کووڕی و لارووێری و لایەنگیری تیا بەدی دەکرێ.

دەکرێ هەندێ لەو لایەنانەی جەختدەکەنەوە کە ئیسلام بەرنامەیەکی خواییەو حیکمەتی خوایی پێوە دیارە، لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

**١-دووری لە زیادەڕەوی و ناڕێکیی:**

ئەم تایبەتمەندییە تەنها لەئایینی خوادا بەدی دەکرێ، بەپێچەوانەی بەرنامە مرۆییەکان.

لەماوەی هاتنەخوارەوەی قورئاندا کە ٢٣ ساڵی خایاندووە بۆ سەر پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار صلى الله عليه وسلم بەئاشکرا دەبینین کەچەندە یاساکانی ڕێکوپێکن، چەندە تێهەڵکێشن، چەندە هاوسەنگن، چەندە میانڕەون. هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەوەوەیە کە لەپەروەردگاری داناو زاناوە هاتووە. ئەم تایبەتمەندییەی ئیسلام لە یاساکانییدا وایکردووە کە دووربێ لە هەموو ناتەواویی و کەم وکوڕییەک، کە لەبەرنامە زەمینییەکاندا وەک نوقسانیی زگماکیی بەردەوام دەردەکەوێت. دەبینرێت کە یاسای بەشەریی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، لەپرۆژەیەک بۆ پرۆژەیەکی تر جیاوازە، چونکە تاکەکانی یەک خێزان وەک یەک بیرناکەنەوە، چجای بەرمەندانی وڵاتێک! تەنانەت بیروبۆچوونی کەسێک ساڵەو ساڵ لە گۆڕاندایەو لەشوێنێک بۆ شوێنێکی تریش دەگۆڕێت.

هەر ئادەمیزاد خۆی لەکاتی تووڕەییدا رای بەرامبەر کێشەیەک جیاوازە وەک لە کاتی ئاساییدا، یان لەکاتی پێویستی و لو کاتی تێرییدا. زۆر لەیاسا مرۆییەکان توندڕەون، هەیانە زۆر گرنگی بەتاک دەدات لەسەر حسابی کۆمەڵ و هەشیانە گرنگی بەکۆمەڵ دەدات لەسەر حسابی تاک. هەیە گرنگی بە پەروەردەی رۆح دەداو جەستە فەرامۆش دەکات، هەیشە بەپێچەوانەوە. هەموو ئەم ناڕێکیانەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەو یاسایانە بەرهەمی بیرو کۆششی ئادەمیزادن کە لە راستییدا کاردانەوەی کەسێکە یا کۆمەڵە کەسێکە.. لەبەرئەوە چەندە لەفەیلەسوفەکان دڵسۆزانە گەڕابن بەشوێن حەقیقەتدا، نەیانتوانیوە بڵێن کاریەگەریی زمان و ژینگەی خۆیان و پەروەردەو سیفاتی تایبەتی

کەسایەتی خۆیان لەسەر دیدو تێڕوانینەکانیان یان لەسەر بەرنامەو نەخشەکانیان نەبووە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازی راوبۆچوونی جۆراوجۆر لە سیفاتی سروشتی بەشەرییە. خوای گەورە راستی فەرمووە کاتێ کە ئاماژە بۆ تێرو تەواویی قورئانەکەی دەکات، دەفەرموێ: (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا)النساء/٨٢ واتە: ئەرێ بۆچی لەو قورئانە ووردنابنەوە کە ئەگەر لە لایەنی غەیری خوای گەورەوە بووایە بە تەئکیید راجوێیی زۆریان تێدا دەبینی.

**٢-دووریی لەکەموکوڕیی و ناتەواویی و نەزانیی وستەم و ئارەزوو پەرستیی:**

ئاشکرایە کە بەرنامەی ئیسلام دوورە لەهەموو کەموکوڕییەک و ناتەواویی و زوڵم و ستەمێک و لەهەموو لایەنگیریی وئارەزووپەرستییەک، کە لەبەرنامە مرۆییەکاندا بە ئاشکرا بەرچاودەکەوێت، هەرچەندە خۆ وا پیشانبدەن کە دادپەروەرو بێلایەنن. ئەوەتە خوای گەورە فەرمانی بەداود پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت داوە کە دادپەروەربێت: (يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ)سوورەتی ص/٢٦ واتە: ئەی داود ئێمە تۆمان کردۆتە جێنشین لەزەویدا بۆ ئەوەی لەسەر حەق وراستیی فەرمانڕەوایی بکەیت ، شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا لە رێبازی خوا لاتنەدات و سەرگەردانت نەکات.

هەڵبەتە رێبازی خوا، رێبازی حەق و دادپەروەرییەو دوورە لەهەموو لادان و ستەمێک، چونکە ئێمە کاتێک سەرنجی بەرنامەی پەروەردگار دەدەین بەهیچ شێوەیەک کەم وکوڕی تیا بەدی ناکەین، لایەنگری بۆ هیچ گەڵ و هۆزێک تیا نابینین، یا بۆ رەنگ و چینێک یا بۆ خەڵکی شار یا بۆ دەشتەکی و دێهاتی. بەڵام کاتێ سەرنجی بەرنامە زەمینییەکان دەدەین بەئاشکرا دەبینین کە چۆن لایەنگیری زوڵم وستەمی تیا بەدی دەکرێ. هەر چەندە هەوڵبدەن کەموکوڕییەکان کەمبکەنەوە هەرگیز ناتوانن. جا گرنگترین ئەو بنچینانەی کەشەریعەتی ئیسلام گرنگیپێداوە یەکسانییە لەنێوان هەموو گرۆی ئادەمیزادا، لەبەرامبەر یاساو ماف و،ئەرکەکاندا. ئەم راستییەشی پیادەکردووە بێگوێدان بە رەنگ و رەگەزو ماڵ وسامان و. هتد.

ئەوەتە کاتێ ئوسامەی کوڕی زەید ویستویەتی پاکانە بۆ ئافرەتێک بکات، کەدزیی کردبوو، شایستەی ئەوەبوو کەدەستی ببڕدرێ ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تووڕەبوو فەرمووی: (أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ .... وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَ)[١] واتە: ئایا تکا دەکەی بۆ ئەوەی لەیاسایەک لە سزاکانی خوا ئەنجام نەدرێ ئەی ئوسامە؟ بەخوا ئەگەر فاتیمەی کچی محمد صلى الله عليه وسلم دزی بکات دەستی دەبڕم!

هەروەها دەگێڕنەوە کەکاتێ (عەمر)ی کوڕی (عاس) والی میسر بووە کوڕەکەی پێشبڕکێ ی کرد لەگەڵ کوڕی هاووڵاتیەکی (قیبتی)دا سەرەنجام کوڕی هاووڵاتیەکە لەپێشبڕکێ کەدا پلەی یەکەمی هێنا، بەڵام کوڕەکەی (عەمر) خۆی سەغڵەت کردو ئازاری کوڕی قبتیەکەیدا باوکی کوڕە هەستدەکات ستەم لەکوڕەکەی کراوەو دەشزانێ خەلیفەیەکی دادوەر هەیە کە (عومەری کوڕی خەتتاب)ە خوالێی رازی بێت لەبەر ئەوە لەوێوە بەرەو مەدینە دەکەوێتەڕێ بۆ ئەوەی حەقی بۆ بسێنرێ.. بێگومان دەست بەجێ خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب) خوالی رازی بێت دەنێرێ بەشوێن (عەمر)و کوڕەکەیدا. کاتێ دەگەنە جێ، فەرمان دەدات بەکوڕە (قیبتیەکە) حەقی خۆی لێبکاتەوە. ئەوجا ئەم گوفتارە بەناوبانگەی فەرموو: (متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم امهاتهم احرارا)[٢] واتە: ئەوە

---

[١] بوخاری (٦٤٠٦)، موسلیم (١٦٨٨).

[٢] ئەمە بەسەرهاتێکی بەناوبانگەو زۆر گوێمان لێبووە، لە ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت ریوایەتکراوە، بەڵام لە رووی سەنەدییەوە هەندێک توێژەرەوە قسەیان لەسەرپیاوانی سەنەدەکەی کردووە کە کەسێکی لاوازی تێدایە.. ریوایەتەکە ئیبنوعەبدولحەکەم کە (ثقە)یە لە ئەسەدی کوڕی مووساوە (کە ثقەیە) لە ئەبوعەبدە یوسف بن عەبدەوە لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە کوڕی کابرای قیبطی هاتە خزمەت سەیدنا عومەر... ئیتر باقی چیرۆکەکەیە. لەم ئەبوعەبدەیەدا رای جیاواز هەیە. ئیبنوموعین و ئیبنوحیببان و ذەهەبی دەفەرموون (ثقە)یەو العوقەیلی دەفەرموێ: (لە مناکیر) ئیبنوحەجەر دەفەرموێ (فیە لین).. لەبەر ئەوەی باسەکەش لە عەقیدەو ئەحکامدا نییەو لە بازنەی ئامۆژگارییدایە، بەردەوام ئامۆژگاریی پێکراو بە تایبەتی کە لەگەڵ سیرەی سەیدنا عومەریشدا خوا

لەکەیەوە خەڵکیتان کردووە بە بەندەی خۆتان؟! خۆ ئەوان بەئازادی لەدایکبوون. ئەگەر سەیرێکی بەرنامەکانی ئەم سەردەمە بکەین دەبینین کەمرۆڤ تێیدا دەچەوسێنرێتەوە. ئەوەتا لە ئەمریکا کەزلهێزی سەردەمەو بەناو پێشکەوتووە هەتا ئێستاش بەچاوی سووک سەیری رەشپێستەکان دەکەن قوتابخانەو کڵێسەو گۆڕستانیان جیایە.

**٣-رێزدانان و پیرۆزی فەرمانەکان و ئاسانیی ملکەچبوون:**

لەبەرهەمەکانی خواییبوونی بەرنامەی ئیسلام ئەوەیە کە پیرۆزی و رێزێک بەرپادەکات لەبەرنامەو یاساکانی دا کە هەرگیز لەبەرنامە بەشەریەکاندا نابینرێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئیماندار لەناخی دەروونییەوە هەستدەکات کە پەروەردگاریی لەهەموو سیفاتێکیدا لەوپەڕی کەماڵدایەو دوورە لەهەموو و ناتەواوییەکەوە. لەبەر ئەوەیە بەرنامەکەشی دوورە لەکەموکوڕیی، چونکە نێرراوی خواوەندە کە هەموو شتێکی بەچاکیی ورێکوپێکیی دروستکردووە. هەروەک خوا فەرموویەتی: (صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ) النمل/٨٨ واتە: دروستکراوی ئەو خوایەیە کە هەمووشتێکی بە جوانی خەلقکردووە. ئەمە وا لەئیماندار دەکات کە رێزی تایبەتی هەبێ بۆ هەموو فەرمانێک و بەئاسوودەییەوە ئەنجامیبدات و بەپەلە بچێت بەپیرییەوە.

لەخوارەوە دوو نموونەی بەپێز دەخەینە بەرچاو _کەلەسەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هاتووە_ کەبەدەمەوەچوونی فەرمانی خوا ڕووندەکاتەوە لەلایەن ئیماندارانی ئەو سەردەمەوە.

یەکەمیان: کاتێ دوا ئایەت دەربارەی حەرامکردنی شەراب هاتەخوارەوە، کە لە کۆتایی یەکەیدا دەفەرموێ: (فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ)المائدە/٩١ واتە: ئایا ئیتر بەسەو کۆتایی پێدەهێنن؟! هەرکەسێک کە ئەم ئایەتەی دەبیست خێرا _ئەگەر پێکی شەرابەکەشی

لێی رازی بێت یەک دەگرێتەوە کە لوتکەی دادپەروەریی بووە. لەم روانگەشەوەیە کە ئیمامی سیوطی لە (جامع الأحاديث مسند عمر بن الخطاب) و السيد المتقي الهندي لە (كنز العمال ٦٦٠/١٢)دا هێناویانەتەوە بە بێ ئاماژەکردن بە سەنەدەکەی. وانازانم ریوایەتەکە زەعیف بێت چونکە (لە مناکیر) حەزەردانە نەک لاوازکردنی راوی. ریوایەتەکەش پسان لە سەنەدەکەیدا نییە والله اعلم.

بەدەستەوە بوایە_ فڕێی دەدا! هەرچی شەرابیان هەبوو لەماڵدا هەموویان ڕشتە کۆڵان و بەزمانی حاڵ و بەکردەوەش وتیان: بەڵێ ئەی پەروەردگارمان.. دەستمان هەڵگرت. بەڵام لەسییەکانی سەدەی ڕابوردوودا کاتێ ئەمریکا ویستی بەرهەڵستی شەرابنۆشیی بکات، هەرچی توانای بوو خستیەگەڕ، کەشتییەکان چاودێری قەراغ دەریایان دەکرد، فڕۆکە چاودێری ئاسمانی دەکرد، ڕاگەیاندن لەخزمەت ئەم کارەدابوون، بەکتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە، هەروەها کۆڕو وتاری زۆر پێشکەش کراو لەو سەردەمەدا (٦٠,٠٠٠,٠٠٠)شەست ملیۆن دۆلار لەپڕۆپاگەندەدا خەرج کرا (٣٠٠)کەس لەسێدارە دران (٥٣٢_٣٣٥) کەس بەندکران (٤٠,٠٠٠,٠٠٠)چل ملیۆن دۆلار باج لە سەرپێچیکەران وەرگیرا.. ئەمانە هەر هەمووی بێسوودبوو! بە ناچاری دەوڵەتی ئەمریکا لەساڵی ١٩٣٣دا ئەو یاسایەی ئیلغاکردەوە.

دووهەمیان: هەڵوێستی ئافرەتانی موسڵمانی ئەو سەردەمە پیرۆزە: کاتێ کەفەرمانی پەروەردگاریان بەسەر داپۆشین وخۆ داپۆشین پێگەیشت، یەکسەر گەڕان لە ماڵدا چیان بۆ ڕێکەوت لە پەڕۆوپاتاڵ کردیان بە سەرپۆش! جێبەجێکردنی فەرمانەکەیان دوانەخست تا بچنە بازاڕو قوماشی تازە بکڕن.

**٤-رزگاربوون لە بەندایەتیی ئادەمیزاد بۆ ئادەمیزاد:**

بەرنامەی ئیسلام ئەوەیە کە مرۆڤ لەهەموو جۆرە بەندابەتییەک ئازاددەکات و هەرگیز قابل نابێت کەسێکی وەک خۆی یاسای بۆ دابنێ و بەزۆر ملی پێ کەچیبکا بۆ بەرنامەی خۆی، چونکە دڵنیایە ئەو کارە تەنها لەخوای گەورە دەوەشێتەوە، چونکە پەروەردگارو پادشاو خواوەندی هەمووانە.. جگە لەوەش بانگەوازی ئیسلام لەبنەڕەتدا بانگەوازە بۆ خۆئازادکردن و خۆدەربازکردن لەهەموو جۆرە زەلیلیی و خۆبەکەمزانینێک. هەروەک پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەتوێی نامە پیرۆزەکانیدا بۆ پاشا گاورەکانی ئەو سەردەمە بەم ئایەتە پیرۆزە کۆتایی بەنامەکانی دەهێنا: (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ)ال عمران/٦٤ واتە: ئەی پەیڕەوانی کتێبە

ئاینییەکان وەرن بەدەم یەک بەرنامەو بیروباوەڕەوە کە هاوبەشە لەنێوانماندا، ئەویش ئەوەیە کە جگە لەخوا هیچیتر نەپەرسین و هیچ هاوەڵ و شەریکێکی بۆ بڕیارنەدەین و هیچ لایەکمان لاکەی تر نەخەینە جێگەی خواوەندو فەرمانبەرداری بین، جا ئەگەر ئەوانە پشتیانهەڵکردو یاخیبوون (لەوبەرنامەیە) ئێوە بڵێن پێیان ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و فەرمانبەردارین.

**٥-بەرنامەی ئیسلام کاریگەرو لەبارە:**

چونکە ئەو بەرنامەیە لە ویژدانێکی زیندووەوە هەڵدەقوڵێت لەدەروونێکی پڕ لە ئیمانەوە سەردەردەکێشێت، چونکە وەک بەرنامە زەمینی و بیروباوەڕە فەلسەفی و بێسەروبنەکان نییە، چونکە وەک بەرنامە وا لەئیماندار دەکات کە هەر خۆی بەدڵگەرمی فەرمانەکانی خوا جێبەجێبکات و ئاسودەش بێ. ئاشکرایە دڵ و دەروون بیروباوەڕی ڕێکوپێکی تیانەبێ، وەکو دادگایەک وایە کەدادوەرو قازی تیا نەبێ.. ڕۆژگاریش دەریخستووە کە دەرکردنی یاساو بەرنامە بەشەرییەکان ئەگەر پاڵنەرێکی خودی لەئادەمیزاددا بۆ دروست نەبێ، ئەستەمە پەیڕەوی بکرێ. ئەوەش تەنها بۆ بەرنامەو ئایینی خواو بۆ یاسا بەرنامانە دەکرێ کە لەو چوارچێوەیەدا جێیان ببێتەوە. تەنها تەقواو ترسی خوا کە ئاوێتەی خۆشەویستی ئەوە دەتوانێ کەسانێک بهێنێتە مەیدان، کاری وا بکەن جێگەی سەرسوڕمان بێت و ببێتە هۆی ڕزگارکردنی گرۆی سەرگەردانی ئادەمیزاد، لەم بارودۆخە نالەبارەدا، کە گیریخواردووە تیایدا.

لەبواری پاراستنی گەل و نیشتماندا، لەپێناوی بەدەمەوەچوونی لێقەوماواندا، خەلیفەی عەباسی (موعتەسەم) لەبەغداوە لەشکرێک ڕێکدەخات بۆ فریاکەوتنی ئافرەتێک کاتێک زیندانی کرابوو، بەدەست سەربازانی ڕۆمەوە بوو، لەوێوە هاواری لێکردبوو! هەر کە هەواڵی هاوارەکەی پێگەیی لەشکری ڕێکخست، ئافرەتەکەشی ڕزگارکردو شاری عەمووریەشی لەچنگی ڕۆمەکان دەرهێنا.

لەبواری ماڵ وسامانیشدا مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێ پێشەوا ئەبوحەنیفە دەیەوێ پارچە قوماشێک لە ئافرەتێکی بیاباننشین بکڕێ، لێی دەپرسێ بەچەندی دەفرۆشیت؟ ئافرەتەکە دەفەرموێ بەسەد دینار، ئەبوحەنیفە دەفەرموێ: زیاتردەکات، ژنەکە دەڵێ: بەدووسەد. ئەبو حەنیفە دەفەرموێ زیاتردەکات. ژنەکە دەڵێ وادیارە گاڵتەم پێدەکەیت.

ئەبوحەنیفە دەفەرموێ نا والله بەڵکو دڵنیام کە زیاتردەکات. ئینجا کابرایەکی بانگکردو پێیفەرموو: ئەم پارچە قوماشە چەند دەکات؟ کابرا وتی: بەسەد دینار باشە! ئەبوحەنیفە سێ سەد دینار دەدا بەئافرەتەکە..

لەم دووبابەتە دووراستیمان بۆ دەردەکەوێ کە مامۆستا سەید قوتب لەکتێبی (خصائص التصور الاسلامی)دا ئاماژەی بۆ کردووە کە:

١-خوای گەورە زۆر بەسۆزو میهرەبانە کەدانانی بەرنامەو پرۆگرامی نەداوەتە دەست خۆمان.

٢-سەرکەشی ئەوانەی کە مۆڵەت بەخۆیان دەدەن و،ئەوەندە گومڕان کە بەرنامە بۆ خۆیان دادەنێن، هەر چەندە عەقڵ و بیروهۆشیان سنووردارەو لەکات و شوێنێکی سنووردارردا دەژین و کارو فرمانیان سنووردارە، جێی خۆی بوو کە ملکەچ و فەرمانبەرداربن بۆ ئەو شەریعەت و بەرنامەیەی کە خوای میهرەبان بۆی داناون. ئەوەتە لەبواری حوکمدا کاتێ کە سەیدنا عومەر خوالی رازی بێت لەسەرەمەرگیدا ئەسحابەکان و یاران پێشنیاردەکەن کە عبداللهی کوڕییان بەدڵەو لایان پەسەندە بێتە خەلیفەی جێنشینی باوکی، کەچی سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت بەتوندیی دژیان دەوەستێ و دەفەرموێ: ئەگەر جێنشینی خێر بێ، ئەوە بەشی خۆمان لێوەرگرتووە، ئەگەر شەڕیش بێ ئەوە تەنها کەسێک بەسە لە کوڕانی (خەتتاب) کە سزا بدرێن لەسەری..

وەرە ئەم هەڵوێستە بەراورد بکە لەگەڵ کورسیپەرستانی ئەمڕۆدا کەهەرچی بشێ ونەشێ دەیکەن بۆی.

## بڕگەی دووەم: ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیرە: (الشمول):

### خاڵی یەکەم؛ یەکەم: بەرنامەیەکی گشتگیری هەمەلایەنەیە:

تا ئێستا مرۆڤایەتی بەرنامەیەکی وەکو ئیسلامی بەخۆیەوە نەدیوە کەهەموو لایەن وگۆشەکانی ژیانی بگرێتەوەو بۆ هەموو سەردەمێک بشێت و بۆ هەموو چالاکییەکی تاک یاکۆمەڵ رای بەجێی خۆی هەبێ و هەموو مرۆڤایەتیش بگرێتەوە، وەکو پێشەوای شەهید حسن البنا لەم بوارەدا دەفەرموێ: (ئەم پەیامە ئەوەندە درێژبووەتەوە هەتا هەموو کات و زەمانێکی گرتۆتەوە، ئەوەندەش پانوبەرینە کە هەموو گەل و نەتەوەکانی گرتۆتەوە، ئەوەندەش قووڵە هەتا هەموو کاروباری دنیاو قیامەتی لەخۆگرتووە)[١].

ئەم پەیامە پەیوەندی خوا بەئادەمیزادەوە، پەیوەندی تاک بەکۆمەڵەوە، کۆمەڵ بە تاکەوە، هەمووی رێکدەخات.

### خاڵی دووەم: ئیسلام پەیامی هەموو سەردەمەکانە:

ئەم پەیامە بۆ هەموو سەردەمەکان و بۆ هەموو نەوەکان و بۆ هەموو گەلان و توێژو چینەکان هاتووە، ئەم پەیامە وەک پەیامی پێغەمبەرانی پێشوو نیە سەلامی خوایان لێ بێت کە بۆ قەومێکی تایبەتی لەکاتێکی دیاریکراودا هاتبێت، بەڵکو بۆ دوایین پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هاتووەو پەروەردگاریش بەڵێنی مانەوەی و بەردەوامیی تا رۆژی رەستاخێز فەرمووە. ئەوەش روونە کە بنچینەی بیروباوەڕو رەوشتبەرزیی هەموو پەیامەکانی پێشووی لەخۆگرتووە کە لەم ئایەتەدا خۆی دەنوێنێ: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)النحل/٣٦ واتە: بێگومان بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک پێغەمبەرێکمان رەوانەکردووە کەتەنها خواوەند بپەرستن و واز لە هەموو پەرستراوێکی تر بێنن. پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت _بە دەقی ئایەت_ هەموویان موسوڵمانبوون. ئەوەتا سەیدنا نووح عليه السلام فەرموویەتی: (وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ)یونس/٧٢ واتە: فەرمانم پێدراوە کە لە ریزی موسوڵمانان بم. سەیدنا ئیبراهیم و

[١] نووسەرانی بەڕێز هیچ ئاماژەیەکیان بە سەرچاوەکەی نەکردووە، بۆی گەڕام بەڵام ئاسان نییە ئاوا بدۆزرێتەوە،

ئیسماعیل علیهما السلام فەرموویانە: (رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً)البقرة/١٢٨ واتە: خوایە بمانکە دوو موسوڵمانی خۆت و لە وەجەو ئەولادەکانیشمان ئوممەتێکی موسوڵمان پێک بهێنە. سەیدنا یوسف فەرموویەتی: (تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ)یوسف/١٠١واتە: بە موسوڵمانێتی بممرێنەو بمخەرە ریزی پیاوچاکانەوە. سەیدنا موسا فەرموویەتی: (قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ)الاعراف/١٤٣ واتە: فەرمووی: خوایە پاکیی و بێ خەوشیی بۆ تۆ، من پەشیمانبوومەوەو رووم کردەوە خۆت، خوایە من هەر یەکەمین موسوڵمانەکەم. ساحرەکانی بەرامبەر سەیدنا موسا سەلامی خوای لێ بێت کە باوەڕیان هێنا نزایان ئەمە بوو: (رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ)الاعراف/١٢٦واتە: خوایە سەبرمان پێ ببەخشەو بە موسوڵمانێتی بمانممرێنە. حەوارییەکانی سەیدنا عیسا سەلامی خوای لێ بێت فەرموویان: ( آمَنَّا بِاللَّهِ واشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ)ال عمران/٥٢ واتە: باوەڕمان بە خوای گەورە هێناوەو جەنابیشت شاهیدیی ئەوەمان بۆ بدە کە موسوڵمانین.

کەواتە ئەم ئیسلامە پەیامی هەموو پێغەمبەرانە، لەسەیدنا ئادەمەوە تا خاتەم سەلامی خوایان لێ بێت.

<u>خاڵی سێیەم: ئیسلام پەیامی هەموو جیهانە:</u>

ئاشکرایە کە ئەم پەیامە بۆ سەرجەم گەل و نەتەوەکانە، بۆ گەلێکی تایبەت نیە، کە ناوی خۆی بنێ (گەلی هەڵبژاردەی خوا). هەر وەک جولەکە خۆیان بەناهەق وا ناوناوە.. ئیسلام دەیەوێ گرۆی ئادەمیزاد، هەر هەمووی _لە هەموو روویەکەوە_ بەرەو بەرزیی و بڵندیی ببات. نەک تەنها گرنگی بە لایەنێ لە لایەنەکانی بدات، بەڵکو گرنگی بە عەقڵ و بیرو هۆشی دەداو رێزی بۆ دادەنێ، گرنگی بە رۆحی دەدات، دەیەوێ خاوێن بێ و داخوازییەکانی لە چوارچێوەی شەرعی خوادا جێبەجێبکات.

ئیسلام _وەکو ئایینەکانیتر_ ئادەمیزادی نەکردووە بەدوو بەشەوە، بەشێکی رۆح، تا قەشەو پیاوانیی دەستی تێبخەن و بەشەکەی تری ماددیی بێ و ئاین و پیاوانی ئاینی

دەستیان نەبێ بەسەریاو جێگای خوای تێدا نەبێ، بەس دنیایی بێت و بۆ لایەنی رامیاریی بۆ کۆمەڵایەتیی بۆ کۆمەڵگا بۆ دەوڵەت و بەشی سەرەکیی ژیانی ئادەمیزاد بێت.

خاڵی چوارەم: ئیسلام بەرنامەی هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزادە:

ئیسلام بەرنامەی ژیانی ئادەمیزادە، بەگشتی بەرنامەیە بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانیی. ئەمەش رواڵەتێکی تری هەمە لایەنەی ئیسلامە، کە رێنموونیدەکات بۆ هەموو چاکەیەک و چاکەخوازییەک هەتا بە خاکی دەسپێرێ. دەبینین هەر لە سەرەتاوە لاوان هاندەدات بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری خواناس و گرنگیدەدات بە منداڵ، بە لەدایکبوونیی، ئینجا بانگدان بەگوێیداو هەڵبژاردنی ناوێکی لەبارو حەوتمکردن بۆی، هەروەها دیاردەی شیردان و ماوەکەی، هەتا کاتێ کە کۆرپەلەیە، دەبێ ژیانی پارێزراوبێ. ئەگەر کەسێک لەباریببات دەبێ خوێنی بدات. ئیسلام رێگەیداوە بە ئافرەتی دووگیان ئەگەر ترسا لەوەی کۆرپەلەکەی زەرەردێنێ، دەتوانێ بەرۆژوو نەبێ. دوای مردنیش بەواجبی داناوە کە ئادەمیزاد دەبێ بشۆرێ و کفن و دفنبکرێ و شێوەی ئەو کفن و دفنەش بە دورودرێژی باسکراوەو دەبێ مشووری دانەوەی قەرزەکانی بخورێ.

خاڵی پێێنجەم لایەنەکانی عەقیدەو رەوشت لە ئیسلامدا زۆر رۆشنن:

**لایەنی عەقیدەو بیروباوەڕ:**

عەقیدەی ئیسلام بە روونی لە هەموو ئەو لایەنە گرنگ و مەزنانە دەدوێ کە بیروهۆشی ئادەمیزادی سەرگەرمکردووەو بەردەوام سەرگەرمیدەکات.. پرسیارە هەمیشەییەکانی کە بەردەوام یەخەی پێدەگرن تەنها لە ئیسلامدا وەڵامی دروستیان دەستدەکەوێ، وەک:

من کێ هێنامیە سەرزەوی؟ بۆچی هێناومی؟ سەرئەنجامم بەرەو کوێیە؟

ئیماندار لە ئیسلامدا لە نێوان دوو هێزدا گیرناخوات؟ هەر یەکەیان بۆ لای خۆی رایکێشێ، وەکو مەجوسیەت کە شوێنکەوتوانی لە نێوان ئەهراموزدا(یەزدان) و ئەهریمەندا گیریانخواردووە. یاخود وەکو هەندێ بیروباوەڕیتر کە ئادەمیزاد لەنێوان خواو شەیتاندا گیردەخوات، گوایە شەیتان سەرۆکی ئەم زەویەیەو خوای گەورەش خاوەنی بوونەوەرە بە گشتی.

ئیسلام تەنها پشت بە هەستوسۆز، یاخود بە فەلسەفەی رووت و تەسلیمبوون بە بۆچوونەکانی عەقڵ و بیروهۆشی نابەستێ، هەروەها ناشیەوێ کوێرانە چی وترا بڕوای پێبکەی، وەکو مەسیحیەکان دەڵێن (کوێرانە باوەڕبکە!!).

بەڵکو ئیسلام دەیەوێ بیرو هۆش و هەست و سۆزو دڵ و دەروون هەمووی بخاتەکار. بەدڵنیاییەکی تەواوەوە پەیڕەوی فەرمانەکان بکەیت، خواپەرستیش لە ئیسلامدا هەموو ژیان دەگرێتەوەو هەمە لایەنەشە. ئیماندار تەنها بە زمانیی، یا بە جەستەی، یا بە دڵی، یا بە عەقڵی، یا بە هەستی خواپەرستی ناکات، بەڵکو بە،زمان یادیدەکاو قورئاندەخوێنێ و دەپاڕێتەوە. لەگەڵ ئامادەبوونی دڵیدا بە جەستەی کڕنوش بۆ خوا دەبات و بە دڵ و دەروون لێی دەترسێ و سۆزی هەیە بۆی و خۆشیدەوێت و بە عەقڵ و بیرو هۆشی بیر لە دەسەڵاتی بێسنورو نازو نیعمەتە بێشومارەکانی دەکاتەوە.

خواپەرستی لە ئیسلامدا بریتی نییە تەنها لە نوێژو ڕۆژوو، بەڵکو هەموو چالاکیەکانی ژیان دەگرێتەوە. هەموو کارێکی خێر نیەتی چاکی لەگەڵدا بێ، خواپەرستییەو بێپاداشت نییە.

(ابن تيميه) پێناسەی بەندایەتیی دەکات: کە بریتییە لە هەموو ئەو کارە چاکانەی کە خوای گەورە پێی ڕازییە، نادیار بێ یا ئاشکراو دیار. هەر ئایینی ئیسلامە کە دەتوانێ پەرستن وەک کار بخاتە بەرچاوو کاریش هەمووی بە ڕێکوپێکی ڕێکبخات و هەمووی لەبەرچاو بگرێ.

<u>**لایەنی ڕەوشت:**</u> ڕەوشت لە ئیسلامدا هەموو بەشەکانی ژیان دەگرێتەوە.

جەستە دەبێ خاوێن و پوخت بێ. چۆنیەتی خواردن و خواردنەوە بە مام ناوەندێتی باسی لەسەر کراوە. عەقڵ و بیرو هۆش بە بیرکردنەوەو تێفکرین دەبێ گەشەی پێبکرێ و شەراب و مادده هۆشبەرەکانیان لێ دووربخرێتەوە و دووربگیرێت لەخورافات.. دڵ و دەروون و رواڵەت و کەسایەتی فێری خۆگریی و بێ هەواوفیزیی و سوپاسگوزاریی بکرێت.

خێزان: دەبێ پەیوەندی ژن و مێرد لەسەر بنچینەی میهرەبانیی و ڕێزو چاوپۆشیی لە هەڵەی یەکترو هەستکردن بە لێپرسراوی بێت. باوان بە پەرۆشی پەروەردەی ڕۆڵەکانیانەوە بن، ئەوانیش ڕێزو ملکەچییان هەبێ بۆ باوکودایکیان.

پێویستە پەیوەندی نێوان خزمان لەسەر بنچینەی چاکەو یارمەتی بێ، لەخۆشیی و ناخۆشییدا.

کۆمەڵگەش: لە رووی رامیارییەوە دەبێ دادپەروەریی تێدا بەرقەراربێت. دەبێ لەسەر بنچینەی شوراو راوێژ حوکمڕانیبکرێ.

لە رووی سەربازییەوە. دەبێ ڕێز دابنرێ بۆ ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە ئەنجامدەدرێ، زوڵم و ستەم و لەناوبردنی کەل و پەلی شارو دێهاتەکان پیشەی لەشکری ئیماندار نیە.

لە رووی ئابوورییەوە. دەسپاکیی و راستگۆیی و وازهێنان لە فێڵ و تەرازوبازیی و سوو و بەرتیل و هەموو حەرامێک، دروشمی ئیماندارەو کاتی پیادەکردنی (سزا شەرعییەکان) دەبێ ستەمنەکرێ و بەگومان کەس خراپنەکرێ و لەهەموو لایەنێکەوە دەبێ ئەحکامی دین رەچاوبکرێت.

لەو شتانەی لە ئیسلامدا گرنگیپێدراوە چاکەکارییە لەگەڵ گیانلەبەرو ئاژەڵدا، کە شتێکی ناوازەیە. بوونەوەر بەگشتی مەودایەکی چاکە بۆ بیرکردنەوەو تێفکرین و تێڕامان بۆ بەڵگەی (بەڵگەنەویست) لەسەر ڕێکوپێکیی و جوانکاریی بەدیهێنەرێکی زۆر زاناو زۆر تواناو زۆر دانا. ئیماندار لە ناخی دەروونەوە ئەم دوعا قورئانیە: (رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)ال عمران/١٩١ واتە: پەروەردگار تۆ ئەم هەموو شتانەت بە هەوانتە بەدیینەهێناوە پاکیوبێ گەردی بۆ تۆیە، دەبمانپارێزە لە ئاگری دۆزەخ.

**<u>بڕگەی سێیەم: ئیسلام بەرنامەیەکی جیهانییە:</u>**

بێگومان ئیسلام بەرنامەی هەموو شوێن و هەموو سەردەمێکە، هەر لەو ساتەوە کە بووەتە دوابەرنامە هەتا رۆژی قیامەت بەردەوام دەبێ. یاساو بەرنامەکانی بۆ هەموو توێژو چینەکان، بۆ هەموو بارودۆخ و کێشەکان شیاوە. ئیسلام پەیامێکە چارەسەری بۆ هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و رامیارییەکان پێیە، چونکە _لەهەموو روویەکەوە_ پەیامێکی تێروتەواوە. پەروەردگار خۆی دەربارەی دەفەرموێ: (لْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا)المائدە٣ واتە: ئەمڕۆ (رۆژی عەرەفەی

حەجی ماڵئاوایی) ئاین و بەرنامەکەتانم بۆ کامڵکردن و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواوکردن و رازیم کە ئیسلام ببێتە ئاین و بەرنامەتان.. ئیتر بە هیچ شێوەیەک بە پێویست نازانرێ کە جارێکی تر پێغەمبەرێک و بەرنامەیەکیتر رەوانەبکرێ.

ئاشکرایە کاتێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە مەککەدا بوو، ژمارەیەکی کەم باوەڕدار هەبوو. کەچی لەم کاتەدا قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا ئاماژەدەکات بە بەرنامەی ئیسلام و فەرماندەدات بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە بفەرموێ: (قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا) الاعراف/١٥٨ وە پێی دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) الانبياء/١٠٧ وە بەردەوام لە چەند ئایەتدا دەیفەرموو: (یا أَيُّها النَّاسُ) (یابنی آدم) (یامعشر الجن و الإنس).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم خۆی ئاماژەی بۆ یەکێ لەو فەزڵانەی خوای گەورە بەسەریەوە کردووە کە ئەوەیە: هەر پێغەمبەرێک بۆ قەومەکەی بە تایبەتی رەوانەکراوە، بەڵام من بۆ هەموو خەڵک رەوانەکراوم.

ئیسلام هەمیشە لەسەرو ئەو ئاستەوەیە کەخەڵکی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پێیدەگەن:

<u>خاڵی یەکەم: جێگەو رێگەی بەرژەوەندییەکان لە شەریعەتی ئیسلامدا:</u>

بێگومان شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە کاروبارو بەرژەوەندی خەڵکی بپارێزێ و رێنموییبکات، بۆ ئەوەی لە ئاستێکی پاک و بەرزو بڵندا بوەستێ. ئیسلام دەیەوێت بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت و زەرەریش لە کەس نەکەوێ. لابردنی شتی ناڕەوای لا چاکترە لەوەی کە قازەنجێک بەدەست بێنێ و ناڕەواکە لەجێی خۆی بمێنێ.

قورئان بە چەندین ئایەت ئەم راستیانە دەستنیشاندەکات:

ا-(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) الانبياء/١٠٧ واتە: جەنابت رەحمەتیت کە بۆ جیهانیانمان ناردوویت. بێگومان کاتێک رەحمەتە، کە بەرژەوەندییەکان رەچاوبکات.

ب-فەرمانەکانی هەمووی خێربەخشە، تەنانەت تۆڵەسەندنەوەش: (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقره/١٧٩ واتە: ئەی هۆشمەندەکان! لە

هەقکرندنەوەدا ژیان هەیە، تا ئاسایش و ئارامیی باڵی بکێشێ بەسەرتانا.. کەواتە تۆڵەسەندنەوە ژیان بەخشینە بەخەڵکی، چونکە ئەوانەی کە بیر لە خوێنڕێژیی دەکەنەوە کاتێ هەستدەکەن بەسەریانەوەناچێ، دەترسن. ئەو دەستدرێژییەناکەن، ئەمەش ژیانبەخشینە. هەروەها ئاشکرایە کە لە حەرامکردنی قومارو شەرابیشدا چەندە سوود هەیە بۆ تاک و کۆمەڵ.. پێویستە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە قازانجکردن و چڵێسیی هەندێ کەس بگیرێ.

ج-لە هەندێ حاڵاتی تایبەتدا مۆڵەتدراوە کە ئەگەر دۆخێک بۆ کەسێک هاتەپێش لە توانای بەدەربێ گیانی خۆی بپارێزێت، هەندێک تەنازول نیشانبدات یان حەرام بخوات. وەکو کەسێک دوژمن گرتوێتی و ناهێڵێت ئیسلامەکەی بگرێت. یان کەسێک دوژمن دەستبەرداری نابێ و لێیناگەڕێ _بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر دیارنین و لەکاری بانگەوازدا نەبوونەتە رابەرو سەرکردە_ دەتوانن شتێ بڵێن کە دوژمن وازیان لێ بێنێ.. هەروەکو ئەو کەسەی کە لە کاتی مەترسی مردن لەبرساندا مۆڵەتی پێدراوە کە گۆشتی مردارەوە بوو بخوا.

د- روون و ئاشکرایە کە پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکی هەندێکی زۆر پێویستە، هەندێکیتری کەم پێویستە، هەندێکی جوانکاریی وچاککارییە.

یەکەمیان کە زۆر پێویستە ئەوەیە کە ژیان بەبێ ئەو ناڕوات. ئەگەر نەمێنێ ژیان دەبێتە گەڕەلاوژێ و کەس ناحەوێتەوە. ئەمانە پێداویستییە سەرەکییە زەرورییەکانن کە بریتیین لە: پاراستنی: ئاین و ژیان و ژیریی و وەچەو سامان. لە پلەی دوای ئەمانە هەندی شتیتر هەیە هۆی ئاسانکاریی و خۆشگوزەرانیی ژیانن و بە نەبوونیان ژیان هەر دەچێ بەڕێوە، بەڵام مرۆڤ تووشی زەحمەت دەبێ، بۆیە ئیسلام کۆمەڵێ مۆڵەت و ئاسانکاریی داناوە تا مرۆڤ بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانی بیگرێتەبەر. بۆ نموونە (لە پەرستشدا) کۆمەڵێ ئاسانکاریی داناوە. وەک کورتکردنەوەی نوێژ لەسەفەردا. حەڵاڵکردنی سەلەم لە (مامەڵەدا). ئیتر ئاوا لە زۆربەی بوارەکاندا ئەو ئاسانکارییە رەچاوکراوە.

<u>خاڵی دووەم: بنەماکانی شەریعەت وسروشتی حوکمەکانی:</u>

حوکمی شەرعی دووجۆرن، هەردوولاشیان بە شێوەیەک داڕێژراون کە بۆ هەموو شوێن و کاتێک بگونجێن.

یەکەم: ڕێساگشتییەکان (القواعد العامة).

دووەم: ئەحکام کە بەشێوەی یاسا بەدوورو درێژی روونکراونەتەوە.

یەکەم ڕێساو بنەما گشتییەکان لەشەریعەتدا:

هەندێ دەستوورو بنەمای گشتی هاتووە کە حوکمی گشتی تێدایەو بەئاسانیی لەگەڵ هەموو کات و شوێنێکدا دەسازێت و ئاسان جێبەجێدەکرێت چونکە بە شێوەیەک داڕێژراون پیادەکردنیان ئاسانەو رادەی رۆشنبیری کۆمەڵگا _لە هەر ئاستێکدا بێت_ ئەو بنەمایانە لەو بڵندترو بەرزترن وەک:

ا-بنەمای راوێژکاریی: یەکێکە لە بنەما رەسنەکانی شەریعەتی ئیسلام لە سیستمی فەرمانڕەواییداو یەکێکە لەسیفاتە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای ئیسلام و حوکمی ئیسلام، کە قورئان دەربارەی دەفەرموێ: (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) الشوری/٣٨ واتە: کاروباری موسوڵمانان بە راوێژکارییە. خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەشی صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) آل عمران/١٥٩ واتە: لە کاروبارەکاندا راوێژ بە یاوەرانت بکە. کە ئەمە فەرمانە، بۆ هەموو کاربەدەستێکە کە لە کارو فەرمان و هەڵسوکەوتیدا تاکڕەوو (دیکتاتۆر) نەبێت.

بەڕاستی ئەم بنەمایە پیرۆزترین و دادگەرترین و بەهێزترین بنچینەیە بۆ ئەوەی بە چاکیی فەرمانڕەوایەتی لە نێوان خەڵکیدا ئەنجامبدرێ. هیچ کۆمەڵگەو دەوڵەتێکی دادپەروەر ناتوانێ دەستیلێهەڵبگرێ یا بیگۆڕێ. هیچ کۆمەڵکارییەک ناتوانێ پشتگوێیبخا. ئەم بنەمایە ئەوەندە بەشێوەیەکی گشتی و لەبار هاتووە کە جێگای هەموو ڕێکخستنێکی راستی تێدا دەبێتەوە.

ب-بنەمای یەکسانی: ئەم بنەمایە لەشەریعەتی ئیسلامدا بە جۆرەها شێوە نیشاندراوە. وەک: یەکسانی هەموو کەس بەرامبەر بە یاسا، یەکسانی لە پیادەکردنی فەرمانەکان بەسەر پاشاو گەدادا، یەکسانی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نوێژو رۆژوو زەکات و حەجدا، لەمزگەوت و جیهادو بەرگریدا.

ج-بنەمای دادگەریی: دادگەریی لە ئیسلامدا زۆر ئاشکرایە. لە کاتێکدا کە بەچاکی خۆی دەنوێنێ کە ئیسلام فەرمانەڕوابێت ئەوسا دەبینی چ دادپەروەرییەک بەرپادەکات لەناو کۆمەڵەکاندا. بەبێ جیاوازی لە نێوان خزم و دووردا. یان دۆست و برا دا لەدادگاو لەبازاڕدا، لەکاروباری دەوڵەت و کاروباری خێزاندا. هتد.

لە ئیسلامدا هەموو کەس بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت و مافەکانیشی بە زیادەوە پارێزراو دەبێ. هەر شتە لەجێی خۆیدا بەکاردێ. چونکە خوای گەورە خۆی فەرمانیداوە کە مافی هەموو خاوەن مافێک بگەڕێتەوە بۆی و دادپەروەریی لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکاندا بهێنرێتەدیی. بۆیە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ)النساء/٥٨ واتە: بەڕاستی خوا فەرمانتان پێدەدات کە ئەمانەتەکان بدەنەوە دەست خاوەنیان کاتێکیش کە لە نێوان خەڵکیدا داوەریی دەکەن لەسەر بنچینەی عەدالەت و دادپەروەریی بیکەن.

د-رێسای (نە زەرەربدە و نە زەرەرت لێبکەوێت): (لاضرر ولاضرار):

ئەم رێسایە خۆی یەکێکە لە فەرمودەکان کە بۆ هەموو کات و شوێنێک دەشێ. بۆ نموونە باخێک یا خەرمانێک سوتێنرا، نابێ زەرەرلێکەوتووەکە هەروا بکاتەوە، بەڵکو _لە بەرامبەر ئەو زەرەرەدا کە کردوویەتی_ دەبێ داوای نرخی گونجاو بکات. یا لەبەرامبەر کوشتنێکی هەڵەوە نابێ بکوژەکە بکوژرێتەوە، بەڵکو دەبێ بە خوێنبایی رازیبن و واز لە بکوژ بێنن.

دووەم: ئەوانەی کە بەدوورودرێژی باسکراون:

ئەو رێ و شوێنانەی _دەربارەی بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانن_ کە لە شەریعەتی ئیسلامدا هاتوون، زۆر بە دورودرێژی لە لایەن زاناکانەوە شیکراونەتەوەو باسیان لێوە کراوەو هەموودەم دووپاتیانکردۆتەوە کە بۆ هەموو شوێن و هەموو سەردەمێک گونجاون. جا چی پەیوەندی بە زاتی خواو پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بێ، یا پەیوەندی بە پەرستنەکانەوە بێ، وەک نوێژو رۆژووو. هەرچی پەیوەندی بە رەوشتەوە هەبێ وەک راستگۆیی و ئەمەک و یارمەتی و ئەمانەت و. هتد، یا حەرام بێ وەک درۆو ستەم و خیانەت.. یان پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵ بەهێزبکات وەکو رێکخستنی خێزان و ژنهێنان و دایەنیی و میرات و تەڵاق و هتد، یا پەیوەندی بە تەمێکردنەوە هەبێ، وەکو تەمێکردنی زیناکاروشەرابخۆرو دزو بوختانچی، یا رێگرو پیاوکوژو ئەوانە، هەر هەمووی و زۆر

زیاتریش کە بە شێوەیەکی گشتی پێویستە بۆ هەموو کەسێک و هەموو کۆمەڵگایەک لە هەموو سەردەمێکدا، لە ئیسلامدا بە دورووودرێژیی توێژینەوەو باسیان لەسەر کراوەو روونکراونەتەوە.

<u>خاڵی سێیەم: سەرچاوەکانی حوکم لە ئیسلامدا:</u>

کە دەبن بە دوو بەشەوە:

<u>یەکەم: سەرچاوە رەسەن و نەگۆڕەکان:</u> کە بریتین لە قورئان و سوونەتە راستەکان.

<u>دووهەم: ئەو سەرچاوانەی کە لەو دوو سەرچاوەیەوە هەڵگۆزراون:</u> وەکو کۆڕای گشتی زاناکان (اجماع)، یا کۆششکردن و خۆماندووکردن بەهەموو شێوەکانییەوە (اجتهاد)، یا بەراوردکردن (قیاس) و بەچاکزانین (استحسان) و بەرژەوەندی بەردەوام. ئەم سەرچاوانە وایانکردووە کە شەریعەتی ئیسلام شیاوبمێنێت بۆ دەربڕینی حوکمی خۆی بەرامبەر هەموو رووداوو داهات و داهێنراوێک، کە دەقی روون لە بارەیەوە نەبێ، یا زانایان پێشتر رایان دەربارەی نەبووبێ. بۆیە شەریعەتی ئیسلام هەمیشەو بەردەوام رای خۆی لەبەرامبەر رووداوە تازەکاندا هەیە، هەرگیز نابێتە کۆسپ لەرێگەی پێداویستی خەڵک و بەرژەوەندییە چاکەکانیاندا.

ئاوا دەردەکەوێت کە گومان لەوەدا نییە شەریعەتی ئیسلام بۆ هەموو شوێن و کاتێک و بۆ هەموو نەتەوەو گەلێک دەگونجێ. ئەمەش میهرەبانییەکی بێسنووری خوایە بەرامبەر ئادەمیزاد.

<u>**بڕگەی چوارەم: ئیسلام بەرنامەیەکی و اقعییە (زەمینەبینە):**</u>

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە کە ئاینێکی واقعییەو دەیەوێ لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئادەمیزاددا لەسەر زەوی کارکردی هەبێ. دەیەوێ ئادەمیزاد بەرەو ئەوپەڕی رەوشتبەرزیی و دینداریی ببات.

ئیسلام هەموو دابونەریتێکی پەسەندی قبوولەو هەرچی چاکە بێت پێی دروستە. هەرچی ببێتە هۆی پتەوکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و رێزگرتنیان بۆ یەکتریی ئیسلام هانیدەدات. ئیسلام وا دەڕوانێتە ژیان کە مەودایەکە پڕە لە خێرو شەڕ. بەمردن کۆتایی

دێت. پاشان زیندووبوونەوەو لێپرسینەوە هەیە تا هەر کەس سزا یان پاداشت بە پێی کارنامەی خۆی وەرگرێ. لەبەرئەوە دەیەوێ خەڵکی بە چاکی لەو راستیە بگەیەنێ کە تا دەتوانن لە چاکەکاریدا ژیان بەرنەسەرو لە هەموو گوناح و خراپەیەک دوورەپەرێزبن.. ئیسلام وا بۆ ئادەمیزاد دەڕوانێ، کە لە لایەکەوە لە لایەن پەروەردگارییەوە رۆحێکی تایبەتی پێبەخشراوە. لە لایەکیترەوە لە خاکی ئەم زەوییە جەستەی دروستکراوە.

هەروەها لە لایەکەوە بەشێکی نێرینەیەو بەشتێکیتری مێینە. هەریەک لەم دوو توخمە بواری تایبەتی خۆی لەسەر شانۆی ژیان دەوێ.. ئەوەش پشتگوێناخات کە ئادەمیزاد ناتوانێ بە تەنها بژی، بۆ دابینکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی ژیانی، پێویستی بە توخمی هاوجۆری خۆی هەیە.

بەرنامەی ئیسلام سروشتی ئادەمیزاد پشتگوێناخات و جیاوازی نێوان رادەو توانایان فەرامۆشناکات و سوورە لەسەر ئەوەی هەر چۆنێک بێت هەر دەبێ لە ئاستێکی باڵادابێ و کەسایەتی لەکەدارنەبێ. پێچەوانەی ئەوە کە لە بیروباوەڕەکانیتردا سەرەڕۆیی و توندڕەویی دەبینین.

ئەوەتە جولەکە لەماددەپەرستیی و دنیاپەرستییدا رۆچوون. لەپێناوی بەدەستهێنانییدا هیچیان پێ عەیب نییە! لەو لاشەوە بودائییەکان بەخەیاڵی خۆیان شتە ماددییەکانیان پشتگوێخستووەو لە رۆحدا رۆچوون! کە ئەوەش لە ئیسلام و رۆحی ئیسلامەوە دوورە. بەڵکو ئیسلام لە رۆشنایی رێنمونی پەروەردگارەوە هیچ لایەنێک پشتگوێناخات و مافی خۆی دەداتێ.

<u>خاڵی یەکەم واقعیەتی ئیسلام لە هەموو روویەکەوەیە:</u>

ئیسلام لە هەموو لایەکەوە بەرنامەیەکی واقعییەو سەرنجی هەر لایەنێکی بدەی ئەم راستییەت بۆ دەردەکەوێت:

<u>یەکەم: لە رووی عەقیدەوە:</u>

ئیسلام ئاینێکی واقعییە، چونکە لەو شتانە دەدوێت کە بوونیان هەیە. دوورە لە خورافیات و خەیاڵ. عەقڵ راستییەکانی دەسەلمێنێ. دڵ و دەروون ئارامیی پێدەگرێ. فیترەتی ساغ بەرەو پیری دەچێ. عەقیدەی ئیسلام ئادەمیزادەکان بانگهێشتدەکات بۆ پەرستنی خوایەکی تاکوتەنها، کە هەموو بوونەوەر شایەتە لەسەر دەسەڵاتداریی و

جوانكاریی و رێكوپێكیی دروستكراوەكانی.. ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان بەڵگەن لەسەر دلۆڤانیی و زانایی و دانایی خوای گەورە.. لە هیچ لایەنێكیەوە وەكو عەقیدەی بێسەرو بنی گاورو جولەكەو یۆنان و رۆمان و هیندوس و.. هتد نیە، كە زۆربەیان سیفاتی نابەجێ دەدەنە پاڵ خواوەندو بۆچوونیان دەربارەی لێڵ و ئاڵۆزو شێواوە.

عەقیدەی ئیسلام داوا لە ئیماندار دەكات كە باوەڕی بەسەرجەم پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت هەبێ. بە تایبەتی خاتەمیان.. لە جۆرەها بۆنەدا باسی ئەو پێغەمبەرەی خوا صلى الله عليه وسلم دەخاتە روو. خوای گەورە خۆی فەرمانی پێدەدا كە بە روونی ئەو راستییە بفەرموێت: ( قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ)الكهف/١١٠، ئیتر نە خوایەو نە كوڕی خوایەو نە پاشایە. بەڵكو لە هەموو روویەكەوە ئادەمیزادێكی ئاساییە.

راستگۆیی ئەو پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم _لە ژیاننامەی پیرۆزو بانگەوازی روون و پشتیوانی خوای گەورەدا بۆی_ روون و ئاشكرایە. ئەو قورئانە راستیی ئەو سەردارە دەردەخات، بەوەی كە هەتا هەتایە لە رووی خەڵكیدا دەوەستێ و پییان دەفەرموێ: كە ئەگەر گومان لەوە دەكەن كە ئەو قورئانە لە لایەن خوای گەورەوە نەهاتبێ با وێنەیەك لەو قورئانە یا دەسورەت یا سورەتێك وەكو سورەتەكانی ئەو داڕێژن.

خوای گەورە خۆی بەڵێنیداوە كە قورئانەكەی دەپارێزێ.. پاراستوویەتی و هێز نییە بتوانێ تەنها پیتێكی لێ زیادو كەمبكات.

ئەو قورئانە پیرۆزە كتێبێكە بیرو هۆش ودڵەكان دەدوێنێت. هەموو كەس هاندەدا بۆ چاكەكاریی.هۆشداریی دەداتە هەمووان كە ئەنجامدانی گوناح و خراپەو تاوانكاریی سزای بەدوادا دێت.. ئەم راستیەمان لە هەموو بەشەكانیتری ئیماندا بۆ دەسەلمێنێت كە دینی ئیسلام واقعییە.

بەرپابوونی قیامەت لای خوای گەورە زۆر ئاسانە. بەڵگەی عەقلّیی و زانستیی دەیسەلمێنێ كە باوەڕ بە فریشتەكان زۆر ئاسانە. بەبەڵگەی زانستیی و بەراووردكردن بوونیان وەكو زۆربەی ئەو شتانە كە شاراوەن دەسەلمێنرێت.

باوەڕهێنان بەقەزاو قەدەر دەبێتە هۆی ئاسوودەیی و ئارامیی لەبەرامبەر پێشهاتەکانەوەو ماندەریشە بۆ گەڕان بە شوێن قەدەرە شاراوەکاندا. بێگومان هەموو قەدەرێکیش بۆ موسڵمان خێرە.

دووەم: شەریعەت و ئەحکامەکانی واقعین:

شەریعەتی ئیسلام و یاساکانی هەموو بارودۆخ و لاوازیی و بەهێزیی و لایەنە چاکەکان و لایەنە خراپەکانیان لە ئادەمیزاددا ڕەچاوکردووە. نەبردویەتییە ریزی بەدیهێنەر، نە وەکو فریشتەش تەماشای کردووەو نە بەدڕندەو ئاژەڵێش دایناوە.. ئەمەش سیفەتێکی تری واقعیەتی ئیسلامە، کە لە زۆر شتیتردا دەردەکەوێت:

١-واقیعییەتی ئیسلام لە خوایەرستییدا:

ئیسلام _لەسنووری توانای ئادەمیزاددا_ داوای خواپەرستیی لێدەکات. باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لەبەرچاوئەگرێ بۆئە داوای لێناکا گۆشەگیربێ و هەر خەریکی نوێژو رۆژوو بێت. خواپەرستییەکەی بۆ کردووە بەجۆرەها بەشەوە. هەندێکی بەلاشەی ئەنجام دەدرێ، هەندێکی بەماڵ و سامانی، هەندێکی بە عەقڵ و بیرو هۆشی.. ئەم هەموو بوارو جۆرانەشی وای کردووە کە ئیماندار لە خواپەرستیی بێزار نەبێ.. ئیسلام لەمانەشدا حاڵاتی نەخۆشیی و سەفەرەکانیشی رەچاوکردووەو روخسەتی لەباری بۆ دیاریکردووەو لە پاداشتیشی کەمنەکردۆتەوە.

٢-واقعییەتی ئیسلام لە رەوشتدا:

ئیسلام نایەوێ کەسێک کە موسڵمان دەبێت واز لەماڵ و سامانی بێنێ. وەکو لە ئینجلدا ئاماژەی بۆ کراوە. ئیسلام نەیفەرمووە ئەگەر کەسێک لە لای راستی دایت، لای چەپی تێبکە. یان ئەوی کراسەکەتی دەوێت شەرواڵەکەشتی بەرێ! نا، ئیسلام دەفەرموێ: کە ستەمێکت لێ کرا، بەقەدەر ستەمەکە خۆی تۆڵەی بسێنە، یاخود لەکاتی دەست رۆیشتنتدا لێی ببوورە. هەروەک دەفەرموێ: (وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ)الشوری/٤٠واتە: سزای خراپەیەک ئەوەیە بەقەدەر خۆی هەق لێبکرێتەوە، هەر کەسێک لە خراپەکارەکە بوراو رەفتاری چاکیی بەرامبەر نواندەوە، ئەوە بەڕاستی گەورەییەو پاداشتی رەفتارە گەورەییەکەی وا لای خوای گەورە. خوای گەورە ستەمکارانی خۆشناوێت.

هەروەها ئیسلام نەیفەرمووە کە دەبێ ئادەمیزاد وەکو فریشتە بێ، ئەگەر هەڵەو گوناحی کرد، دەبێ لەرەحمەت ومیهرەبانی خوا دەربکرێ. نا، قورئان لە چەندەها ئایەتدا مژدەی لێخۆشبوون و بەهەشتی بە تەوبەکاران داوە. وەک دەفەرموێ: (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)الزمر/٥٣ واتە: بفەرموو: ئەی بەندەکانی من، ئەی ئەوانەی کە لە گوناحکارییتاندا ستەمتان لە خۆتان کردووە، لە رەحمەتی خوای گەورە بێئومێد مەبن. خوای گەورە لە هەموو گوناحێک خۆشدەبێت. خوای گەورە لێخۆشبوو و بەبەزەییە. تەئکید لە لێصۆشبوونەکە دەکاتەوە:(إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ).

پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی (كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءٌ وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ)[1] واتە هەر هەموو نەوەی ئادەم گوناحدەکەن، بەڵام چاکترین گوناحباران ئەوانەن کە پەشیمان دەبنەوە.

<u>٣-واقعییەتی ئیسلام لە بواری پەروەردەدا:</u>

پەروەردە لەئیسلامدا هەموو لایەن و بەشە جیاجیاکانی ئادەمیزاد لەبەرچاودەگرێ، کە بریتییە لە گۆشت و خوێن و بیروباوەڕو هەستونەست و هەڵچوون و داچوون و هتد. بۆ نموونە کاتێک کە یاوەر حەنزەلە(حنظلة) خۆی تاوانبارکرد بەوەی کە دووڕوو دەرچووە! چونکە وای حسابکردووە کە کاتێ لە خزمەتی پێغەمبەردا بووە صلى الله عليه وسلم هەستونەستێکی ئیمانیی بەرزیی بۆ دروست دەبێ و دڵی دەکوڵێ و چاوی ئەسرینی لێدەبارێ، بەڵام کاتێ کە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵیی، بۆ سەر ئیشوکاریی، ئەو هەستونەستەی ئەوسای نامێنێ، لە ئیمان و باوەڕی خۆی دەکەوێتەگومانەوە. بەڵام پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تێی دەگەیەنێ کە ئیماندار هەمیشە لە یەک

---

[1] نووسەرانی بەڕێز هەر ئەوەندەیان نوسیوە: (ئیمامی ئەحمەد و ترمژی روایەتیان کردووە). راستە: ترمذی (٢٤٩٩)، ئیبنوماجە (٤٢٥١)، ئەحمەد (١٩٨/٣)، داریمی (٢٧٣٠). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحیح ابن ماجه/٣٤٤٧ و لە: صحیح الجامع الصغیر/٤٥١٥)دا بە حەسەنی داناوە.

بارودۆخدانییە، بەڵكو تاوتاوە. ئەو حاڵەتەش سروشتییە. هەروەها ئیسلام دانبەوەدادەنێ كاریگەریی دەوروبەر لەسەر ئادەمیزاد زۆرە. سەرەتا هەمووان لەسەر ئاینی (فطرة)ن، بەڵام دواتر دایكوباوك دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ ببێتە جولەكە یا گاور یا ئاگرپەرست.. لەبەر ئەوە پەروەردەی مناڵ دەخاتە ئەستۆی دایكوباوەكەوەو دەیان كاتە لێپرسراو لەو بوارەدا[١].

<u>٤-واقعییەتی ئیسلام لە شەریعەت و یاساكانیدا.</u>

لە بواری حەڵاڵ و حەرامدا. ئیسلام هیچ شتێكی پێویستی لە ئادەمیزاد حەرامنەكردووەو هیچ شتێكی زیانبەخشی بۆ حەڵاڵنەكردووە. بەڵكو بە شێوەیەكی گشتیی قورئان دەفەرموێ: (وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ) الاعراف/١٥٧ هەروەها شەرع مۆڵەتیداوە كە هەندێ یاری بەسوودبكات. وەكو سوارچاكیی، پێشبڕكێ، بە تایبەت لە كاتی شایی و جەژنەكاندا. هەروەها حەزی ئافرەتی لە خۆڕازاندنەوە نەخستۆتە پشتگوێ و ڕێپێداوە كە زێڕو زیوو و ئاوریشم بەكاربهێنێ.. لەكاتی تەنگانەشدا ئەمە دەستوری شەرعناسانە: (الضرورات تبيح المحظورات) واتە كاتێ كارو بارودۆخێكی نائاسایی پێشدێ، مۆڵەت هەیە ئەو كارانە بكرێ، یا ئەو شتانە بخورێ، كە قەدەغەبوون. هەروەها كەم شت هەیە كە ئیسلام بەیەكجاریی حەرامیكردووە، وەك شەراب، یا تەنهابوون (خەلوە) لەگەڵ ئافرەتێكی نامەحرەمدا.

<u>٥-واقیعییەتی ئیسلام لە بواری پێكهێنانی خێزاندا:</u>

شەریعەتی ئیسلام وزەی جینسی پشتگوێ نەخستووەو بەچاوی سووك تەماشاینەكردووە، بەڵكو سنورو بەرنامەیەكی بۆ داناوە، كە بۆ ئادەمیزاد شایستەبێت. بۆ ئەو مەبەستە(بۆ هاوسەرگیریی) یاسایەكی ڕێكوپێكی دیاریكردووە. سەرەتا ئیسلام لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەیەكی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هانی لاوی داوە كە بۆ پێكەوەنانی خێزانی بگەڕێ بە شوێن ئافرەتی دینداردا، كە فەرموویەتی (تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ:

---

[١] ئاماژەی نووسەرانە بۆ فەرموودەی: (كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ) بوخاری (١٣٠٢)، موسلیم (٤٨١٦).

لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَلِجَمَالِهَا، وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ) رواه البخاری[1]: واته لەبەر چوار هۆ ئافرەت دەخوازرێ: لەبەر ماڵ و سامانی، یا لەبەر ڕێزداری خانەوادەکەی، یا لەبەر جوانییەکەی، یا لەبەر دینداریيەکەی. دەست بگەێنە ئافرەتێکی دیندارو بیکە هاوسەرت تا بحەوێیتەوە، تا خێری دنیاو قیامەتت دەستکەوێ! هەروەها ئیسلام وا بۆ ژن ومێرد دەڕوانێ، وەک دوو ئادەمیزاد، کە هەریەکەیان گەلێ سیفاتی چاکەیان تیایەو هەندێ سیفاتی نادروستیشیان هەیە. پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هانی چاوپۆشیکردن لە خالە لاوەزەکانی بەرامبەر دەداو دەفەرموێ: (<u>لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خَلْقًا رَضِيَ آخَرَ</u>) رواه مسلم[2]، واتە: هیچ ئیماندارێکی پیاو بێزاری بەرامبەر هاوسەرەکەی دەرنەبڕێ و نەیشکێنێ، ئەگەر ڕەفتارێکی ناشرینی لێبینی چاوپۆشی لێبکات، چونکە بە دڵنیاییەوە ڕەفتاری تری هەیە کە پەسەندە لەلای و مایەی دڵخۆشییەتی.. لە لایەکی ترەوە ئیسلام یاسای تەڵاقی دیاریکردووە، کاتێ کە ئیتر چارە نامێنێ و کێشەی نێوان ژن ومێرد زۆر ئاڵۆزدەبێ، پێویستدەکات لێک جیاببنەوە.

لەهەندێ حاڵاتی تایبەتیدا ـبۆ چارەسەرکردنی هەندێ لەکێشەکانی تاک و کۆمەڵـ ئیسلام ڕێگەیداوە پیاو لە یەک ژن زیاتر بێنێ..

<u>٦-واقعییەتی ئیسلام لە بواری کۆمەڵایەتی وئابووریدا:</u>

ئیسلام دانی بەوەدا ناوە کە حەز لە ماڵ وسامان لەگەڵ فیترەتدا شێلراوە. بۆیە هەموو کەس بۆی هەیە ببێت بە خاوەنی ماڵ وسامان، بەڵام لە ڕێگەی حەڵاڵ و کاسبی حەڵاڵەوە. هەروەها لە ڕێی دابەشکردنی میراتەوە کە ئیسلام دابەشکردنەکەی بەرونی دیاریکردووە.. زەکاتی واجبکردووەو هانی ماڵبەخشینی لە پێناوی خوادا بەجۆرەها شێوە داوە.

<u>خاڵی دووەم: شەرعییەتی (حدود) و سنوورەکان و تۆڵەسەندن و تەمێکردن:</u>

---

[1] ڕاستە: متفق علیەیە: بوخاری (٥٠٩٠)، موسلیم (١٤٩٩).

[2] موسلیم (٢٦٧٢)، ئەحمەد (٨١٦٣)، بەیهیقی (١٤٢٦٣).

ئیسلام ئەیەوێ کۆمەڵ لە هەموو تاوان و گوناحێک پاکبکاتەوە. دەیەوێت هەموو کەس ڕێکوپێک بێت. بۆیە حسابی ئەوەی کردووە کە هەندێ کەس سەرکەشن، بە ئامۆژگاریی و ڕێنموونیی نابنە ئەندامێکی چاک. لەبەر ئەوە بوونی قامچی بۆ ئەو جۆرە کەسانە بەپێویستزانراوە! نەک وەکو ئەوانەی کە فرمێسک دەڕێژن بۆ پیاوکوژە داماوەکان!! بێئەوەی بیر لە کۆستکەوتنی کەسوکاری کوژراوەکە بکەنەوە. لە کاتێکدا کە ئەو تۆڵەسەندنەوەیە ژیانبەخشینە بەکەسانیتر. هەروەک قورئان دەفەرموێ: ( وَلَكُمْ فِي الْقِصاص حَياةٌ يا أُولِي الأَلْبَابِ لعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرە/١٧٩، هەروەها دەستبڕینی دز کە هەزاران دزو پیاوخراپ لەو سەرئەنجامە سامناکە دەسڵەمێنەوەو دەست لەدزیی هەڵدەگرن.

**بەڵگەکانی وقعییەتی شەریعەت:**

واقعییەتی شەریعەتی ئیسلام لەچەند ڕووەوە خۆی دەنوێنێ. وەکو:

١-ئەوەی کە لەسەرخۆو قۆناغ بە قۆناغ یاساکانی خۆی پیادەدەکات. وەکو ئەوەی پلە بە پلە ئیماندار فێری بەخشیندەکات. پلە دوای پلە شەرابی حەرامکرد. دەکرێ لەسەر فتوای زانایان ئەو شێوە قەدەغەکردنە دووبارە ببێتەوە.

٢-ئاسانکاریی: لە ئیسلامدا تیگەیشتن لە عەقیدەو لە قورئان ئاسانە: قورئان خۆی دەفەرموێ: (وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)القمر/١٧.

(يُريدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ ولا يُريدُ بِكُمُ الْعُسْرَ)البقرە/١٨٥ ، واتە: خوای گەورە ئاسانکاریی بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێ سەختییتان بۆ پێشبێت..

٣-ئاینی ئیسلام گرنگی بە واقعی عەمەلیی دەداو لەگەڵ خەیاڵدا نییەو میسالیانە ناڕوانێ بۆ روداوو هەڵوێستەکان.

لەبەر ئەوە بوونی حکومەتداریی پێ باشترە با ناتەواوییش بێ، چونکە ئەمە چاکترە وەک لە سەرگەردانیی و کەسبەکەس نەبوون.. ئەگەر کەسێک یا دەستەیەک لە نێوان دوو بەرژەوەندیدا گیریخوارد، دەکرێ چاکترینیان هەڵبژێرێ و ئەویتریان پشتگوێبخات. یاخود دوو فیتنەو کێشە هەبوو، دەکرێ کامیان گەورەترو ئاڵۆزترە چارەسەری ئەوەیان پێشتر بکات.

**<u>بڕگەی پێنجەم: ئیسلام بەرنامەیەکی مرۆڤایەتییە:</u>**

ئاینی ئیسلام ئاینی پەروەردگارە بۆ ئادەمیزاد. پەروەردگاری مەزن لە روانگەی ئەم ئاینە پیرۆزەوە دەیەوێ ئادەمیزاد بەرەو کەماڵ و بەرزیی بچێ و گرنگیی بە شتی بەرزو بڵند بدات. لە دنیادا بەسەربەرزیی بژی و ملدانەنەوێنێ بۆ ستەم و ناحەقیی. دەیەوێ دادپەروەربێ. دەیەوێ حەڵاڵخۆربێ. دەیەوێ داوێنپاکبێ. دەیەوێ هەموو هەوڵێکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی بخاتە چوارچێوەی پەرستن و عیبادەتەوە، تا لەدنیادا بەرەکەتی بەسەردا برژێ و لە قیامەتدا پلە بەرزەکانی بەهەشت بەدەست بێنێ.

که مادام خوای گەورە بەدیهێنەری ئادەمیزادە، بێگومان چاکدەزانێ کە ئەم دەزگا ئاڵۆزەی چۆن دروستکردووە. لەبەرئەوە هەر خۆشی ئەتوانێ کەتەلۆکی ژیانی بۆ دارێژێ و چارەسەری هەموو کەموکوڕییەکانی بکات، کە شتێکی ئاساییە لە ژیانیداو بەردەوام بۆی پێشدێت.

خاڵی یەکەم: باوەڕ بە قەزاوقەدەر پاڵنەری ئادەمیزادە:

دوای ئەوەی پەروەردگار عەقڵ و بیرو هۆشی بەئادەمیزاد بەخشی و سەربەستی داێ، هەموو شتێکی لە قەدەری خۆیدا لە چارەنووسی. ئەو قەزاو قەدەرە (کە بریتییە لەوەی کە هەموو روداوێک لە زانین و توانین و وویستی خوای گەورەوە هاتووە) نەبووە کۆسپ لەرێگەیدا. کاتێ ئادەمیزاد کراوەتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی زەوی، لەو توانایی و بەخشانە بەهرەمەندبووە کە خوای گەورە پێی بەخشووە. ئەمە لەلایەکەوە بۆی بوەتە قەدەرێکی خێر. لەلایەکی ترەوە لە روانگەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە بەنرخەکانی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم تێگەیاندراوە کە تۆ ئەی ئینسان هەر چیت بەسەردێ و هەر چیت بۆ پێشدێ، هەر ئەوە خێرە بۆت، مادام لە کاتی خۆشیدا شوکرانەبژێریی و لەکاتی ناسۆرو ناخۆشیدا خۆڕاگری. پاداشتی خۆگرانیش لەسوپاسگوزاران زۆرترە.

لە نێوان بیروبۆچوونی ئادەمیزادو وەحی پەروەردگاردا:

شەریعەتی ئیسلام عەقڵ و بیرو بۆچوونی ئادەمیزادی نەخستۆتە لاوە، بەڵکو مەودایەکی باشی بۆ رەخساندووە، تا لە هەموو شتێک بکۆڵێتەوەو هەوڵی تێگەیشتنی بدا. ئەگەر لە کات و بواری گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا بەهەڵەشدا بچێ، هەر بێ پاداشت نابێت. شەریعەتی ئیسلام بواری بە ئادەمیزاد داوە کە بە گوێرەی کات و شوێن، بە گوێرەی کۆمەڵگا، لە روانگەی شەریعەت و لە بەر رۆشنایی دەقە پیرۆزەکانی قورئان وسوووننەتدا چاکترین و لەبارترین بڕیارو حوکم _بۆ رێکوپێک کردنی کاروباری کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی لە هەموو لایەنەجیاجیاکان_ دربێنێ. ئاینی ئیسلام لایەنە نەگۆڕەکانی دیاریکردووەو مەیدانێکی زۆر فراوانی بەجێهێشتووە بۆ ئادەمیزاد کە سوارچاکی خۆی تیایدا بنوێنێ و لە سنووری شەرعی خوایش دەرنەچێ.. ئیسلام رێزێکی زۆری بۆ زانستی ئادەمیزاد داناوە. زاناکانی بەخواناسترین توێژ ناوبردوون و فەرموویەتی: ( إِنَّمَا يخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاء)فاطر/٢٨ ... خوای گەورە رێگەی بە ئادەمیزاد داوە کە لە دوو حەقیقەتی گرنگ بکۆڵێتەوە تا بەدڵنیاییەوە باوەڕی پێیان هەبێ:

یەکەمیان: بوونی زاتی خوای پەروەردگارو تاکوتەنهاییەکەیەتی. بۆیە فەرموویەتی: (لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ) الانبياء/٢٢ واتە: ئەگەر دوو خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا هەبوایان حەتمەن هەردووکیان تێکدەچوون و خراپدەبوون. پاک و بێ خەوشیی بۆ خوای خاوەن عەرش لەوەی کە وەسفی نادروستو ناڕەوای بۆ دەکەن.

دووهەمیان: باوەڕهێنان بە بوونی وەحی و پێغەمبەرایەتی و پەیام، چونکە کاتێ بە ئەقڵ سەلمێنرا کە خوایەکی داناو زاناو میهرەبان هەیە، بە ئەستەمی دەزانێ ئەو خوایە بەو هەموو سیفەتە بەرزو پیرۆزانەوە دروستکراوێکی بەرێزی وەک ئادەمیزاد دروستبکا، پاشان پشتگوێیبخاو بەسەرگەردانیی لەسەر زەوییەکەیدا بیهێڵێتەوە. لەبەر ئەوە حەزرەتی[١]

[١] وشەی (حەزرەت) زیاتر ئەوانە بەکاریدەهێنن کە صۆفین یان کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی دابونەریتی صۆفیگەرییەوە. لە ئەسڵیماناشیدا بۆ ئەوەیان بووە کە رۆحی ناوبراوەکەیان _جا پێغەمبەرێک بووبێت سەلامیان لێ بێت یان یەکێک لە ئەولیاو پیاوچاکان بووبێت_ ئێستا ئامادە دەبێت، یان ئومێدە

محمدی صلی الله علیه وسلم بەپەیامێکەوە ڕەوانەکردووەو فەرمانی پێداوە کە بفەرموێ: (قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُم بِوَاحِدَةٍ أَن تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَادَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ)سبأ/٤٦. واتە: من تەنها یەک شت بە ئێوە دەڵێم: وەرن بۆ خوا دوو دوو یان یەک یەک بوەستن، هەڵوێستبگرن، بیرکەنەوە، ئەو هاوەڵەی ئێوە، ئەو دڵسۆزەی ئێوە (محمد صلی الله علیه وسلم) شێتنەبووە، جەنابی صلی الله علیه وسلم بێدارخەرەوەی ئێوەیە، تا لە سزایەکی زۆر سەخت _کەچاوەڕێی یاخیەکانە_ بتانپارێزێ.

قورئان لەزۆر ئایەتدا داوای بەکارهێنانی عەقڵ و بیروهۆشدەکات. داوای تێفکرین و بیرکردنەوە دەکات: سەرنجدان و بیرکردنەوە لە ئاسمانەکان و زەوی، لە دیاردەکان، لە ڕووداوەکان.

هەروەها داوادەکات کە ئادەمیزاد هەموو هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئاوەدانکردنەوەی دنیا، بە جوانترین شێوە. بەتوندی دژ بەوانە دەوەستێ کە زینەت و جوانکاریی و شتی حەڵاڵ لە خۆیان حەرامدەکەن و دەفەرموێ: (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ) الاعراف/٣٢ واتە: بفەرموو: کێ ئەو جوانییەی حەرامکردووە کە خوای گەورە بۆ عەبدەکانیی خۆیی دەستەبەرکردووە؟ یان کێ ئەو رزقەی (ئەو پشکە خواردن و خواردنەوەی) لێ حەرامکردوون، کە خوای گەورە دیاریکردووە؟! کەس لیی حەرام نەکردوون، چێژیان لێبکەن. ئەوەی لە دنیادا لە موسوڵمان گیراوەتەوە، لە قیامەتدا تایبەت دەبێت هەر بە موسوڵمانان..

<u>خاڵی دووەم: قورئانیش بۆ ئاڕاستەکردنی ئادەمیزاد هاتووە:</u>

---

ئامادە ببێت. ئەمەش داهێنراوێکەو پێویستە موسوڵمانی دیدڕوون خۆ لە بەکارهێنانی بگرێتەوە. والله اعلم.

کاتێ کە سەرنجی قورئان دەدەین بۆمان دەردەکەوێ کە قورئان یا لەگەڵ ئادەمیزاددا گفتوگۆدەکات، یاخود دەربارەی ئادەمیزاد دەدوێ. بۆ نموونە (٦٣) جار وشەی (انسان) لە قورئاندا هاتووەو (٢٤٠)جار وشەی (ناس) هاتووەو (١٠) جار وشەی (بني آدم) هاتووەو سەدەها جار (یا ایها الذین آمنوا) هاتووە[1]. هەر لە پێنج ئایەتی سەرەتای دابەزینی قورئاندا _لە سورەتی (العلق)دا_ دووجار وشەی (انسان) هاتووە: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ . خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ . اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ . الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ . عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) العلق/١-٥ لەروانگەی ئەو پێنج ئایەتەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەین:

١-ئینسان دروستکراوێکەو ئەرکی لەسەر شانە.

٢-گرنگی پێدراوەو دووجار ناوبراوە.

٣-یەکەم فەرمانێ کە بۆی دەرچووە ئەوەیە کە بخوێنێتەوە.

٤-گرنگی قورئانیش کە دووجار فەرمانی بە خوێندن داوە ئاشکرایە.

٥-یەکەم هۆی ئاوەدانکردنەوەی زەوی، کە ناوی براوە (قەڵەم)ە.

٦-خواوەند وەسفی زاتی خۆی کردووە بەوەی کە (پەروەردگارە) (دروستکارە) (زۆر بەهێزە) (زانایە).

٧-توانای بەخشیوە بە ئینسان کە بتوانێ فێری زانست و زانیاری ببێت.

<u>لایەنی ئینسانی لە پەیامی ئیسلامدا:</u>

کاتێ کە سەرنجی شەریعەتی ئیسلام دەدەین ئەوە دەسەلمێ کە دینێکە لە بەرژەوەندی ئادەمیزاددایە.

*نوێژەکان جگە لەوەی خواپەرستین، وەرزش و خاوێنیی و سوودی کۆمەڵایەتیین. هەروەها خۆگرتن و ئارامگرتن و .. هتد. ئیسلام مایەی ئاسوودەیی و هێمنبوونەوەی ئادەمیزادە لەکاتی تەنگانەدا.

---

[1] وا نییە. (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) سەدەها جار لە قورئاندا نەهاتووە. (٩٠)نەوەد جار هاتووە. یەکەمیان لە سوورەتی بەقەرە/ ئایەتی ١٠٤ و کۆتایان لە سوورەتی التحریم/ئایەتی ٨.

*زەکات -کە لە دەوڵەمەند وەردەگیرێ و دەدرێ بەهەژار- بەرژەوەندی هەر دوو لایەنی تیایە، لایەنی ئینسانیی تیا دیارە.. سوودی ئادەمیزاد لە لایەنی کۆمەڵایەتیی و ئابووریەوەی بە ئاشکرا تیا بەدیدەکرێت. هەموو چالاکییەکی رۆژانە -کە چاکەو چاکەخوازیی تیا ئەنجامدەدرێ- لە لایەکەوە خواپەرستییە، لە لایەکیترەوە خزمەتگوزارییەکە کە ئینسانپێشکەش بە براو خوشکی ئادەمیزادی خۆیی دەکات.

**نموونەکانی رێزداریی ئادەمیزاد لە لایەن پەروەردگارەوە:**

یەکێک لە دیاردەکانی رێزداریی ئادەمیزاد لای خوای گەورە ئەوەیە کە بەدەق ئایەت فەرموویەتی: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا) الاسراء/٧٠ واتە بەڕاستی ئێمە رێزمان لە نەوەی ئادەم گرت و لە وشکانیی و دەریادا (هۆکانی) گواستنەوەمان بۆ سازاندو لە رزق و رۆزی جوان و پاک بەهرەوەرمانکردن و رێزی تەواویمان دا بەسەر زۆرینەی دروستکراوەکانماندا.

<u>رێزی پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد لەم خاڵانەدا خۆی دەنوێنێ:</u>

<u>ا-کردوویەتی بە بریکار لەسەر زەویدا:</u> (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً)البقره/٣٠ واتە: خوای پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من دەخوازم بریکارێک لەسەر زەمین دانێم.

<u>ب-لە جوانترین شێوەو شێوازدا دروستیکردووە:</u> (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ)التین/٤ بە تەئکیید ئێمە ئادەمیزادمان لەسە جوانترین شێوەو چۆنیەتیی دروستکرد.

<u>ج-رۆحێکی تایبەتی لەلایەن خۆیەوە پێ بەخشیوە.[1]</u>

[1] نووسەرانی بەڕێز هەروا سەردێڕەکەیان جێهێشتووە، دیارە کە بیریانچووە ئایەتێکی بۆ بهێننەوە الله اعلم. وەکو ئایەتی: (فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ) الحجر/ ٢٩ واتە: دوای

د-هەموو بوونەوەری بۆ خزمەتگوزاری ئەو بەدیهێناوە: (وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ) الجاثية/١٣ واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە بۆ ئێوەی دەستەبەرکردووە.

ه-دەتوانێ یەکسەر _بە بێ پێویستبوون بە واسیتەی کەسیتر_ پەیوەندی بە پەروەردگارەوە بکا: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ) البقره/١٨٦ واتە: ئەگەر بەندەکانم پرسیاریان دەربارەی من لێکردیت، پێیان بفەرموو کە من نزیک و دوعای دوعاکاران _هەر کاتێک داوام لێبکەن_ قبووڵدەکەم. هەروەها: (وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ) غافر/٦٠ واتە: خوای پەروەردگارتان فەرمووی: لە من بپاڕێنەوەو هانا بۆ من بهێنن، بە دەنگتانەوە دێم.

و-کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ و هەر کەسێ گوناحی خۆی لە ئەستۆی خۆیدایە: (وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ) الزمر/٧ واتە: کەس گوناحی یەکێکیتر هەڵناگرێت و لێی بەرپرس نابێت.

ز-چاکە بە دەقات و زیاتر پاداشتدەداتەوە گوناحیش بە قەدەر خۆی، یا لێی خۆشدەبێت[١].

---

خەلقکردنی مرۆڤەکە، کە تەسویەی دەکەم و شیاوی ژیانی سەرزەمینی دەکەم، لە رۆحی خۆم فووی پێدادەکەم. جا ئەو کاتە ئێوەش کڕنووشی ڕێزی بۆ ببەن..

[١] نووسەرانی بەڕێز لێرەشدا هەروا سەردێڕەکەیان جێهێشتووە، دیارە کە بیریانچووە ئایەتێکی بۆ بهێننەوە الله اعلم. وەکو ئایەتی: (مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ) الأنعام/١٦٠ واتە: هەر کەسێک هەر چاکەیەک بکات مافی هەیە دە قات پاداشتەکەی وەرگرێتەوە. هەر کەسێک خراپەیەک بکات هەر سزاکەی خۆی بەسەردا دەدرێتەوە (بێ زیادە)، کەسیشیان ستەمیان لێناکرێت. یان ئایەتی: (وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ) الشورى/٢٥ واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە تۆبەی بەندەکانی قبووڵدەکات و لە خراپەکانیان دەبورێت، هەرچی ئەوەی دەشیکەن، دەیزانێت.

**<u>بڕگەی شەشەم: ئیسلام ڕەهەندە ئایینییەکانی ڕۆشنن:</u>**

ڕوونی لە بەرنامەی ئیسلامدا زۆر ئاشکرایەو هەر لە بنچینەکانییەوە بگرە هەتا سەرچاوەکانی، هەتا بەرنامەو هۆکارو ئامانجەکانی .. بەکورتی:

<u>خاڵی یەکەم: ڕۆشنی عەقیدەی ئیسلام لە هەموو بنچینەکانیدا:</u>

<u>ا-لە ڕووی یەکتایەرستییەوە:</u>

ئیماندار بڕوای بە خوایەکی تاکوتەنهاو بێشەریک و زاناو تواناو دانا هەیە، هەرچی سیفاتی بەرزو پیرۆزە لەو پەروەردگارەدا ئاشکرایەو هەموو بوون و بوونەوەر سیفەت و ناوە پیرۆزەکانی ئەو دەنوێنێ.

عەقیدەو بیروباوەڕی یەکتاناسیی وەکو عەقیدەی سێ گۆشەی گاوری نییە. وەکو عەقیدەی بوزی و سەرگەردانەکان نییە، کە نازانن ڕووبکەنە کێ و ڕووبکەنە کوێ. عەقیدەی ئیسلام داوا لە شوێنکەوتوانی ئایینی دەستکاریکراوی گاورو جولەکە دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ بنچینە ڕاست و دروستەکەیان. دەفەرموێ: (قلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ)آل عمران/٦٤ واتە: بفەرموو: هۆ ئەهلی کیتاب (شوێنکەوتووی دینە ئاسمانییەکانیتر) وەرن با لەسەر وتەیەک ڕێکەوین کە خاڵی هاوبەشی ئیمانداریی نێوانمانە: با لەسەر ئەوە ڕێکەوین کە غەیری خوای گەورە هیچیتر نەپەرستین و هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیارنەدەین و هیچ لایەنێکمان لە جیاتی خوای گەورە خۆی نەکات بە گەورەو دەسەڵاتداری باڵاو بەرنامەداڕێژو داوەر، ئەگەر بەدەم بانگهێشتەکەوە نەهاتن و پشتیان تێکرد، ئێوە بڵێن: دەی سا وا ئێمە رایدەگەێنین کە موسوڵمانین و تەسلیم بە فەرمانەکانی خوای گەورەین.

<u>ب-دەربارەی هاتنی ڕۆژی قیامەت و پاداشت و سزا:</u>

دنیا لە عەقیدەی ئیسلامدا کێڵگەی قیامەتە. چی لە دنیادا بچێنی ئەوە لە قیامەتدا دەدوریتەوە. چاکە پاداشتی دە قات و زیاترو بێسنوورە، گوناح و تاوانیش بە قەدەر خۆی دەبێ، یاخود چاوپۆشی لێ دەکرێ. کردەوەکان تۆمارکراون و دەبینرێنەوە: (فَمَن يَعْمَلْ

مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ . وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) الزلزلة/٧_٨ واتە: هەر کەسێک بەقەدەر گەردانەیەک چاکە بکات دەیبینێتەوەو هەر کەسێکیش بە قەدەر گەردانەیەک خراپە بکات دەیبینێتەوە.. لە دوایشدا بەهەشتێکی رازاوە هەیە، کە قورئان بە جۆرەها شێوە باسیدەکات و نازو نیعمەتەکانی دەخاتەبەرچاو کە دانراوە بۆ چاکەکاران.

ج-باوەڕ بەپەیامەکان:

لە ئیسلامدا خوای گەورە ڕێزی بۆ نەوەی ئادەم داناوەو هەر لە خۆیان کەسانێکی هەڵبژاردووە تا بۆ ئەوانیتر چاوساغ بن، تا بێداریانبکەنەوەو ڕێگەی ڕاستیان نیشانبدەن و سەرئەنجامی کارو کردەوەیان بخەنە بەرچاو: (رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ)النساء/١٦٥ واتە: ئێمە وەحیمان بە نێرراوانی خۆماندا نارد، تا ببنە مژدەدەرو هۆشدەری خەڵکی، تا خەڵکەکە هەنجەتی ببڕێت و بەهانەی نەمێنێت کە بڵێ: نەماندەزانی دینی خوایی کامەیەو چۆنی وەربگرین؟!

لە عەقیدەی ئیسلامدا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دوا پێغەمبەرەو پەیامەکەی بۆ سەرتاپای توێژو چین و گەلانی سەرزەوییە، لە هەموو کات وشوێنێکدا. خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی قورئان و پەیامی ئیسلامیداوە بۆ هەتا هەتایی.

خاڵی دووەم: ڕۆشنی دروشمە خواپەرستییەکان:

لە ئیسلامدا دروشمە خواپەرستییەکان زۆر ڕوون و ئاشکراو سادەن، دوورن لە تەلیسم و شتی ئاڵۆز. هەر لە نوێژەوە بگرە تا ڕۆژوو زەکات و حەج. نوێژ کاتەکانی و چۆنیەتیەکەی ڕوون و ئاشکرایە ئایەت و زیکرو تەسبیحات و ئەو ستایشانەی تیایدا دەوترێ ماناکانی ڕوون و ئاشکران. هەروەها چۆنیەتی ڕیزبوون بۆ نوێژی جەماعەت و مزگەوت. هەمووی سادەیی و ئاسانیان پێوە دیارە. ڕۆژوو ئاشکراو دیارە کە لە کەیەوە بۆ کەی خواردن ناخورێ و بە چی بەتاڵدەبێتەوە.. زەکاتیش ڕێژەکانی لە دەغڵودان و زێڕو زیوو ماڵاتدا ڕوون و ئاشکرایە.. حەجیش هەمووان لە یەک کات و لە یەک شوێندا کۆدەکاتەوە، هەموانیش یەک پۆشاک دەپۆشن و یەک زیکر دەڵێن و ئیماندار زۆر بە ئاسانی دەتوانێ لە هەموو لایەنەکانی ئەو دروشمانە لە ڕێگەی موتاڵاو ئامادەبوونی وانە تایبەتییەکانەوە بە دوورودرێژی تێبگا.. بە تایبەتی کە ئیماندارەکە پێشتر لەوە گەیشتووە کە دەبێ هەموو ژیانی بکاتە کات و شوێنی پەرستن، چونکە خوای پەروەردگاری فەرموویەتی: ( وَمَا خَلَقْتُ

الْجِنَّ والإِنسَ إِلاَّ لِيعْبُدُونِ)الذاريات/٥٦ واتە: پەری و مرۆڤم بۆ ئەوە دروسکردووە تا بمپەرستن..

خاڵی سێیەم: رۆشنی بنچینە رەوشتییەکان:

لە ئیسلامدا هەموو رەفتارێکی پەسەند _بە شێوەیەکی گشتی_ پەسەندەو هەموو رەفتارێکی نابەجێ ناپەسەندە. رەفتارە پەسەندەکان هەرگیز کۆن نابن و زەمانە لە نرخیان کەمناکاتەوە . راستگۆیی هەمیشە چاکەو جوانیی رەفتار لەگەڵ دایک و باوک و لەخۆ گەورەتردا لە هەموو کات و شوێنێکدا پەسەندە.

ئەمانەتداریی هەرگیز کۆن نابێت. زەمانە لە نرخی ئەمەکداریی و خۆگریی و داوێنپاکیی دانشکێنێ. شەرمنیی و سەخاوەت و ئازایەتیی و ئارامیی ویارمەتییدانی کەسانیتر، کەس ناتوانی بڵێ باویان نەماوەو زەمانیان بەسەرچووە. ئیماندار دڵنیایە لەوەی کە پەروەردگار هەموو کارو کردەوەیەکی ناشیرین و ناپەسەندیی قەدەغەکردووە وەکو: درۆ، بەڵێن نەبردنەسەر، خیانەتکاریی، سووخۆریی، ستەمکاریی.. هەروەها دڵنیایە لە دادپەروەری خوایی، لەو تەمێکردنانە کە بۆ بنبڕکردنی دزیی و زیناو بوختان و شەرابخۆریی دایناوە.

فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەمیشە لەبەرچاوە، وەکو کە دەفەرموێ: (إِنَّمَا بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ)[1] واتە : من تەنها بۆ ئەوە رەوانەکراوم تا هەرچی رەوشتی جوانە تەواوی بکەم.

---

[1] نووسەرانی بەرێز بێ سەرچاوەو سەنەد هێناویانەتەوە..

_ بوخاری لە: (الأدب المفرد ١٠٤/١ ژمارە: ٢٧٣)، حاكم (٦٧٠/٢ ژمارە: ٤٢٢١) دەشفەرموێ: بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمە، ئیمامی ذەهەبیش دەفەرموێ: وایە، بەیهیقی (١٩١/١٠ ژمارە ٢٠٥٧١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە:( سلسلة الأحاديث الصحيحة/٧٥/١ ژمارە: ٣٥٩٣)و لە (صحيح الجامع الصغير/٢٣٤٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

**ئاداب ورەفتارەکان لە ئیسلامدا جوان وپەسەندن:**

لە ئیسلامدا رێ و شوێنی هەموو ژیانی تاکوکۆی ئادەمیزاد دیاریکراوە. ئادابی بۆ خواردن وخواردنەوەو پۆشاک پۆشین و رۆیشتن و خەوو چۆنیەتی سەردانکردن.. هتد دارشتووە.

خاڵی چوارەم: رۆشنیی سەرچاوەکانی ئیسلام:

**سەرچاوەی یەکەم: قورئان:** کە فەرموودەی پەروەردگاری مەزنە، کە کتێبێکی پیرۆزە، پارێزراوە، نورو رووناکییە، رێنمویی بەخش و هیدایەتدەرە، روونکەرەوەی هەموو کێشەکانە، چارەسەری هەموو دەردەکانە، ئارامیبەخشی دڵ و دەروونە، مژدەدەرو ترسێنەرە. خوای گەورە خۆی دەربارەی دەفەرموێ: (قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُم مِّنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ ۞ يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ) المائدە/١٥-١٦ واتە: بەڕاستی لە لایەن خواوەندەوە نورو کتێبێکی ئاشکراتان بۆ رەوانەکراوە کە خواوەند بە هۆیەوە هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە بەشوێن رەزامەندی ئەودا دەگەڕێن، بۆ هەموو رێبازێکی ئاشتیی و لە تاریکستان دەریاندەهێنێ و دەیانخاتە ناو نورو رووناکییەوەو هیدایەتیاندەدات بۆ رێبازی راست و دروست.

**سەرچاوەی دووهەم: سوونەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم:** کە مەبەست لێی هەموو کردارو گوفتار و پەسەندکراوەکانی پێغەمبەرە صلى الله علیه وسلم. چونکە ژیاننامەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قورئانێکی زیندووەو زۆر دڵسۆزو بەبەزەییە بۆ ئیمانداران.. قورئان هانماندەدات بۆ پەیڕەوکردن و شوێنکەوتنی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی دەیەوێ خەڵکی لە تاریکستانەکان رزگاربکاو دەریانبێنێ. لە تاریکستانەکانی دڵ و دەروون و راو بۆچوون و زوڵم و ستەم بۆ رووناکی دادپەروەریی و خۆشەویستیی و یەکتاناسیی.. روبعی کوڕی عامر خوا لێی رازی بێت بە کورتی فەرموویەتی: خوا ئێمەی هێناوەتە کایەوە تا هەر کەسێکی بوێ لە بەندەپەرستیی

رزگاریبکاو بیکا بەبەندەی خوای تاکوتەنهاو لە تەنگەبەری دنیا رزگاریبکا بۆ فراوانی قیامەت. لە زوڵم و ستەمی ئاینەکان قوتاریبکات و بیگەیێنیّتە دادپەروەری ئیسلام[1].

<u>خاڵی پێنجەم: رۆشنبی ئامانجی تاکوکۆ :</u>

<u>رۆشنبی ئامانجی تاک:</u>

١-کەسایەتی خۆی بە چاکیی داڕێژێ کە لەسورەتی (والعصر)دا بەروونی ئاماژەی بۆ کراوە.

٢-خێزانی چاک پێکەوەبنێ، لەروانگەی ئایەتی: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)الروم/٢١ واتە یەکێک لە ئایەتەکانی خوا ئەوەیە کە هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ فەراهەمهێناون و بۆ ئەوەی لەلایدا ئارامبگرن و لە نێوانتانا خۆشەویستیی و میهرەبانیی دروستکردووە.

٣-پێکهێنانی کۆمەڵی چاک وریکوپێک لەسەر دەستەیەک بنچینەی پاک و بێگەرد:

---

[1] نوسەرانی بەڕیز ئەمیشیان هەروا بێ سەرچاوەو بێ سەنەد گێڕاوەتەوە..

_ ئیبنوکەثیر رحمەالله لە (البداية والنهاية/بەرگی٧ لە باسی روداوەکانی ساڵی ١٤ی کۆچیی)دا باسەکە _ کە جەنگی قادسییەیەی _ بە دوورودرێژیی دەگێڕێتەوە کە رۆستەمی فەرماندەی سوپای فارس هەواڵی نارد بۆ سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص خوا لێی رازی بێت _کە سەرلەشکری موسوڵمانان بوو_ کە کەسێکی ئاقڵی لای خۆتم بۆ بنێرە تا هەندێک پرسیارم هەیە لێیبکەم. جەنابیشی جەنابیشی لەسەر داوای خەلیفە عومەر وەفدێکی بۆ ناردن (تا بانگهێشتی بکەن بۆ ئیسلام) کە بریتی بوون لە: نوعمانی کوڕی موقرین و موغیرەی کوڕی شوعبەو فوراتی کوڕی حیببان و حەنظەلەی کوڕی رەبیعی تەمیمی و عەطاریدی کوڕی حاجیب و ئەشەعثی کوڕی قەیس و عەمری کوڕی مەعدی یەکریبی بۆ نارد خوا لێیان رازی بێت موغیرەشی کردە ئەمیرو دەمڕاستیان.. بۆ سبەی وەفدێکی تری بۆ ناردن بە ئەمیرێتی روبعی کوڕی عامر خوا لیی رازی بێت. ئەم بوو کە لە وەڵامی پرسیارێکی رۆستەمدا فەرمووی: (**إنَّ اللهَ ابْتَعَثَنَا لِنُخرجَ مَنْ شَاءَ مِن عِبادَةِ العِبادِ إلى عِبادَةِ رَبِّ العِبادِ، وَمِنْ جَورِ الأديانِ إلى عَدْلِ الإسلامِ، وَمِنْ ضِيقِ الدُّنيا إلى سِعَةِ الدُّنيا والآخِرَةِ**).

ا-عەقیدەیەکی راست وپاک و بێگەرد کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەسەری کۆببێتەوە.

ب-رێزلێنانی کردەوەی چاک: لەدروشمەکانەوە بگرە هەتا هەوڵ وتێکۆشان بۆ ژیان وئاوەدانکردنەوە.

ج-بانگەشە بۆ خێرو چاکەو قەدەغەکردنی خراپە.. دەبێ تاکی موسوڵمان هەر خەمی خۆی نەبێت بەڵکو خەمی هەمووانی بێت.

د-ئەنجامدانی هەموو کردەوەو رەفتارێکی چاک لەسەر بنچینەی دادو چاکەو پەیوەندی بەجێ و دڵپاکیی و دەروونپاکیی.

<u>رۆشنیی ئامانجی کۆ:</u>

ئیسلام بەرنامەیەکی تێرو تەواویی بۆ گەیشتن بەهەموو ئامانجە بەرزەکان داناوە، وەک:

ا- بەجێهێنانی دروشمی پەرستنەکان: رۆح تێرو تەسەل و نەفس پاکوپوخت و ویست و ئیرادە بەهێزدەکات.و هەمووشی سنووری بۆ دانراوەو رێگەنادرێت لێی زیادو کەمبکرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا بەجێهێنانیان ئاسانەو لەتوانابەدەرنیە. ئیسلام گرنگی بە ناوەرۆکی ئەم خواپەرستییانە دەدات پێش رواڵەتیان. لە سەروو هەموویانەوە نوێژو رۆژوو و زەکات وحەجە.

ب-بەرنامەو رێبازی دینەکەی خوا وایە کە هەوڵدەدات ئادەمیزاد دەستبەرداری خۆپەرستیی بێ و لە پێناوی ئاسوودەیی و خزمەتی کەسانیتردا هەوڵبدات، بۆ هەموو خزمەتگوزارییەک.

ج-ئیسلام دەیەوێت هەموو چاکەو چاکەکارییەک بە خواناسییەوە پەیوەستبکات تا موسوڵمان وای لێ بێت لە ئەنجامدانی هەموو کارێکی خێردا چاوەڕێی پاداشتی خوایی بێت لە قیامەتدا.

د-هەموو ئەو یاساو تیۆرانەی کە شەرع دایناوە، هەمووی بۆ تاکو خێزان و کۆمەڵگە خێرو چاکەیە. جا خۆشبەختانە هەموو ئەو زانست وزانیاریانەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیەو ئەوەشی کە پەی پێدەبرێت هەر هەمووی لە خزمەتی قورئان و فەرموودەدایەو رۆژلەدوای رۆژ پەردە لەسەر نهێنیەکان لادەبرێت و پاکیی و بێوێنەیی ئەم ئاینە زیاتر دەردەکەوێت، کە تاکە هیوایە بۆ رزگارکردنی هەموو نەوەی ئادەم لە گێژاوی نەفامیی و کوشت و کوشتارو زوڵم وستەم.

# باسی سێیەم

## ئیسلام تاکەچارەسەرە

## چەمکی سێیەم

# ئیسلام تاکەچارەسەرە

<u>ڕێڕەوی باس:</u>

گرنگیدان بە مرۆڤ و هەوڵدان بۆ بەختەوەرکردنی لەم سەر زەوییەدا پەیامێکی گەورەو ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکی خاوەن هۆشەو نیوەی بریکاری خوای گەورەیە. چونکە مەبەست لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی کامەرانکردن و حەوانەوەی مرۆڤایەتییە، بەجۆرێک کەشتی ژیان هێمن هێمن لە دەریای بووندا لەنگەر بگرێت. ئەو ڕاستییەشمان لەیادنەچێت کە ژیانی مرۆڤ زۆر کورتەو خێرا تەواودەبێت. ساڵانێکی کەم و ماندووبوونێکی زۆر، هەوڵدانێکی سەرەمرو مردنێکی کتوپڕ، بێئاگادارکردنەوە.. کەواتە جێی خۆیەتی و شیاوە مرۆڤ هەمیشە لەو خەیاڵەدا بێت کە چۆن خزمەتی مرۆڤەکانیتر بکات، یان لانی کەم نەبێتە مایەی کێشەو تەنگوچەڵەمە لەڕێیانداو ستەمیان لێ نەکات.

ئەم بیرو تێگەیشتنە، پەیامی دونیای مرۆڤی موسوڵمانە، بە تایبەتی بەرانبەر موسوڵمان و بەگشتی و بەرامبەر مرۆڤ. بە خەوو خەیاڵ و پشوودان و کارکردن هەر ئەم کێشەیەی لە یادەو خۆشیی و ناخۆشیی و تووڕەیی و هێمنیی بۆ ئەم ئامانج و هۆکارە بێت.

ماندوبوون و خەباتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ هەروەها ڕەنجی یاوەران و پیاوچاکان لەبەر بەرژەوەندی گشتی خەڵک بووە. زۆرجار خۆیان زیانی گەورەی ماڵیی و تەنانەت گیانییشیان لێدراوە، لە وڵات و شوێنی خۆیان دەرکراون، لەخزموکەسوکاریان دوورخراونەتەوە، چەندەها دەردەسەریی و شەونخونیان چەشتووە، ئەمانەش هەمووی لە پێناوی مرۆڤدا بووە. هەر بۆیەش سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە. گۆڕانێکی ڕواڵەتیی و جەوهەرییان بەسەر ژیاندا هێناوە.. بایەخیان بە سەروەت وسامانی دنیا نەداوە، کە مردوشن هیچی واشیان لە سەروەت و سامان لەدوا بەجێنەماوە.

جگە لەمانەی پێشوو، ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی ژیان ئەوە دەخوازێت کە مرۆڤ بیروهۆشی بەسەر ئایندەدا بە نەخشەو پلانی گونجاوەوە بەرەنگاری ببێتەوە. ئەگەر

ئەمڕۆی خۆی پڕ تەنگوچەڵەمەو نالەبارىی بێت هەوڵبدات سبەینێ بۆ نەوەکانی وا نەبێت و ئەوان بەسەر کێشەو چەرمەسەریەکاندا نەکەون و پێوەی نەتلێنەوە.

لە نەخشەدانان بۆ ئایندەو هەوڵدان بۆ چاککردنی، لە ئێستادا پێویستە بیر لە هەموو لایەنەکانی ژیان بکرێتەوەو لە بنج و ریشەوە کێشەکان چارەسەربکرێن، تا هەڵنەدەنەوە. ئەمە ئەنجامی باش زیاتر مسۆگەردەکات. لە هەمان کاتدا پێچەوانە وەستانەوەی ئەم یاسایانە کێشەو تەنگوچەڵەمەکان قورستردەکەن و چارەسەریناکەن. خۆشیی ژیانی گەلان و سەرکەوتن و ژێرکەوتن و دواکەوتن و چارەسەری وچەرمەسەریی و دابینکردنی بەختەوەریی هەموویان بەم یاسایانەوە بەندن. زۆرجار بە لێکۆڵینەوەو شارەزابوون لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەم یاسایانە روونتر دەردەکەون.

لێرەدا باس لە هەمدێک لە کێشەکانی ئەم سەردەمە دەکەین، پاشان دەیسەلمێنین کە تەنها چارەسەرێک بتوانێت کێشەکان نەهێڵێت، ئیسلامە. پرۆژەی ئیسلام رەسەنەو هاوچەرخە، بۆیە هەر یەکێک لە ئێمە پێویستە زۆر دڵی خۆشبێت بەوەی یەکێکە لە هەڵگران و پێشکەشکارانی چارەسەری ئیسلامیی، چونکە هەوڵ لە پێناوی خۆشیی مرۆڤدا دەدات و بەشداری کاروانێکی پیرۆزو زۆر دێرینی ژیانی مرۆڤایەتی دەکات. پەیامێکی ئاسمانیی مرۆڤدۆستی لەدڵدایەو دەیگەیێنی و خەلکی پێ ئاسوودە دەکات. ئەمەش وای لێ دەکات هەرگیز لە بیروباوەڕو پەیامی خۆی نەیەتەخوارێ و بەشانازییەوە باس لە بەرنامەو پەیڕەویی خواکردی خۆی بکات.

ئەم چەمکە لە دوو بڕگەدا روونەدەکەینەوە:

بڕگەی یەکەم: چاوخشاندنێک بە باری ئەمڕۆی سەرزەویدا.

بڕگەی دووەم: ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن داهاتوو بۆ ئیسلامە.

**برگەی یەکەم: بارودۆخی ئەمڕۆی سەرزەمین:**

لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا، لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوودا، لە باکورو باشووردا، مرۆڤ بە گشتی تووشی جۆرەها کێشەو تەنگژە هاتوون و ژیانیان لێ تاڵبووە. لە هەر لایەک چەند دەردێک لە ئارادایەو لە هەر وڵاتێک خەڵکی بە دەست چەند کێشەیەکەوە دەناڵێنن. وەک ئەوەی ئەم چەرخە چەرخی کێشەکان بێت.

خاڵی یەکەم: کێشەکانی لادان لە وەحی:

**یەکەم: وڵاتانی پێشکەوتوو:**

وڵاتانی پێشکەوتوو، مەبەستمان لەو وڵاتانەیە کە گوزەرانی رۆژانی خەڵکی لە ئاستێکی بەرزدایە، رێژەیەکی زاناو پسپۆڕەکانی جیهان لەو وڵاتانەدان، بانقە جیهانیە گەورەکان و دەزگاکانی راگەیاندن و گواستنەوەو جووڵەی کاروباری بازرگانیی و پیشەسازیی و هێزی سەربازیی و چەکی ترسناک بە زۆری لەم وڵاتانەدایەو ئەوان رێڕەوی کارکردن و بەرزونزمی زۆرینەی شتەکان بڕیاردەدەن. بەکورتی لە رووی ماددیەوە هیچ کەموکورییەکیان نییە. وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو روسیاو چین و یابان و زۆربەی ولاتە ئەوروپییەکان لە ریزی وڵاتە پێشەکەوتوەکاندان. گرنگترین تەنگوچەڵەمەی ئەم وڵاتانە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە.

١-لاوازییەکی زۆری گیانیی و کەم نرخبوونی بەها مەعنەوییەکان. بە جۆرێک ژیان وەک ئامێر میکانیکیانە بەڕێوە دەچێت و دابڕانێکی زۆر لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا بەدیدەکرێت. چەمکەکانی خۆشەویستیی و بەزەیی و گرنگیی بەیەکدان مانایان نەماوەو تەنانەت لە خێزانەکانیشدا زۆر بە لاوازیی دەبینرێت. هەروەها پەیوەندی مرۆڤەکان _بەگشتی_ مادده دیاریدەکات و لە هەموو شتێکدا خۆپەرستیی و بەرژەوەندیی تاک دەپەرسترێت. هەر ئەمەشە لەسەر ئاساییترین تەنگوچەڵەمە، لەبەر بچوکترین هۆکار، خەڵکی خۆیان دەکوژن. بێهودەیی و بەهیچ زانینی ژیان و هەستنەکردن بە پەیامی مرۆڤ وایان لێ دەکات بێزاربن، رقیان لە خەڵک و پاشان لە خۆشیان ببێتەوە! دەوڵەتی سوید کە

بە فیردەوسی سەرزەمین ناودەبرێت و (٢٠٠ ساڵە) هیچ شەڕێک تێیدا رووینەداوەو خەڵکەشی باشترین جۆری زەمانەتی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و رۆشنبیرییان هەیە، کەچی رێژەی خۆکوشتن تیایدا بە پێی ئامارەکان رۆژانە ١٣ کەسە.

٢-نەخۆشییە دەروونییەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکیی و بەسەرخۆداشکانەوەو گۆشەگیریی هێرشی بۆ زۆربەی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە هێناوە. بۆ نموونە تەنها لە ئەمریکادا زیاتر لە (٧٥٠هەزار) کەس بەدەستیەوە دەتلێنەوەو زیاتری ٥٥%ی چرپای نەخۆشخانەکان بۆ نەخۆشە دەروونییەکان تەرخانکراوە! دووبارە تەنها لە ئەمریکا ساڵانە (١ملیار) دەنک حەبی هێمن کەرەوەی ئەعساب بەکاردەهێنرێت.. زۆرجار ئەم نەخۆشییە دەروونیانە پاڵ بەنەخۆشەکانەوە دەنێن دەستدرێژیبکەن و تەنانەت خەڵکیش بکوژن.

٣-نەمان و وونبوونی بەها رەوشتیەکان و دەرکەوتنی دیاردەی دزیی و کوشتن و دەستدرێژییکردن بۆ سەر ناموس و سامانی خەڵک و جیاوازییکردن لەسەر بنەڕەتی رەنگ و زمان. رەواج پەیداکردنی بازاڕی رەش و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئەندامەکانی لەشیی و بە خوێنیەوە! ئامارەکان شتی سەیر دەڵێن: ساڵانە لە ئەمریکادا (٦٤٠هەزار) تاوان بە هۆی چەکەوە دەکرێت. لە کاتێکدا بە پێی یاسا هەڵگرتنی چەک یاساغە. خۆ دیاردەی بەرەڵڵایی سێکسیی و مناڵی بێژوەکان (زۆڵەکان) هەموو جیهانی هێناوەتە لەرزین. بەوە مەزەندەدەکرێت لە ئەوروپادا هەر چرکەیەک مناڵێکی ناشەرعی لەدایکدەبێت.. زۆرجاریش هەر لەباردەبرێت.

گێژاوی تاوانی زیناو ریزپەڕی سێکس (الشذوذ الجنسى) هەزارەها کەسیان گیرۆدەکردووەو چەندەها نەخۆشی کوشندەی وەک زوهریی و سەیەلان و ئایدزی تێدا بڵاوکردونەتەوە. رێژەی ئەم دیاردەیە ئەوەندە زۆرە ناچار دەوڵەت و کەنیسەش دانی پێدا دەنێن و ناتوانن باس لەبنبڕکردنی بکەن.

هەمیشە ئالوودەبوون (ادمان)ی مەی و تلیاککێشان دەردێکیتری رەوشتییە. حکومەتی ئەمریکی لە ساڵی (١٩٨٠ تا ١٩٩٠) زیاتر لە (١٠٠بلیۆن) دۆلاری خەرجکرد تا کاریگەریی تلیاک نەهێڵێت، بەڵام تا ئێستاش هەر لە زیادبووندایە.

کێڵگەکانی حەشیش و باندە قاچاغیەکانی تلیاک جۆرەها فێڵ و شێوازی تازە بەکاردەهێنن و بەدەگمەن نەبێت یاسا پێیان ناوێرێت. لە ساڵی (١٩٨٧)دا ژمارەی ئەوانەی

تلیاک و ماددەی سڕکەریان بەکاردەهێنا ٤٩%ی کۆمەڵگەی ئەمریکی بوون.. ئەم ڕێژەیەش هەر بەرەو سەرەوە بەرزدەبێتەوە.

٤-قەیرانێکی فیکریی بەرچاو ئەم وڵاتانەی گرتۆتەوە. خەڵکی لە بەتاڵییەکی فیکریدا دەژین و پەیامی خۆیان لێ ونبووە، ناچار بەدوای چێژوەرگرتن و کامەرانبووندا وێڵبوون و جۆرەها شێوازو ڕێگەیان بۆ بەکارهێناوە.

زۆر لە لێکۆڵەرەوەکانیان ناچاربوون دوای توێژینەوەی زۆر نەبینینی هیچ پرۆگرامێکی شیاو بۆ ژیانی مرۆڤ، ئەم چەرخە ناوبنێن چەرخی کۆتاییهاتنی ئایدۆلۆژیەکان. هەر بۆیەش هەموو هەنگاوو هەڵوێست و بڕیارێکیان لەسەر بەرژەوەندییە ماددییەکانیان بنیاتدەنێن.

٥-وە نەبێت لایەنی ئازادییە گشتییەکان و چالاکییە سیاسییەکان بێ تەنگوچەڵەمەبن. ئەو دەستەو پارتەی دەسەڵاتی ماددی هەیەو کەناڵی ڕاگەیاندنی بەهێزی لەژێر دەستدایە، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ڕای گشتی خەڵک دروستبکات و ڕەشیان لێ بکات بە سپی. هەر چەندە لەسەر ئاستی تاک وا دەزانن ئازادن و دەتوانن بەشداری هەر چالاکییەک بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا وا نین و ئازادیەکەیان ڕوکەشە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەر بیر لەوە دەکەنەوە چۆن نەخشەو پلان دانێن و کۆنترۆڵی جیهانیان لە کیس نەچێت و بەرژەوەندییەکانیان نەکەوێتە مەترسییەوە. ئیتر لەم پێناوەدا چەندەها ناهاوسەنگیی و دووڕوویی و یاساو پرۆتۆکۆلی جیاجیا دەربکەن بە خەیاڵیاندا نایەت و لایان گرنگ نییە. ئێستا لەسەر ئاستی جیهان نائارامیی و کێبڕکێیەکی زبر هەست پێدەکرێت و هەمیشە بۆ یەکتر لەکەمیندان.

٦-پەیوەندییەکانی خێزان و لەیەکتر پرسینەوەو خزمایەتی لە ناویاندا زۆر کاڵبۆتەوە. ئەگەر کوڕێک ساڵانە جارێک باوکی ببینێت بەخەیاڵییدا نایەت و لای گرنگ نییە (خانەکانی بە ساڵاچوو کەم دەرامەتەکان) پڕن لەو پیرومێردو پیرێژنانەی کوڕو کچەکانیان وازیان لێ هێناون و نایەن بەلایاندا. سەردانی یەکترو بەدەمەوەچوون لە تەنگانەو نەخۆشیی و مردندا نییەو ناچار حکومەت دەزگاو فەرمانبەری تایبەت بەوانەی داناوە.

٧-كە دەڵێین وڵاتانی پێشكەوتوو تەنگوچەڵەمەی ئابوریيان نییە، ئەوە ناگەیەنێت كە تاكەكانی كۆمەڵگە زوڵمیان لێناكرێ و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی لە ئارادایە نەخێر، بە شیوەیەكی گشتی كۆمەڵ بۆتە دووچین سەرمایەدارو زۆرخۆش گوزەران و بێ تەنگ و چەڵەمە، لە بەرامبەریشدا چینی هەژارو كرێكارو زۆر دەستكورت كە بەهیچ جۆرێك داهاتی رۆژانەیان بەشی پێداویستییە سەرەكیەكانی ژيانيان ناكات. ئەم چینە پێویستە لە هەوڵێكی سەرەمرِدابن و بەری رەنجیشیان بۆ خۆیان نابێت.

**دووەم: وڵاتانی دواكەوتوو:**

مەبەستمان لەو وڵاتانەیە كە ئاستی گوزەرانی خەڵک نزمەو پێداویستییەكانی ژیان تیایاندا چنگ ناكەون. زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریكای لاتین و چەند وڵاتێكیتر دەچنە ریزی لیستی وڵاتە دواكەوتوەكانەوە. دەتوانین گرنگترین كێشەو تەنگ و چەڵەمەكانی ئەم وڵاتانە بەم شێوەیە نیشانە بكەین:

١-كەوتنە ژێر فشارو پاشكۆیەتیكردنی وڵاتانی پێشكەوتوو، لەبوارە جیاجیاكانی رامیاریی و ئابوریی وكۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییداو هێنانی بیردۆزو تیۆری وەرگیراو لە وڵاتانی پێشكەوتووەوەو هەوڵدان بۆ چەسپاندنیی.. زۆر جار ئەم هەولانە لەگەڵ رەوتی مێژوویی و پێكهاتەی كەسایەتی ئەو كۆمەڵگایەیتردا پێچەوانە دەوەستێت و ئاژاوەی لێ پەیدا دەبێت.

بۆ نموونە رێبازی دونیاگەریی (عەلمانییەت) كە هەڵقوڵاوی بیروبۆچوونی رۆژئاواییەوە لەسەرنجامی ستەم و زۆرلێكردنی دەسەڵاتدارانی كەنیسە لە زاناكان و پاشاكان، لە زۆرینەی خەڵكەوە هاتۆتەكایەوەو ئایین لە هەموو چالاكییەكانی ژیان جیادەكاتەوەو دەیخزێنێتە كونجی كەنیسەو پەرستگاكانەوە. لە وڵاتە دواكەوتوەكانیشدا ئەم رێبازە لە قالبی دوو تیۆری جیادا پیادەكراوە:

ا-تیۆری سەرمایەداریی: كە گرنگترین كێشەیەك خوڵقاندبێتی كێشەی چینایەتیی و رق لێ بوونەوەی هەژارە لە دەوڵەمەندەكان، كەڵەكەبوونی سامان و داهاتی كۆمەڵگەیە لەژێر چنگی دەستەیەكی كەمدا. ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان یاری بە بەرژەوەندی و بژێوی كەسانیتری كۆمەڵگە دەكەن.

ب-لە دژەكاری (رد فعل)ی رەوتی سەرمایەداریدا لەجیهاندا:

١-بەگشتی و پاشانیش لەم وڵاتانەدا تیۆری ئیشتراکی هاتۆتەکایەوە. لەم تیۆرەشدا تاک بە تەواویی لە کۆمەڵدا دەتوێتەوەو ئیرادەی خۆی لەکیسدەدات و خاوەنی هیچ نابێت. حیزب وزۆرینەی خەڵکیش برسی و هەژارو کەم دەستدەبن.

ئەم دوو تیۆرە لە جۆرەها بەرگ و شێوازدا بانگەوازیان بۆ کراوەو بەرهەڵستکارانیان یاساغبوون و پاش سەرکوتکردن بنەبڕکراون.

٢-لە دەرەنجامی خاڵی یەکەم و پێچەوانەبوونەوەی ویستی سەرۆک وڵات و جەماوەردا قەیرانێکی سیاسی روویداوەو خەڵک لە زۆر ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشکراوەو جۆرەها رژێمی سەرکوتکەرو سەربازیی لە گۆڕێدان و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بە زەحمەت هەڵدەکات. ئازادیی رۆژنامەگەریی و رادەربڕین و رەخنەگرتن سنورەکانیان زۆر تەسکبۆتەوە. بەمەش رەوتی پێشکەوتن و شارستانیی و رۆشنبیریی ئیفلیجبووەو داهێنان و کاری تازەو باش زۆر کەم دەبینرێت.

٣-هەژاریی و نەزانیی و نەخۆشیی ئەو سێ کوچکەیەن وەک مێخ بەسەر سنگی ئەم وڵاتە دواکەوتووانەدا چەقیون و نوزەیان لێ بڕیون. تەنیا لە ساڵی (١٩٧٩)دا کە بە ساڵی مناڵپارێزیی ناوبرا، لەم وڵاتانەدا زیاتر لە (١٧ ملیۆن) منداڵ لەبرسا مردن.. هەلی رزگارکردنیان نەبووە! لەپاڵ ئەمانەشدا نەخۆشیەکانی کەم خۆراکیی و لاوازیی لەشولار زۆر بڵاوە لەناو خەڵکەکانیداو چارەسەریشیان زەحمەتە. خزمەتگوزاری تەندروستیی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییەکانیش زۆر کەمن و خەڵک لێیان بێبەشن. لە زۆر وڵاتانی وەک گامبیاو گاناو مۆریتانیاو سەنیگال ومۆزەمبیق کەمتر لە ٢٠%ی پێویستییە سەرەکییەکانی خەڵک لە خۆراک و دەرمان دابیندەکرێت.

٤-وە نەبێت ئەم وڵاتانە لە رووی سروشتییەوە هەژاربن، نەخێر زۆرترین کانزاکانی وەک پلاتین و کۆباڵت و ئەڵماس و ئاسن و مس لەژێر خاکی ئەم وڵاتانەدان. زیاتر لە ٨٨%ی بیرە نەوتەکانی جیهان دەگرنەخۆیان. بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی وەک لۆکەو لاستیک و تەختەو تەپەدۆر بڕی زۆریان لەم وڵاتانەدا دەستدەکەون. تەنانەت تیشکی خۆریش بە بڕی زۆرتر دەشکێتە سەر زەوییەکەیان. سەرەڕای ئەم هەموو دەوڵەمەندییە هەر هەژارو

نەدارن و زۆربەی پێداویستییەکانیان بە نرخێکی گران لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە بۆ دەنێرن. پرۆژەکانی پەرەپێدان تیایاندا سەرناکەوێت و چۆنیەتی بەڕێوەبردن هەمیشە لەدواوەیە.

٥-ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی زیادکردنیان لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا گەلێ لە هی وڵاتە پێشکەوتوەکان زیاترە. ئێستا زیاتر ٧٠%ی جیهان لە وڵاتانی دواکەوتوودا دەژین و ڕەنگە بە کۆتایی ئەم سەدەیە ببنە ٨٠%ی سەرجەم دانیشتوانی سەرزەمین. بەڵام لەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان سوودی لێ نەبینراوەو نەتوانراوە بە شێوەیەکی ڕاست بەکاربهێنرێت. بۆیە زیاتر بارەکەی سەرشانی قورسکردوون و تەگەرەی لە پێشکەوتنیاندا دروستکردووە.

ئەمانە و چەندین کێشەی وردو گەورەی دی، کە ڕەنگە هەر ساتەناساتێک بتەقنەوەو لافاوی خوێن بەرپابکەن.

بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە نا ئارامیی و پشێوییەکی گشتی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە.

خاڵی دووەم: سەرنەکەوتنی چارەسەرە خوازراوەکان:

دوای ساڵان و ئەزمونێکی زۆر ئێستا لەناو گەلانی موسوڵماندا بەروونی ئەوە ئاشکرابووە کە چارەسەرە خوازراوەکان نەک هەر نەیانتوانیوە کێشەو تەنگوچەڵەمەکان چارەسەربکەن، بەڵکو کێشەی تریشیان هێناوەتە کایەوەو کەلەبەری تریان دروستکردووە. هەرچی کەموکوڕییەک لە سیستمەکانی پێشویاندا هەبوون و ئەمان بۆ ئەوە هاتبوون لەناویانبەرن، سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناو خۆشیان کەوتنەوە هەمان هەڵەوە. زۆر جار لەوانیشیان تێپەڕاندو کورد واتەنی هەر (ئەمساڵ خۆزگەم بەپار)یان بۆ دەوترێت. ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەم لایەنانە بدەین ڕاستی ئەم قسەیەمان بۆ دەردەکەوێت:

**١-لایەنی ئابووریی:**

تا ئێستاش ئابووریی وڵاتانی ئیسلامیی هەر لە نزمبوونەوەدایەو بەرهەم زیادینەکردووەو دابەشکردنیش هەر نادادپەروەری پێوە دیارە. ڕێژەی بەتاڵە زۆرەو موچەی کرێکارو فەرمانبەران بەشی ژیانێکی سادە ناکات و فرسەتەکانی کارکردن بۆ هەموو خەڵک وەک یەک نییە. هەژاریی و نەخۆشیی وبرسیەتیی هەر خەڵک لەناو دەبەن. تەنانەت ئەو

کشتوکاڵەی لە زۆربەی وڵاتاندا دەکرا، کەمیکردووەو وای پێویستکردووە زۆری پێداویستیەکان بە هاوردەکردن لە دەرەوە دابینبکرێن. ئەمەش زۆر وڵاتی تووشی قەرزداریی و جۆرەها شێوازی نابووتیی کردووە.

**٢-لایەنی ئاسوودەیی و هێمنیی گەل:**

ئاسایش و ئازادی راستەقینە بۆ رۆڵەکانی گەل فەراهەم نەهاتووە، خەڵکەکە ناتوانن بەئازادیی و بێترس رای خۆیان دەرببڕن و رەخنەبگرن و پەنجە بخەنە سەر دیاردە دزێوەکان. لەسەر قسەو باسی زۆر سادەو ساکار چەندەهایان بە نیوەشەو لە ماڵەکانیانەوە دەفرێنرێن و لە تاریکی بەندیخانەدا توندیان دەکەن.

**٣-بواری رەوشتیی:**

بواری رەوشت و بەها بەرزەکان وەک خۆیان نەماون و نەپارێزراون. پشێوی ژیان تاک وکۆی گرتۆتەوەو خراپەکاریی و گێرەشێوێنیی و یاریکردن بەبەرژەوەندی گشتی و پێشێلکردنی مافی کەسانیتر لە ئارادایە، زۆر کەس تەنها بیر لە بەرژەوەندی تەسکی خۆی دەکاتەوەو دیاردەکانی پشتگوێخستن و بەتەنگەوەنەهاتن و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لای زۆرکەس نەماوە.

**٤-بواری رۆحی:**

ئەو چارەسەرە خوازراوانەی کە هاتونەتە ناوەوە، نەیانتوانیوە باری ئیمانیی خەڵکی بپارێزن. هەستکردن بە چاودێریی و ترسی خودا کەمەو کاریگەریی لە کاروباری رۆژانەدا لاوازبووە.

لەلایەکی ترەوە رەوتێکی بێباوەڕی و نکوڵییکردنی هەموو راستییە ئاسمانییەکان لە گۆڕێدایەو بە هەموو شێوەیەک پشتگیریان لێ دەکرێ و ئازادی کارکردنی تەواویان هەیە.

**٥-کێشەی گەلانی موسوڵمان:**

لەسەر ئاستی یەک گەل و وڵات یەکگرتن و یەکڕیزیی بەدیناکرێت و باسە جیاوازە بچووکەکان بە ئاسانی گەورە دەبن و ململانێی نادروست پەرەیساندووەو لە زۆر شوێندا هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکیش دەکات.

لەسەر ئاستی وڵاتە ئیسلامییەکانیش کێشەکان پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە نەبینیوەو چارەسەرنەکراون. تا ئێستاش گەلانی کوردستان و فەلەستین و ئەفغان و کشمیرو بۆسنەو چەندین گەلانی دی هەر بەم کێشەو گرفتانەوە دەناڵێنن و بنەبڕدەکرێن و ناهێڵن مافی خۆیان وەرگرن و لەسەر پێی خۆیان راوەستن.

خاڵی سێیەم: چارەسەر پێویستە:

ئەم بارودۆخەی جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی موسوڵمان بەتایبەتی کە تێی کەوتوون ئەوە دەردەخەن کە پێویستە چارەسەرێک هەبێت و ناشێت کێشەکان تاسەر هەروا بێ چارەسەربن. بەڵام بۆ ئەوەی هەڵەکان دووبارە نەبنەوەو بارودۆخەکە جارێکیتر تێکنەچێتەوە، پێویستە ئەو چارەسەرە ئەم سیفەتە گشتییانەی تێدابێت:

١-لەگەڵ بیروباوەڕی گشتی خەڵکدا بگونجێت و جیاوازی بنەڕەتیی لەگەڵیاندا نەبێت. بەها رۆحیی و مەعنەوییەکان رەتنەکاتەوەو لەگەڵ سروشتی گەلێکی موسوڵماندا بگونجێت. چونکە هەر چارەسەرێک ئەم خاڵە رەچاونەکات سەرکەوتن بەدەستناهێنێت.

٢-لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئیسلامدا پێچەوانەنەبێتەوە. چەمکەکانی خێزان و بنەماکانی پەیوەندی کۆمەڵگەی ئیسلامیی نەشێوێنێ و نکووڵیان لێ نەکات.

٣-زیادەڕەویی تێدانەبێت و دادپەروەرو میانەڕەو بێت، سەرکەوتنی خۆی لەسەر قەناعەت پێکردن و قبوڵکردنی خەڵک بنیاتبنێت، نەک بە ڕێگەی خوێنرشتن و زوڵم و زۆر خۆی بسەپێنێت. تا بتوانێت دڵی خەڵک لە هەموو چین و توێژە جیاجیاکاندا پێکەوە ببەستێت و ئاشنایان بکات بەیەک.

٤-بتوانێت ئاستێکی باشی خۆشەویستیی و یارمەتییدان لە نێوان گەلانی جیهاندا دروستبکات و لەو دڵەڕاوکێ و نائارامییە رزگاریان بکات. کۆنە برین و زامەکانیان سارێژبکات و نەیانکولێنێتەوە.

٥-پاشکۆیەتی بسڕێتەوەو وا لەگەلان بکات خۆیان کەسایەتی خۆیان دیاریبکەن و نەچنە ژێر کاریگەری یەکتری یان دەرەکییەوە.

٦-چارەسەرێکی واقیعی بێت. خەوو خەیاڵ و چنراوی ئەندێشە نەبێت. لەگەڵ کات و شوێندا گونجاوبێت و بەو رۆژگارەی کە تێیدا دەژی نامۆ نەبێت.

٧-چارەسەرێکی پڕاوپڕو گشتگیر بێت و هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ پشتگوێنەخات. لاشەو گیان بە وردیی بخوێنێتەوەو مامەڵەی تەواویان لەگەڵدا بکات.

٨-چارەسەری خاوەن ئەزموون و ژیان و لە جیهانی واقیعدا _ئەگەرچی بۆ جارێکیش بێت_ هێزو پتەویەکی پێدەبەخشێت و شیاوی دووبارەبوونەوەی دەبێت.

**<u>بڕگەی دووەم: چارەسەری ئیسلامیی:</u>**

بە وردبوونەوە لە خاڵەکانی پێشوو دەردەکەوێت کە ئەو چارەسەرەی بتوانێت رۆڵی راستەقینە ببینێت، تەنها ئیسلامە.

زۆرجار کە زاراوەی چارەسەری ئیسلامیی دێتە بەرگوێ، یەکسەر بڕینی دەستی دزو جەڵدەلێدانی زیناکەرو تۆڵەسەندنەوەی کوژراوو ئەحکامەکانیتر بە خەیاڵدا دێت، راستە ئەمانە لە کات و شوێنی خۆیاندا بەشێکن لە چارەسەری ئیسلامیی، هەمووی نین. ئەم تێگەیشتنە بەرامبەر بەچارەسەری ئیسلامیی کەموکورتە.

لە چارەسەری ئیسلامییدا پێویستە بیروباوەڕو دروشم و تێگەیشتن و بیروهۆش و ئارەزوو و رەوشت و پەروەردەی خەڵکی، ئیسلامیی بن. یاساو فەرمانەکان بە ئیسلام تەریب بن.. واتە کۆمەڵگەی ئیسلامیی بە هەموو سیفەت و تایبەتمەندییەکانیەوە بێتەکایەوە. هێڵە گشتییەکانی چارەسەری ئیسلامیی ئەم بەش و لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**<u>١-لایەنی گیانی و رەوشتی:</u>**

لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەنها جەستە نییە، بەڵکو کیانێکە کە سەرکردایەتی مرۆڤ دەکات و لە قەفەزی جەستەدا بە گرنگیپێدانی هاوسنگیی و هێمنیی بۆ سەر مرۆڤ دەبارێنێت.

چارەسەری ئیسلامی بە تەواویی ئەم لایەنە گیانیەی نرخاندووەو بۆ گەشەکردنی هەوڵدەدات. ئەویش بە ئیمانی راست و پەرستشی تەواوو رەوشتی بەرز دەبێت. گرنگیدانی چارەسەری ئیسلامی بە گیانی مرۆڤ لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

ا-زیندووکردنەوەی چەمکە ئیمانییەکان لە دەروونی مرۆڤداو دروستکردنی بیروبۆچوونی دروست بەرامبەر بە خوای گەورەو ناوو سیفەتە بەرزو پیرۆزەکانی و کارلێککردن لەگەڵ پەیام و نێردراوەکانیدا. چونکە باوەڕهێنان بە خوای مەزن دەبێتە ئەو سەرچاوە شیرینەی گیان دەحەوێنێتەوە.

لەبەرامبەر ئەمەشدا مرۆڤ لە هاوەڵپەیداکردن و پەرستنیی غەیری خواو هەموو جۆرەکانی گومان رزگاردەکات و مرۆڤ لە هەموو زیادەڕەویی و گۆڕانکارییەکی شێواو دەپارێزێت.

ب-پەروەردەکردنی خەڵک لەسەر ماناکانی دڵسۆزیی وپارێزکاریی (تەقوا)و لە خواترسان و پشتبەستن بەخواو متمانەبوون بە هەڕەشەو بەڵێنەکانی. ئەم جۆرە پەروەردەکردنە وا لەمرۆڤ دەکات هەست بە چاودێری خودا بکات، لەسەر هەموو کردەوەکانی و هەرگیز قیامەتی بیرنەچێتەوەو لە یادیدا بێت، کە رۆژێک دێت بە تەنها لەبەردەم لێپرسینەوەی خودادا رادەوەستێنرێ، جگە لە کردەوەکانی خۆی هیچ فریای ناکەوێت. ئەم مانایانە پاڵنەری گەورەو یەکەمی کاری چاک و راستبوونەوەی مرۆڤن. بە هۆیانەوە دڵی زیندو و ویژدانی ئاگادار پەیدادەبێت.

ج-زیندووکردنەوەی هەموو رەوشتێکی بەرزی وەک بەخشندەیی و لێبوردەیی و داوێنپاکیی و خۆگرتن و هاریکاریی و رێزگرتن و شایەتیی راست و ئامۆژگاری باش و بە ئەمەکیی و میانەڕەویی، لەلایەکی تریشەوە سڕینەوەی رەوشتی دزێوی وەک ئارەزووبازیی و خۆپەرستیی و ماددەپەرستیی و گێرەشێوێنیی و درۆو ستەمکاریی و دووڕوویی و خۆبەزلزانیی و خۆهەڵواسین.

د-شانازیکردن بە بەرنامەی پڕاوپڕی گشتگیری ئیسلام و دڵخۆشی و متمانەبوون بەوەی بەرنامەی خودایەو هاوسەنگیی و روونیی و ئاشکرایی و تەواویەتیی لە خۆیدا هەڵگرتووە. پاش ئەمەش قوربانیدان بە هەموو شتێک لەپێناوی ئیسلامدا.

ە-چەسپاندن و بەجیهێنانی دروشمە پەرستنەکانی ئیسلام و ڕێزلێگرتنیان بەوپەڕی تواناو هاندانی خەڵک بۆ بە ئەنجامگەیاندنیان و خۆشکردنی ڕێگە لە هەموو شوێنە گشتی و ڕەسمیەکاندا بۆ گەیشتنە ئەم مەبەستە.

و-زیندووکردنەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی مزگەوت لەوەی پەرستگاو قوتابخانەو پەیمانگای پەروەردەیی و کۆڕی یەکترناسین و پێکگەیشتنی خەڵکانی گەڕەکە. بە شێوەیەک کە ئافرەتانیش بتوانن لە ڕۆڵی مزگەوتدا بەشداربن وشوێنی تایبەتی خۆیان هەبێت.

ز-بەهێزکردن و برەوپێدانی وتارەکانی هەینی و فرسەتدان بە وتارخوێنان تا بەوپەڕی ئازادییەوە ڕاستیەکان بڵێن و پەنجە بۆ لاری و چەوتییەکانی ڕابکێشن و بۆ مەبەستی دنیایی قیامەتی خۆی نەدۆڕێنێ.

ح-پاک کردنەوەی ڕەوشت و پەرستن و باوی خەڵک لەو خڵتانەی پێوەی لکاون و لە بنەڕەتدا هی ئیسلام نین، تا ئیسلام بگەڕێتەوە بۆ بەرنامە ساکارە ڕوون و ئاشکراکەی خۆی، ئەمەش بە شێوازی بەرزو نەرم و دانایی یەوە.

**٢-لایەنی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری:**

گەورەترین بەخششی خوایی بۆ مرۆڤ ژیرییە هەر بەو هۆیەشەوە کراوەتە بریکار و ئاوەدانکەرەوەی زەوی. هەر بۆیە ئیسلام لە فەرمانەکانیدا جەخت لەسەر بیرکردنەوەو فێربوون دەکات و نەزانی و بێئاگایی پێ پەسەند نییە.. لەم لایەنی پەروەردەییەدا ئەم خاڵانە لەبەرچاو دەگرێت:

ا-خوێندن و فێربوون بۆ هەموو کوڕان و کچان فەراهەم بێت و کەسی لێ بێبەشنەبێت. هۆکارەکانیان بۆ ئاسانبکرێت و گرنگی شایستەیان پێبدرێت، چونکە ژیانی ئەم سەردەمە بێخوێندن ئەستەمە.

ب-هەوڵەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریی تەواو بکرێت و ئەم دەردە لەکۆمەڵدا بە تەواویی بنەبڕبکرێت.

ج-گرنگی تەواو بە هەموو لقی جیاجیای زانستەکان بدرێت و پشتگیری ماددیی و مەعنەویی قوتابیان بکرێت و ڕێگەی تایبەتمەندیی و پسپۆڕییان بۆ ئاسانبکرێت.

د-بەرنامەو دیدی ئیسلامیی لە هەموو بوارەکانی عەقیدەو فیقهو رەوشت و ئابوریی و رۆشنبیرییدا، لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بخوێنرێت و لەسەرچاوە پاکەکانییەوە هەڵگۆزرێت.

ە-پێداچوونەوەی پرۆگرامی خوێندن و پاککردنەوەی لەو بەشە نازانستیی و نائەکادیمییانەی کە تێیدایەتی. ئەمەش لە هەموو لقەکانی زانستی و ئەدەبییدا.

و-دانان و ئامادەکردنی کتێب و پرۆگرام لەو بابەتانەی پشتگوێخراون و گرنگییان وەرنەگرتووە.

ز-مامۆستای چاک و بەتواناو بە ئەمەک پێبگەیەنرێت و بتوانن _بە شارەزایی_ پرۆگرام و بەشەکانی خوێندن پیادەبکەن و بچن بەدەم پێداویستی قوتابیەکانەوە لەو ماددانەی دەیلێنەوە.

ح-هەست و هۆشیاریی و رۆشنبیریی خەڵک بگەشێنرێتەوەو کەس بێبەش نەکرێت، تا بەگشتی بتوانن ئیسلام بهێننە واقیعەکەوەو رۆڵی خۆیان ببینن.

ل-هەوڵبدرێت ئینسکلۆپیدیا (موسوعە)ی ئیسلامیی بنوسرێت و لە ئاستی ئینسکلۆپیدیاکانی ئەم سەردەمەدا بێت و لە هەموو تایبەتمەندیەکاندا قسەبکات و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و فیقهو مێژوو بگرێتەوەو ببێتە سەرچاوەیەکی بەردەست و باشی تێگەیشتن لەو بابەتانە.

ی-نووسین و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو باسی چاک لەسەر ئیسلام و بەزمانی هاوچەرخ، بە جۆرێک بۆ ئەوە بگونجێت وەربگێڕرێت بۆ زمانەکانیترو ببێتە سەرچاوە بۆ ئەوانیش.

ک-کۆمەڵ و سەنتەرو دەزگای لێکۆڵینەوەی جیاجیا بکرێتەوەو لەوێوە بەرهەمی فیکریی و رای بەجێ و یاسای رۆژانە دابڕێژرێت و گۆڕاوەکانی ژیان تاوتوێ بکرێت.

ل-نەخشە بکێشریت بۆ فەراهەمهێنانی ئەدەبێکی پەیامداری هاوچەرخ، تا دەزگاکانی راگەیاندنی پێ بەهێزبکرێت و بتوانن ئەرکی راستەقینەی خۆیان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا ببینن.

**٣-لایەنی کۆمەڵایەتی**

ئیسلام پێی وایە کە تاکی باش و خزمەتگوزار لە کۆمەڵگەی باشدا نەبێت پەروەردە نابێت و گۆشەگیریی و تەنیایی هیچ بەرهەمناهێنن. لەبەرئەوە کارەکۆمەڵایەتییەکان پشکی

گەورەیان پێدەبڕێت و زۆر گرنگیان پێ دەدرێت.. لەم بوارانەوە لایەنی کۆمەڵایەتی بەهێزدەکرێت:

ا-گرنگیدان بە ئافرەت و هەوڵدان بۆ بینینی رۆڵی راستەقینەی خۆی، بە گێڕانەوەی کەسایەتی رێزلێگیراوو هۆشیارکردن و متمانەپێدانی لە هەموو لایەنێکی ژیاندا.

ب-چاودێری باری ژیانی منداڵان و چۆنیەتی پەروەردەکردن و پێگەیشتنیان. کردنەوەی خانەی حەوانەوەو پەروەردەکردن بۆ بێباوک و بێدەرەتانان و فرستەت پێدانیان لە خوێندن و فێربووندا. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەکردن لای دایکوباوکان تا وەک پێویست بەدەم مناڵەکانیانەوە بن و لادان تیایاندا روونەدات.

ج-یارمەتییدان و هۆکار ئاسانکردن بۆ پێگەیشتنی لاوو گەنجەکان لە هەموو روویەکەوە. لاشەو گیان و ژیری و رەوشت و کۆمەڵایەتییان پێشبخرێت و بکرێنە نەوەیەکی ئامادە بۆ ئاسۆیەکی رۆشنی ئایندە.

د-بەرەنگاریکردن و کەمکردنەوەی رەوتی چاولێکەریی و وونبوونی کەسایەتی خەڵک، لە جلوبەرگ و رەوشت و هەڵوێست و رەنگ و روودا.

ە-ژنهێنان و پێکەوەنانی خێزان بۆ گەنج و لاوەکان ئاسانبکرێت و لەم کارەدا یارمەتیان بدرێت و تێگەیشتنی تەواو دەربارەی شوکردن و ژنهێنان لای خەڵک دروستبکرێت.

و-گرنگی بە هەموو جۆرەکانی هونەری خاوەن پەیام بدرێت و بەرەو پێشکەوتن و باشتربوون ببرێت.

ز-مەی بە هەموو جۆرەکانییەوە قەدەغەبکرێت و لەبەرچاوان نەهێڵرێت، تا لەشولارو ژیری و رەوشتی خەڵک بپارێزرێت و سامانی نەتەوەیی گەلیش بەفیڕۆنەڕوات.

ح-یانەو شوێنەکانی قومارو خراپەکاریی دابخرێن و کۆمەڵ لە زیان و شوێنەوارە دزێوەکان پاکبکرێتەوە.

ل-لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر دەزگا رەسمییەکان بکرێت و گوزەران و ژیانی فەرمانبەران دەستەبەر بکرێت، تا رێگە لە بەرتیل بگیرێت و کارەکان بە ئەمانەتەوە بەرەوپێش بچن.\

**٤-لایەنی ئابووری:**

یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی ئیسلام زەکاتە، یەکێک لە تاوانە گەورەکان سووخواردنە. ئەمانە هەردووکیان ئابورین. ئەمەش گرنگیی تەواوی ئیسلام دەردەخات بە لایەنی ئابووری. هێڵە گشتییەکانی چارەسەری ئیسلامیی لەم بوارەشدا ئەمانەن:

ا-رەخساندنی بواری کارکردن بۆ هەموو کەسێکی بەتواناو ماندان و یارمەتییدانی بە مەشق و راهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریی خۆی لە کارەکەیدا. رێگرتن لە تەممەڵیی و بێکاریی و پاڵدانەوە بۆ کەسە بەتواناکان.

ب-هەموو کرێکارو خاوەن کارێک هێندەی کارەکەی خۆی و لە کاتی خۆیدا موچەو هەقدەستی خۆی پێبدرێت و هیچ جۆرە کەموکووڕییەک لەم بوارەدا روونەدات. لە هەمان کاتدا یارمەتی ئەوانەش بدرێت کە کارو پیشەکەیان ئەوەندە دەست ناخات بە باشی پێی بژین.

ج-دام ودەزگای تایبەت بە کۆکردنەوە زەکات هەبێت و دەستکورت و هەژاران لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا سواڵنەکەن و دەروونیان نەشکێت و فێریشی نەبن. دابەشکردنی زەکاتیش بە پێی یاسایەکی وردبێت و کەسی نەداری لێ بێبەشنەبێت.

د-هەموو کەسێک ئاستی گوزەرانی ئاسایی بۆ دابینبکرێت. بە تایبەتی ئەوانەی لە کاتی کارکردندا تووشی زیانی کاتی، یا بەردەوام دەبن و لاشەیان یا ژیرییان لەدەستدەدەن. هەروەها ئەوانەی ماڵ و خێزانی زۆریان بەسەرەوەیەو داهاتیان بەشیانناکات. دەوڵەتی ئیسلامیی پێویستە خواردن و شوێنی حەوانەوەو جلوبەرگی هاوینەو زستانەو چارەسەری نەخۆشیی و فێرکردنی خۆڕایی بۆ هەموو یەکێک لە هاووڵاتیانی فەراهەم بێنێت.

هاووڵاتیان بۆیان هەیە داوای مافی ژیانی خۆیان لە دەوڵەت بکەن و لە کەموکووڕییەکانی خۆشنەبن، ئەگەر یەکێکی قەرزدار مردو کەس نەبوو قەرزەکەی بۆ بداتەوە پێویستە دەوڵەت بۆی لەئەستۆبگرێت.

ە-هەموو کەس لە دەوڵەتدا لە گەورەو بچووک ملکەچبن بۆ چاودێریی و لێپرسینەوە دەربارەی ئەو سەرمایەی لەبەر دەستیاندایە، لە کاتی حەرامخواردن و فێڵکردندا تۆڵەیان لێ بسێنرێت و بارەکە راست بکرێتەوە.

و-ئیسراف و زیادەخەرجیی بە پێی یاسا قەدەغەبکرێت و تواناو وزە ئابورییەکان بە خۆڕایی بە هەدەر نەبرێن. لە هەمان کاتدا ئەمە کێشەی چینایەتی ناهێلێت و ئەوە بنەبڕدەکات زۆربەی خەڵک لە برسانا بمرن و کەمێکیش بەوپەڕی خۆشییەوە بژین.

ز-دەوڵەت لەوەدا دەست بەکاربێت کە جیاوازی زۆری ئابووریی لەنێوان هاووڵاتیاندا نەمێنێت.

ح-لادێ و شوێنە دوورەدەستەکان پشتگوێنەخرێن و لە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیی و تەندروستییەکان بێبەشنەکرێن، تا بەرەو شارەکان کۆچنەکەن و لادێکان بە ئاوەدانکراوەیی بمێننەوە.

ل-هەموو دەزگاو بانقەکان لە سووخواردن پاک بکرێنەوەو وڵات لەم دەردە ئابورییە مەترسیدارە رزگاربێت.

ی-نەخشەی وردو چەند ساڵی دابڕێژرێت بۆ بوژانەوەی بونیادی ئابووریی و زیادکردنی بەرهەم و کەمکردنەوەی شتهێنان لە دەرەوە.

**<u>٥-لایەنی رامیاری وئازادییە گشتییەکان:</u>**

ا-بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت لابرێت و یەکانگیری دونیاو قیامەت ئاشکرا بکرێن.

ب- بۆ گەیشتن بە مەبەستی پاک، هۆکاری چاک بەکاربهێنرێت. فرۆفێڵ و چاوبەست و خەڵەتاندن بسڕێتەوەو یاری بە ژیریی و چارەنووسی کەس نەکرێت.

ج-لەسەرچاوەی فیقهیی و یاسایی و سیاسیی ئیسلامییەوە دەستورێکی ئیسلامی دابنرێت و پەیوەندی دەسەڵاتدارو خەڵکی دیاریبکرێت. ئەرک ومافەکانی خەڵک دیاربێت و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە کەسێک یا لایەنێکدا قەتیس نەکرێت.

د-هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بە دەنگدانی گشتی دەبێت و هاووڵاتیان مافی بەشداریان تێیدا هەیە. سەرۆک پێویستە ئامادەبێت لەبەردەم دادگادا بوەستێت و لێپرسینەوە قبوڵبکات.

ە-مرۆڤەکان لە بیرکردنەوەو رادەربڕین و بیروباوەڕو رەخنەگرتن و کۆبوونەوەو دروستکردنی سەندیکاو پارتی رامیاریی و چۆنیەتی پارەپەیداکردنی مەشروع و لە ماڵی خۆیاندا ئازادبن و کەس لەم لایەنانەدا زۆری لێ نەکرێت و ترسی گرتن و سیخوڕیی و کوشتن و بڕین نەمێنێت. کەس نەتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر ئایین و شەرەف و لاشەو گیان و کەسوکارو ماڵ و سامانی کەس.

و-کاتێ ئازادی تەواو دەدرێت بە تاک لە کۆمەڵدا، سنوری ئەوەی بۆ دەکێشرێت کە بەرژەوەندی گشتی کەسانیتر پێشێلنەکات و لەدەستووری گشتی لا نەدات.

ز-پشتگیری کێشەی رەوای گەلانی ستەملێکراو بکرێت و لە هەر شوێنێکدابن و خەبات و هەوڵیان بە پیرۆز سەیربکرێت و بە پێی توانا هاوکاری ماددیی و مەعنەوییان بکرێت.

ح-رێزی کەمینە ئایینەکانیتر بگیرێت و شوێن و پەرستشەکانیان بپارێزرێت و کەس نەتوانێت تانەو تەشەریان لێ بدات و بەکەم تەماشایان بکات.

ل-بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا هەوڵبدرێت ئاشتی و دادپەروەریی و یەکسانیی و رێزی مرۆڤ بەرزبێتەوەو هیچ کەس و گەلێک ستەمیان لێ نەکرێت.

**<u>برگەی سێیەم: هەڵوێستی شیاو بەرامبەرچارەسەری ئیسلامی:</u>**

ئەو کێشەو گرفتانەی لە پێشەوە باسمانکردن هەر وا بە ئاسانی و لە شەوو رۆژێکدا پەیدانەبوون، بەڵکو چەندەها ساڵ پێویستبووە تا کار بەو ئەنجامە گەیشتووە. ئێستاش ئەستەمە چارەسەری ئیسلامیی بەو شێوە گشتگیریەی هەروا خێرا سەربگرێت.. ماندووبوون و هەوڵیدەوێت، هەروەک باوە هیچ گۆڕانێک بە بێ تێکۆشان و بەدەمەوەچوونی کۆمەڵە مرۆڤێک فەراهەم نایەت، راستە ئەم چارەسەرە لە بەرنامەی خوای گەورە هەڵگۆزراوەو یارمەتیدەدات بەڵام بەبێ لێبڕانی موسوڵمانان هەر مەحاڵە بسەلمێت و بچەسپێت..

<u>هەڵوێستی شیاو بەرامبەر چارەسەری ئیسلامی لەو خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:</u>

**<u>یەکەم:</u>** لەبەر ئەوەی یەکێک لە مەبەستەکانی چارەسەری ئیسلامیی زیندووکردنەوەو هێنانەکایەوەی ئیسلامە، بە هەموو لایەنەکانیەوە. بۆیە دەبێتە ئەرکێکی شەرعی لەسەر موسوڵمانان کە پشتگیری بکەن و لە پێناویدا هەڵبدەن.. رێژەی زیادبوونی باوەڕو پاداشتە قیامەتیەکە دەکەوێتەسەر رێژەی خەمخواردن و تێکۆشان لەوبوارەدا، کەمتەرخەمیی و

گوێپێنەدانیش بە پێچەوانەوە.. موسوڵمانان پێویستە متمانەیان بەبەرزیی ئامانج و پاکیی هۆکارو سەرکەوتنی ئەم چارەسەرە هەبێت.

**دووەم:** هەموو چارەسەرەکانیتر تاقیکرانەوەو هیچیان نەهێنایە کایەوە. تەنها چارەسەری ئیسلامیی نەبێت. بۆیە هەرچی مرۆڤوویستە پێویستە لەسەری هەوڵبدات و بواریش بۆ چارەسەری ئیسلامیی بڕەخسێنێت. چونکە مەسەلەکە چارەنووس و ئایندەی هەموو مرۆڤایەتی سەرزەوییەو لەوە گەورەترە ببەسرێتەوە بە کێشەی جوگرافیی و زمان و نەتەوەیەکەوە.

**سێیەم:** بە مەبەستی ڕەواندنەوەی خەڵک و دڵساردکردنەوەیان لە چارەسەری ئیسلامیی زۆر ترسی خەیاڵیی و مۆتەکەی تۆقێنەر لە دەوری دروستکراوە. ئەمەش لە راستیدا چەواشەکردن و خەڵەتاندنی خەڵکەکەیە، چونکە چارەسەری ئیسلامیی مرۆڤدۆستەو رەحمەتە بۆی.بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی هاتووە. هەر وەک خوای گەورە فەرموویەتی (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالِمِينَ)الانبياء/١٠٧ بۆیە هەر هەوڵێک لەم بوارەدا بدرێت خزمەت بە مرۆڤ دەگەیەنێت.

لە راستیدا خەڵکی _بە تایبەتی لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا_ ئەوەندە چەرمەسەریی و دەردیان بەدەست فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارانەوە چەشتووە، لە خەیاڵیاندا ئەوە سڕاوەتەوە کە چارەسەرو دەسەڵاتدارێک هەبێت ئازادانە ڕێگەی هەموو جۆرە چالاکییەکی مرۆڤ نەگرێت.

**چوارەم:** ئەوانەی بڕوایان بەچارەسەری ئیسلامیی هەیە پێویستە فێری هونەری بنیاتنان و وتووێژو پێکەوەژیان بن، لەبری ئەوەی تانەو تەشەربدەن لە ڕێڕەوو چارەخوازراوەکان. با خەریکی نواندن و پیشاندانی چارەسەری ئیسلامیی بن. ئالاهەڵگرو ڕێڕۆشنکەرەوەبن، خۆیان بە دروشم و پڕوپاگەندە کردنەوە خەریکنەکەن، بەڵکو ئازادانە لە گۆڕەپانی واقیعدا چۆنیەتیی و چەندێتیی خزمەت و بەتەنگەوە بوونی خۆیان بسەلمێنن.

**پێنجەم:** هەڵگرانی چارەسەری ئیسلامیی پێویستە واقیعیی بن و خەیاڵییانە بەرەوڕووی بابەتەکان نەبنەوە. وا نەیەتە بەرچاویان هەرچی تەنگوچەڵەمەی جیهان هەیە بە

شەووڕۆژێک چارەسەردەکرێت! پەلەپەل و هەڵچوون و کەم حەوسەڵەیی و بێزاریی و توڕەیی و بێ نەخشەیی دووربخرێتەوە تا ئارامیی و سینە فراوانی ببێتە ڕەوتی هێنانەکایەی چارەسەری ئیسلامیی.

**شەشەم:** شارەزاییەکی تەواو دەربارەی پەیام و سروشتیی و هەڵوێست و خودی چارەسەری ئیسلامیی پەیدابکرێت و ببێتە هەوێنی هەنگاوهەڵگرتن و تێکۆشان لە پێناویدا.

**حەوتەم:** بەردەوامبوون و ماندوونەبوون لە بانگەوازکردن و متمانەپەیداکردن بۆ چارەسەری ئیسلامیی و نەسڵەمینەوە لە ڕێگرو بەربەست و بێهیوایی و نەوەستان لە هیچ بارودۆخێکدا.

دوای گرتنی ئەم هەڵوێستانەو پاڕنەوەو داوای یارمەتی لە خوای گەورە سەرکەوتنی چارەسەری ئیسلامیی حەتمییەتێکی بێ گومانە. کورد وتەنی شەو هەر چەند درێژ بێت هەر دەبێت ڕۆژببێتەوە.

خوای گەورە یارمەتیدەری هەمووومان بێت.

**بڕگەی چوارەم: ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن داهاتوو بۆ ئیسلامە:**

لەم باسەماندا تیشک دەخەینە سەر ئەو بەڵگە شەرعییانەی دەیسەلمێنن کە داهاتوو بۆ ئەم ئیسلامەیە..

**١-لە قورئانی پیرۆزەوە:**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا شوێنکەوتووانی ئەم بانگەوازەی لەوە دڵنیاکردۆتەوەو مژدەیپێداون کە بەردەوام بەرگری لە ئایین و بەرنامەکەی و پشتگیری لە عەبدە چاک و ساڵحەکانی دەکات و سەرکەوتنیان بۆ مسۆگەردەکات، هەر چەندە ناحەزو دوژمنان بەرهەڵستی ئایینی خوا بکەن و نەخشەو پیلان دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان بکێشن. دڵنیایاندەکاتەوە کە لە ئەنجامی ململانێکەدا هەر ئیمانداران دەیبەنەوەو هاوکێشە سیاسییەکان لە بەرژەوەندی ئەوان تەواودەبێت.

ئەم بەڵێنانەش موسوڵمانان زیاتر پشتئەستووردەکات، تا چالاک و دڵگەرمانە بەردەوام بن لە تێکۆشان و لە ئاکامی ململانێکەدا بەرچاویان ڕوونبێت.

قورئان لە چەندین جێگادا ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستیە کردووە، لەوانە:

ـ (إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ)غافر/٥١ واته: بێگومان ئێمە پێغەمبەرەکانمان وئیماندارانیش سەردەخەین لە ژیانی دنیاداو لەو رۆژەشدا کە شایەتەکان شایەتی حەق دەدەن (مەبەست لە پێغەمبەرانە کە لە رۆژی قیامەتدا شایەتی رەوادەدەن).

ـ (وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ . إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنصُورُونَ . وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ . فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ . وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ) الصافات/١٧١-١٧٥ واته: بەڕاستی ئێمە بەڵێنمان بەو بەندانەی خۆمان داوە کە رەوانەمانکردوون کە هەر ئەوان سەرکەوتوودەبن. هەر سەربازەکانی ئێمە زاڵ و دەسەڵاتدار دەبن.. جارێ (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) تا ماوەیەک وازیان لێ بێنەوە مۆڵەتیان پێبدە، هەوڵبدە بەرچاویان رۆشنکەو لە مەترسی سەرپێچییان ئاگاداریانبکەرەوە، چونکە لە ئاییندەدا سەرەنجامی دوژمنایەتیەکانیان دەبیننەوە.

ـ (وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ . إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ) الانبياء/١٠٥-١٠٦ واته: بەڕاستی ئێمە لە زەبوورو تەوراتدا نووسیومانەو بڕیارمانداوە کە بەندە چاک و ساڵحەکانمان دەبنە خاوەنی دەسەڵاتی سەرزەوی. ئەم بەڵێنەش (بلاغ)و ئاگادارییەکە بۆ نەتەوەی خواپەرست و گوێڕایەڵ.

ـ (كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا ورُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ)المجادله/٢١ واته: خواوەندی باڵادەست بڕیاریداوە کە هەر خۆم وپێغەمبەرانم سەلامی خوایان لێ بێت زاڵ و سەرکەوتووین، بەڕاستی خوای گەورە بەهێزو توانایە.

ـ (إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ)الحج/٣٨ واته: بەڕاستی خواوەند بەرگری لە ئیمانداران دەکات. ئەو خواوەندە خیانەتکارو بێباوەڕانی خۆشناوێت.

ـ (يُرِيدُونَ أَن يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَن يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ . هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ)التوبه/٣٢-٣٣ واته: (خوانەناسەکان) دەیانەوێ نووری خوا بە قاڵەی دەم بکوژێننەوە، خواوەندیش دەیەوێ نووری خۆی تەواوبکاو بیچەسپێنێ، هەر چەندە

بێباوەڕان پێی سەغڵەتبن. ئەو خوایە پێغەمبەرەكەی خۆی صلی الله علیه وسلم ڕەوانەكردووە بە هیدایەت و بەڵگەو ئایینی ڕاست و دروستەوە، تا بەسەر هەموو ئایین و بەرنامەكانداسەربخات هەر چەندە موشریك و هاوەڵپەرستەكان پێیان ناخۆشبێت.

ـ (يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ . هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ)الصف/٨-٩ واتە: دەیانەوێت نووری خوای گەورە بە فووی دەمیان بكوژێننەوە! بەڵام خوای گەورە نوورەكەی خۆی بە تەواویی پەخشدەكات، با كافرانیش پێیان ناخۆشبێت. ئەوە خوای گەورەیە كە پێغەمبەرەكەی خۆیی صلی الله علیه وسلم بە ڕێنمانیی و دینی حەق و پەیامی خۆیەوە ناردووە، تا بەسەر هەموو دین و بەرنامەكانیتردا زاڵیبكات، ئەگەرچی هاوەڵپەرستان پێیان ناخۆشبێت.

ـ (هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا)الفتح/٢٨ واتە: ئەوە خوای گەورەیە كە پێغەمبەرەكەی خۆیی صلی الله علیه وسلم بە ڕێنمانیی و دینی حەق و پەیامی خۆیەوە ناردووە، تا بەسەر هەموو دین و بەرنامەكانیتردا زاڵیبكات، خوای گەورەش بەسە بۆ ئەم شاهیدییدانە.

سەیید قوتب بەڕەحمەت بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: بێگومان ئەم ئایینە ڕاست و دروستە، دەركەوت و دەسەڵاتی گرتەدەست، نەك تەنها لە نیوەدورگەی عەرەبدا، بەڵكو پێش ئەوەی نیوسەدە تێپەڕێ لە هەموو زەویدا بوو بە یەكەمین دەسەڵاتدار. ئایینی خوا باڵی كێشا بەسەر هەموو ئیمپڕاتۆریەتی كیسراو زۆربەی ئیمپڕاتۆریەتی قەیسەرو گەیشتنە هیندستان و چین و خوارووی ئاسیاو مەلایۆو ئەندەنوسیاو شوێنانیتر، كە لەو سەردەمەدا هەر ئەو ناوچانە ئاوەدانی تێدابوو. پاش ئەوەش كە دەسەڵاتی سیاسیی لەم ناوچانەدا لە موسوڵمانان سەندرایەوەو نەما، ئیسلام هەر بەردەوام بڵاودەبویەوەو ڕاستیەكانیتری دەردەكەوت.

سروشتی ئەم ئایینە بە جۆرێكە كەخۆی لەخۆیدا بەهێزەو بەردەوام پەل دەهاوێژێ و بڵاودەبێەوە، چونكە لەگەڵ فیترەتدا گونجاوەو لەگەڵ یاسا بونەوەرییەكاندا ڕێكەو هەموو داخوازیی و پێداویستییەكانی عەقڵ و ڕۆحی لەخۆگرتووەو مقەووماتی پێكهێنانی ئاوەدانیی و شارستانیی تێدایەو بۆ هەموو گرۆو دەستەو توێژێك لەبارە.. ئەم ئایینە

دەتوانێ پێشەوایەتی مرۆڤایەتی زۆر بەچاکی بکات و خوای گەورە خۆیشی شایەتی لەسەر ئەو راستییە داوە. زۆر بەداخەوە زۆربەی زۆری شوێنکەوتوانی ئەم دینە دەرک بەم راستییە ناکەن، ناحەزو دوژمنان چاک ئەم راستییە دەزانن و لەسیاسەتیاندا حساباتی تایبەتی بۆ دەکەن..)[1].

بەڵام بۆ ئەوەی موسوڵمانان لەم مژدەو بەڵینانەی خوا بەمەڵە تێنەگەن دەبێت رەچاوی ئەو هەل و مەرجە تایبەتیانە بکەن کە خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووەو کردوویەتی بەمەرجی ئەو پشتگیریی و سەرکەوتنانەی کە بەڵێنیداوەو مەحاڵە بێ جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە گۆڕانکاریی لەسوننەتی خۆیدا بکات و سەرکەوتن و دەسەڵات (تمکین) یان پێ ببەخشێت.

ئەم هەل و مەرجانەش ئەمانەن:

١-بوونی ئیمانێکی پتەوو دامەزراو لە دڵ و دەرووندا.

٢-ئەنجامدانی کارو کردەوە چاکەکان بە گشتگیریی.

٣-بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام.

٤-تێکۆشان و خزمەتکردنی دینی خوا لە هەموو رووبەکەوەو بەختکردنی سەروماڵ لەو پێناوەدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ)النور/٥٥ واتە: خوای گەورە بەڵێنی داوە بەوانەتان کە باوەڕیانهێناوەو کارو کردەوەی چاک ئەنجامدەدەن بەوەی کە بیانکاتە بریکار لەسەر زەویدا، هەر وەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەمانی کردە بریکار. هەروەها ئەو ئایینەش پایەداربکات کە پێی رازییە بۆیان

[1] نووسەرانی بەڕێز ئاماژەیان پێنەداوە چ بەرگ و لاپەڕەیەکە. وا لە بەرگی شەشەم / لاپەڕە ٣٣٣٠ چاپی پازدەیەم ١٤٠٨ک/١٩٨٨ز دارالشروق قاهیرەو بەیرووت.

و ترس و بیمیشیان بۆ بگۆڕێ بە ئاسایش و ئاسوودەیی. بەو مەرجەی ئەوانە هەر من بپەرستن و هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ بڕیارنەدەن. ئەو کەسانەش کە لەوەودوا ڕێبازی کوفرو بێبڕوایی دەگرنەبەر تاوانکارو فاسقن.
(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ)محمد/٧ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتانهێناوە ئەگەر ئێوە هەوڵی سەرخستنی ئایینی خوا بدەن و پشتیوانی لێ بکەن، ئەوا ئەو خوای گەورەش ئێوە سەردەخات و پایەدارتاندەکات.
(وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ . الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ)الحج/٤٠-٤١ واتە: بێگومان خواوەند ئەو کەسە سەردەخات کە لە هەوڵی سەرخستنی ئایینەکەی ئەو دایە. بەڕاستی ئەو خوایە بەهێزو باڵادەستە. جا ئەوانەی بریکارو پایەدارمانکردن لە سەر زەویدا نوێژەکان بەچاکیی ئەنجامدەدەن و زەکاتیشدەدەن و فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپە دەکەن. سەرئەنجام عاقیبەتی هەموو شتێکیش بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

**<u>ب-لە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم :</u>**

١-(يَبْلُغن هذا الأمر ما بلغ اللَّيل والنَّهار، ولا يترك الله بيت مَدَرٍ ولا وَبَرٍ إلَّا أدخله اللهُ هذا الدِّين، بِعِزِّ عَزِيزٍ أو بِذُلِّ ذَليلٍ، عِزًّا يُعِزُّ الله به الإسلام، وذُلًّا يُذِلُّ الله به الكفر)[١] واتە ئەم بانگەوازی ئیسلامە بڵاودەبێتەوەو دەگات بەو شوێنانەی کە شەوو ڕۆژیان بەسەردادێت (واتە بۆ هەموو جیهان) خوای گەورە هیچ ماڵێک لە شارو لە لادێ و هەوارنشینا جێناهێڵێت هەر دەبێ ئەم دینەی بۆ بهاوێتە ژوورەوەو پێیانی بگەیەنێ، جا بەعیززەتی موجاهیدان بێت یان بە زەلیلیی موسوڵمانیتر. ئەمە سەرکەوتن و سەربەرزییەک دەبێ کە

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نووسیویانە: (رواه ابن حبان في صحيحه ) صحيح الألباني رقم الحديث (٣). ڕاستە. ئیبنوحیببان لە میقدادی کوڕی ئەسوەدییەوە گێڕاوەتەوە ژمارە (٦٦٩٩)یەو لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ب١ل:٣٢ ژمارە ٣) یە. لای ئەوانیتر: ئەحمەد (١٦٩٩٨) بەیهیقی (١٩٠٨٩)، طەبەرانی (١٢٨٠)، حاکم (٤٧٧/٤) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە کتێبی: (تحذير الساجد/ل ١٥٨ )دا دەفەرموێ: بە پێی مەرجەکانی موسلیمەو سەحیحە. لە سەحیحی موسلیمیشدا پاڵپشتی هەیە). هەروەها لە تەخریجی فەرموودەکانی (مشكاة المصابيح ژمارە: ٤٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە..

ئیسلامی پێ شکۆدار دەبێت و بەزین و سەرلێشێواویەکیشە کە کوفرو بەرنامەکانی لە واقعی ژیاندا شکست پێ دەهێنێت.

٢-(عن أبي قَبِيل قَالَ: كُنَّا عِنْدَ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، وَسُئِلَ: أَيُّ الْمَدِينَتَيْنِ تُفْتَحُ أَوَّلًا: الْقُسْطَنْطِينِيَّةُ أَوْ رُومِيَّةُ؟ قَالَ: فَقَالَ عَبْدُ اللهِ: بَيْنَمَا نَحْنُ حَوْلَ رَسُولِ اللهِ نَكْتُبُ، إِذْ سُئِلَ رَسُولُ اللهِ: أَيُّ الْمَدِينَتَيْنِ تُفْتَحُ أَوَّلًا: قُسْطَنْطِينِيَّةُ أَوْ رُومِيَّةُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ: «مَدِينَةُ هِرَقْلَ تُفْتَحُ أَوَّلًا، يَعْنِي قُسْطَنْطِينِيَّةَ)[١] واتە: لە (ئەبی قەبیل)ەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: ئێمە لای عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص بووین، پرسیاریان لێ کرد: کە ئایا کام لەم دوو شارەپێشتر ئازاددەکرێت؟ قوستانتینییە یان رومییە؟ عەبدوڵڵاش بانگی کرد ئەو سندوقەی بۆ بێنن کە زنجیرەکەی پێوەیە. ئەبی قەبیل فەرمووی: عەبدوڵڵا نوسراوێکی دەرهێناو فەرمووی: لەکاتێکدا لە چواردەوری پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم دانیشتبووین دەماننووسی، پرسیار لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرا کە ئایا کام لەو دوو شارە پێشتر فەتح دەکرێت: قوستەنتینییە یان رومییە؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: یەکەمجار شاری (هیرەقل) فەتحدەکرێت. مەبەستی قوستەنتینیە بوو.

لەم فەرموودەیدا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم مژدەی فەتحی شاری رومییەی _کە پایتەختی ئیتالیایە_ بە رۆڵەکانی سەحوەی ئیسلامی لە ئاییندەدا داوە، چونکە شاری

---

[١] نووسەرانی بەڕیز نوسیویانە: (رواه احمد والحاكم والدارمی ووافقه الذهبی (صحیح الالبانی) رقم الحديث ٤).راستە: ئەحمەد (١٧٦/٢)، الحاكم لە کتێبی: (المستدرک ٥٥٥/٤)، دەبوو بەڕیزان لێرەدا بیاننوسیایە (ووافقه الذهبی) نەک دوای ناوی ئیمامی داریمی، چونکە ئیمامی ذەهەبی توێژینەوەی بۆ هەموو فەرموودەکانی المستدرکی حاکمی نەیسابووری کردووە هەرچی فەرموودەیەک ئیمامی ذەهەبی (موافق) بووبێت لەسەری بە سەحیح دانراوە. داریمی (١٢٦/١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٨/١)دا دەفەرموێ: (صححه الحاكم و وافقه الذهبي و هو كما قالا) واتە: کە حاکم فەرموویەتی سەحیحەو ذەهەبی لایەنگری بووە، تەواوە چونکە ریوایەتەکە: سەحیحە.
_ دەبوو نووسەرانی بەڕیز فەرموودەکەیان بکردایە بە کوردی..

یەکەم لەسەر دەستی (محمد فاتح)ی عوسمانی لە دوای تێپەڕبوونی (٨٠٠ ساڵ) بەسەر ئەم فەرموودەیەدا فەتحکرا.

٣-( تَكُونُ النُّبُوَّةُ فِيكُمْ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ، فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا عَاضًّا، فَيَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا جَبْرِيَّةً، فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ، ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا، ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ ثُمَّ سَكَتَ)[١]. واتە: پێغەمبەرێتی تا ئەو کاتەی خوا حەزدەکات لە ناوتاندا دەمێنێتەوە، پاشان کە خوای گەورە حەزیکرد لایدات لە ناوتاندا، لایدەبات. پاشان حوکمی خیلافەتێکتان بەسەرەوە دەبێت کە لەسەر دیدو ڕێی پێغەمبەرێتییەکە دەڕوات. ئەویش ئەوەندەی کە خوای گەورە حەزبکات لە ناوتاندا دەمێنێتەوە. پاشان کە خوای گەورە حەزیکرد لایدات لە ناوتاندا، لایدەبات. پاشان حوکمڕانییەکی ویراسی (میراتگریی) زاڵمانە حوکمتاندەکات. ئەویش ئەوەندەی خوای گەورە حەزبکات لە ناوتاندا دەمێنێتەوە، پاشان کە خوای گەورە حەزیکرد لایدات لە ناوتاندا، لایدەبات. پاشان حوکمڕانییەکی سەخت و توندوتیژو تەفرەقەساز (دیکتاتۆر) حوکمتاندەکات. ئەویش ئەوەندەی خوای گەورە حەزبکات لە ناوتاندا دەمێنێتەوە، پاشان کە خوای گەورە حەزیکرد لایدات لە ناوتاندا، لایدەبات. پاشان (جارێکیتر) حوکمی خیلافەتتان لەسەر دیدو ڕێی پێغەمبەرێتیی دێتەوەسەر. پاشان بێدەنگبوو..

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەو سەردەم و جۆری دەسەڵاتە سیاسیانە دەستنیشاندەکات کە بەسەر ئوممەتی ئیسلامییدا دێن، کە دەیکات بە پێنج سەردەمەوە:

---

[١] نووسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (قال الهيثمی رواه احمد والبزار والطبرانی فی الاوسط ورجاله ثقات (صحيح الالبانی رقم الحديث ٥). راستە: هەیثەمی لە کتێبی (مجمع الزوائد ١٨٩/٥)دا دەفەرموێ: رواه أحمد فی ترجمة النعمان والبزار أتم منه والطبرانی ببعضه فی الأوسط ورجاله ثقات). لای ئیمامی ئەحمەد (١٨٤٠٦)، بەززارو طەبەرانی لە: (الأوسط/٦٥٧٧)ە. ئەوەش راستە کە شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (السلسلة الصحيحة ژمارە:٥)دا فەرموویەتی سەحیحە..

١-ئەو سەردەمەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم خۆی سەروکاری بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد.
٢-ماوەی دەسەڵاتی هەر چوار خەلیفەی راشیدین.
٣-ئەو سەردەمەی کە هەندێک لە مەلیک و خەلیفەکانی دەوڵەتی ئیسلامی زوڵمیان لە خەڵکی دەکرد. هەرچەندە (تەئویل)یان بۆ پاساوی کارەکانیان دەهێنایەوە، بەڵام زۆرێک لە ئیجتهادەکانیان نەیدەپێکاو ناحەقیی لێوە دەردەکەوت.
٤-سەردەمی ئەو رژێم و دەسەڵاتە دیکتاتۆریانەی ئیمڕۆ کە بە زۆرەملێ خۆیان بەسەر نەتەوەی موسوڵمانانندا سەپاندووە.
٥-ئەو سەردەمەیە کە مژدەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی دەدا بە رۆڵەکانی سەحوەی ئیسلامی.

# باسی چوارەم

## بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام پێویستە

## باسی چوارەم

## بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام پێویستە

**ڕێڕەو:**

لە ژمارەی پێشووی ئەم زنجیرەیەدا (ئیسلام چارەسەرە) ئەوەمان ڕوونکردەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سەرجەم مرۆڤایەتی دوچاری چەندەها کێشەی گیانیی و فیکریی و رامیاریی وئابووریی وکۆمەڵایەتیی و ڕەوشتیی و شارستانیی بووە، بە جۆرێک ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی سەر زەوی لە تەنگوچەڵەمەو نائارامییدا دەژین و لە هەر لایەک دەردێکی نالەبار بەری لە کامەرانبوون و ئاسوودەکردنی ژیان گرتووە. لە ئەنجامی ئەو بارە ئاڵۆزەشدا روناکبیران و خەمخۆرانی مرۆڤایەتی بەردەوام لە بەرنامەگۆڕکێ و سەروبنکردنی یاساو دەستورو شێوەکانی مامەڵەی ڕۆژانەدان. سەربازگەو بلۆک و پەیماننامەو بەڵێن و ڕێکەوتن و ڕێڕەوە فیکریی و شارستانییەکان لە گۆڕانێکی سەرەمڕدان، کە ئەمەش بۆ خۆی مانای ئەوە دەگەیەنێت هێشتا مرۆڤ بۆ ئاستی پێویست بەرزنەبۆتەوەو لە ئەزموونەکانی خۆی دڵنیانییە.

دووبارە هەر لە ژمارەی پێشوودا ئەوەمان پیشاندا کە تەنها ئیسلام دەتوانێت _لەبەر تایبەتمەندییە خودی و بابەتییەکانی، وەک بەرنامە _ لە پرۆژەیەکی جیهانی هاوچەرخدا چارەسەری گونجاو بۆ کێشە تێکئاڵاوەکان فەراهەمبهێنێت و ڕاستکردنەوەی گەورە لە روکارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگاکاندا ئەنجامبدات و سەرنجام کاڵای کامەرانیی و ئارامیی بە بەرمرۆڤەکاندا بکات و گەورەترین مانا بە ژیانی سەرزەمین و ئارامیی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان ببەخشێت.

بەڵام شتێکی ئاشکراو بەڵگەنەویستە کە ئیسلام لە سەرێکەوە کۆمەڵێک ڕێنمویی و ڕێسای خواییە بۆ مرۆڤ و بونەوەر _بە بێ پیادەکردن_ گونجاویی و چاکیی دەرناکەوێت و مانای تەواوی نابێت و وێنەی ڕاستەقینەی ڕووننابێتەوەو دیارنابێت کە چ کامەرانیی و ڕەحمەتێکی بۆ خەڵک لە خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو کەسایەتیی و کۆمەڵ و وڵاتەی کە ئیسلام ئاڕاستەی دەکات ئاسوودە دەبێت. بەڵام خۆ ئەمە ناکرێت هەر لە دنیای خۆزهەو هیواو ئاواتدا بمێنێتەوە.. ئەگینا خەڵکی زیاتر لێی دووره پەرێز دەبن وزۆرتر دووری

دەخەنەوە لەژیانیان. ئەمە بێجگە لەو دواکەوتنە زیاترەی لەسەرنجامیەوە بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دێت، لەسەرێکی تریشەوە بە واقیعکردنی چارەسەری ئیسلامی کۆسپ و تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆری لەبەردەمدایە، هەر لە دواکەوتن و پارچەپارچەبوونی وڵاتانی ئیسلامیی و نەزانینی زۆرینەی گەلانی موسوڵمان بەرامبەریی و نەبوون یا داخستنی زۆر لە دەرگاکانی ژیان بەڕووی پرۆژە ئیسلامییەکان، تا دەگاتە کاملبوون و تازەیی و کەمئەزمونیی، دڕندەیی و دڵڕەقیی و نەخشەو پلانی ناحەزو دوژمنانیش _کە لە رووی مادییەوە بە حاڵی موسوڵمانان بەراورد ناکرێت_ لەولاوە بوەستێت. کە ئەگەر لەسەر زۆر باس و بابەت ناکۆکبن هەمیشە لەسەر لێدان و لاوازکردن و ناشیرینکردن و بچووککردنەوەو قەدەغەکردنی پرۆژە ئیسلامییەکان یەکدەنگن. ئەمانە هەموو دەبنە بەربەست و رێگر لە ئاست چارەسەری ئیسلامیدا. ئەمانە ئەگەر نەتوانن پرۆژەی چارەسەرە ئیسلامییەکە بوەستێنن و رەتیبکەنەوە ئەوا لانی کەم هەوڵدەدەن کاتی هاتنی دوابخەن.

حاڵەکە بەم جۆرەیە کە باسمان کردو قەدەری ئێمەش لەم کۆتایی سەدەی بیستەمەدا ئاواگران و زەحمەتە. سەرزەمین ئاوا شێواوو پڕ هاوارو ناڵەیە. کۆمەڵگای موسوڵمانان ئاوا پەراوێزو کەمتوانان. ئیسلامیش تەنها چارەیە. بەربەست و رێگریش لە ئاستیدا زۆرن. خۆ فرمێسکڕشتن و خەفەتخواردن و ئاخهەڵکێشان هیچ لە بارەکە ناگۆڕن و لە بەردەست خوای گەورەشدا نابنە تکاکارمان. خۆکەناردان و پاڵدانەوەو وازهێنان و کۆیلەبوون و دەسەوسانیی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزترو خراپتر دەبەن، چونکە ئەوانە فرمێسک و خەفەت و دەسەوسانیی و کۆیلەبوون و خۆکوشتن ئایندە دۆڕاندنن.

ئەگەرچی کارەکە ئاوا گەورەو گرانیش دەرکەوێت، بەڵام چارە تەنها کاروان بەڕێکردن و هیمەتبەرزیی و کارکردنی بەردەوامە. خۆماندووکردن وبەشداریی و بنیاتنانە. کۆت پچڕاندن و بەربەست بەزاندن و جموجووڵە. بوژانەوەی دەروون و ئازادبوونی ناخ و خۆسەلماندنە. هیوابوونە بە پاداشت و دڵنیابوونە لەسەرکەوتن.

چارەسەری ئیسلامی بەدینایەت تا دەستەیەکی ئیماندار بە بیروباوەڕ پتەوو تێگەیشتنەوە پێشڕەوی کۆمەڵگە نەکەن، تا رای گشتی جەماوەر داواکاری ئیسلام نەبێت، بە جۆرێک لە ئامانج و مەبەستەکانی بگات و پاڵپشتی ماددیی و مەعنەویی بکات. تا هەڵوێستێکی جیهانی روون و ئاشکرا بەرامبەر راستیی و شارستانیەتی ئیسلامی دروستنەبێت و رای گشتی جیهانیش ترسی لە چارەسەری ئیسلامی نەڕەوێتەوەو باوەش بۆ هێزێکی ئیسلامی لەو جۆرە نەکاتەوە، بارەکە بە هیچ لادا ناکەوێت.

چارەسەری ئیسلامی پاڵپشت و سەرخستنی خوایی لەگەڵدایە، هەمیشە سەرکەوتنی ویست و توانا و دەسەڵاتی خودایی مسۆگەرە، بەڵام تا نیازپاکیی دڵ و دەروون و تێگەیشتن و لێبڕان و دڵسۆزیی نەسەلمێت، تا تاکی کۆمەڵگاکانی موسوڵمانان لەگەڵ خوادا راستگۆنەبن و بۆی یەکلانەبنەوە، ئەو کۆمەک و سەرکەوتنە وەدینایەت.

هەموو ئەو هەوڵانەی باسمانکردن دەبێ بۆ هێنانەکایەی چارەسەری ئیسلامی بدرێن. بە کارکردن و بانگەوازکردن بۆ ئیسلام، کە پیرۆزترین کارو رەسەنترین وشەو جوانترین هەڵوێست و گەورەترین خەمە.

(بوونی موسوڵمان و مانەوەی بەرنامەی ئیسلام، یەکێکە لە حەتمیەتە مێژووییەکانی رابردوو ئێستا، لە داهاتووشدا تا قیامەت هەر وا دەبێت، چونکە حەقیقەت و راستی کۆڵەکەی ئەم بوونەن، بێگومان ناڕاست و تێگەیشتنە چەوتەکان هەر دەشکێن و لەناودەچن. ئەگەر ئەمڕۆ رۆژی ئیسلام گیرابێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئاوا نەبووە. بەڵام ئەم حەتمیەتە لێرەدا بێهەوڵدان و ماندووبوونی موسوڵمانان شتێکی بێمانایە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوارێکیتری بانگەوازەکەیە.

رەنگە کە رۆژدەگیرێت وسەرزەوی تاریکدەبێت باڵندەکان دڵەڕاوکێیان پێبکەوێت ومبچنەوە لانەکانیان، بەڵام نانوون. چونکە دەزانن رۆژئاوا نەبووە، هیوای زۆریان بە هەڵهاتنەوەی خێراو رۆشنکردنەوەی زەمین و ئاسمان هەیە. دڵە زیندوەکانیش وان. دەزانن لاچوون و دیارنەمانی ئیسلام _لە روکارە جیاجیاکانی شانۆی ژیان_ تەنها کاتییەو دیاردەیەکی نامۆیە. ئیسلام و بانگەوازەکەی مانای بەردەوامبوونی ژیانی سەرزەوین، بۆیە

هەمیشە شوێنکەوتووانی راپەڕیوو ئامادەباشن. تا ماندووترین زیاتر هەست بە پشووی گیانیان دەکەن)[١].

ئەو کڕنوشانەی دڵەکان رزگاردەکەن، بێنیازیی لە خەڵک و بەرەوخوابوون پیشاندەدەن. زنجیرو کۆتەکانی نزمبوونەوە لە ئاست ئارەزووەکاندا دەشکێنن. بارانی ئارامیی و سکونەت دادەبارێنن. فرمێسکی خۆشەویستی خواو بەزەیی بۆ مرۆڤ و پاڕانەوە بۆ لێخۆشبوونیان لێ دێتەخوارێ. ئەوانە پەیکەری ئازادیبەخشی بانگەوازن.

ملکەچکردنی خەڵک بۆ خواو هەڵنانی مرۆڤ بۆ بریکاری راستەقینە لەسەر زەوی و برەوپێدانی خۆشەویستیی و ئاشتیی و یەکترناسین لە نێوانیانداو بەجێهێنانی دادپەروەریی لە مامەڵەکانیاندا، هەموو خزمەتێک لەم ئاستەدا سیماو جەوهەری بانگەوازەکەی ئیسلام پیشاندەدەنەوە.. پێشەوا ئیبن تەیمیە دەفەرموێ: (بانگەوازکردن بۆ لای خوا باوەڕکردن و گوێڕایەڵیی و فەرمان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان و بەڕاستزانینی خوای گەورەو ئەو بەرنامەیەیە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە خواوە هێناویەتی، کە شایەتمان و نوێژکردن و زەکاتبەخشین و بەرۆژووبوون و حەجکردن. بانگەوازکردنە بۆ باوەڕهێنان بە خوای گەورەو فریشتەکان و پەیامەکان و پێغەمبەران و رۆژی قیامەت و قەزاو قەدەری خێرو شەڕ. بانگەوازە بۆ پەرستنی خوا، بە جۆرێک وەک ئەوەی ببینرێت وابێت)[٢] واتە: بانگەوازکردن بۆ بنەماکانی باوەڕو ئیسلام و ئیحسان.

هەندێک لە زانایانیتریش لە پێناسەیتریدا دەفەرموون: (گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامە بە خەڵک لە هەموو کات و شوێنێکدا بەو شێوازو هۆکارانەی لەگەڵیاندا دەگونجێت)[٣].

---

[١] محمد أحمد الراشد: المنطلق . مؤسسة الرسالة بيروت ل: ٦٧_٦٨.

[٢] ئیبنوتەیمیە: مجموع الفتاوى بەرگی١ ل: ١٥٧_١٥٨.

[٣] أحمد أحمد علوش: الدعوة الإسلامية.. أصولها ووسائلها. ل:١٠.

**<u>بڕگەی یەکەم: زەروورەتی بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام:</u>**

بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام یەکێکە لە دەبینکردنی پێویستیە گرنگەکانی ژیانی سەرزەوی. لە هەموو رۆژگارو سەردەمێکدا مرۆڤایەتی ئاتاجی دەبن. وازهێنان و کەنارکردنی بۆشاییەکی زۆر گەورە بەجێدەهێڵێت و بە خۆی نەبێت بەهیچیتر پڕنابێتەوە. پێویستبوونی ئەم کارە وەک ئەرکێکی سەرشانی موسوڵمانان لەم سێ خاڵەوە دەبینرێت:

<u>خاڵی یەکەم: بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام فەرمانێکی خواییە:</u>

ئەگەر یەکێک لە ئیسلام و قورئانی پیرۆز تێگەیشت بۆی دەردەکەوێت کە یەکەم ئەرکی دوای ئەو تێگەیشتنەی ئەوەیە کە بیگەیەنێ بە کەسانیترو خەڵکیتری لێ بەهرەوەربکات و هەستێ بە کاری بانگەواز. بەڵگەی ئەمە لە قورئان و فەرموودەدا زۆرن:

**ا-هەندێک بەڵگە لە قورئانی پیرۆزدا:**

١-شوێنکەوتوانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەوە پێناسەکراون کە رێبازی بانگەوازو گەیاندنیان کردۆتە پرۆگرامی ژیانی خۆیان و لەسەر بەرچاوڕوونیی و شارەزایی ئەو کارە دەکەن: (قلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي) يوسف/١٠٨ واتە: بڵێ ئەمە رێبازی منە، بانگەوازدەکەم بۆ لای بەرنامەی خوا، خۆم و ئەوانەی شوێنیشم کەوتوون بەشارەزایی و بەرچاوڕوونییەوە بانگەوازی خوایی دەگەێنین.

٢-قورئان لە سورەتی (والعصر)دا دەمانترسێنێت کە نەکەوینە ریزی زیانلێکەوتوانی رۆژی قیامەتەوەو واز لە ئامۆژگاری یەکتری لەسەر پابەندبوون بەراستیی و ئارامگرتن نەهێنین. دەفەرموێ: (وَالْعَصْرِ . إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ. إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) العصر واتە: سوێند بە کات و سەردەم. حەتمەن مرۆڤ لە زیانلێکەوتوانە، جگە لەوانەی کە باوەڕیانهێناوەو کردەوەی چاکیان ئەنجامداوەو ئامۆژگاریی حەقیان کردووەو ئامۆژگاریی ئارامگرتنیان کردووە.

٣-باشترین وتە وتەی بانگەوازە. جوانترین کردەوە کردەوەی بانگهێشکردنە بۆ ئیسلام: خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ)فصلت/٣٣ واتە: کێ هەیە وتەی لەو کەسە باشتریێت کە بۆ لای بەرنامەی خودا بانگدەکات و کردەوەی چاک ئەنجامدەدات و دەڵێت من لەریزی موسوڵمانەکانم؟!.

٤- وەسفی موسوڵمانان لە قورئاندا ئەوەیە کە دۆست و لایەنگرو خۆشەویستی یەکترن، لەسەر کردەوەی چاکەو قەدەغەکردنی خراپە یارمەتی و هاوکاری یەکتر دەکەن: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ)التوبه/٧١ واتە: موسوڵمانان _ ژنان و پیاوانیان_ خۆشەویست و لایەنگری یەکترن، فەرمان بەچاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن.

٥-پێویستە بە بەردەوامیی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کەسانێک هەبن خەریکی فەرمانکردن بە چاکەو بەرهەڵستیکردن لە خراپە بن: (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) ال عمران/١٠٤ واتە: با لە ئێوەدا کۆمەڵێک هەبن بانگەواز بۆ خێربکەن و فەرمان بەچاکە بکەن و بەرهەڵستی لە خراپە بکەن.

٦-هەندێ جار بە ئاشکرا خوای گەورە داوای بانگەواز لە موسوڵمانان دەکات. وەکو دەفەرموێ: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)النحل/١٢٥ واتە: بانگەواز بۆ رێبازی پەروەردگارت بکە، بەدانایی و ئامۆژگاری باش و بە جواترین شێوە وتووێژیان لەگەڵدا ئەنجام بدە. (فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ)الشوری/١٥ واتە: بانگەواز بکەو بەردەوامبە لەسەر رێبازی راست، هەر بەو شێوەیەی فەرمانت پێکراوە.

هار داوایەکی بانگەوازکردن بۆ خێرو فەرمانکردن بەچاکەو بەرهەڵستییکردنی خراپە کە خوای گەورە ئاماژەیان بۆ دەکات و دەیانکاتە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانان، مەبەست لێی بانگەوازو کارکردنە بۆ ئیسلام.

**ب-هەندێ لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەو بارەیەوە:**

فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم _کە راڤەو دوپاتکردنەوەو شیکەرەوەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانن_ بە هەمان شێوە جەخت لەسەر بانگەوازکردن بۆ ئیسلام دەکەن و موسوڵمانان هاندەدەن بۆ ئەو کارە، وەک:

١-( بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً)[١] لە فەرمودەیەکی درێژدایە واتە: ئەگەر ئایەتێکیش بووە لە منەوە بیگەیەنن.

٢-( وَالَّذِی نَفْسِی بِیَدِهِ لَتَأْمُرُنَّ بالمَعْرُوفِ، وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ المُنْكَرِ، أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ تَعالى أن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقاباً مِنْهُ، ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلا يُسْتَجَابَ لَكُم)[٢] واتە بەوەی گیانی منی بەدەستە دەبێ فەرمان بکەن بەچاکەو بەرهەڵستی بکەن لەخراپە، ئەگەرنا خوای گەورە سزایەکتان دەدات، چەند لێشی بپاڕێنەوەو لێتان وەرناگرێت.

٣-( مَنْ رأى مِنْكُمْ مُنْكَراً فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فإنْ لَم يَسْتَطِعْ فَبِلِسانِه، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذلكَ أضْعَفُ الإِيمَان)[٣] واتە: هەر کەسێکتان خراپەیەکی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەدڵی بیگۆڕێت (لەدڵییدا پێی ناخۆشبێ) ئەوەش لاوازترین باوەڕە.

٤-( <u>نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حديثا فَبَلَّغَهُ كَمَا سَمِعَهُ ...</u> )[٤] خوای گەورە روخساری ئەو کەسە گەشبکا کە وتەیەکمان لێ دەبیستێت و وەک خۆی دەیگەیەنێت.

سەرەڕای فەرمووده پیرۆزەکان، ژیانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم خۆی سەرتاپا بانگەوازو کارکردنبوو بۆ ئیسلام. خواردن و خەوو خەیاڵ و تووڕەبوون و

---

[١] نووسەرانی بەڕێز نووسیویانە: (البخاری کتاب الانبیاء ٥.) راستە: بوخاری (٣٣٠٢)، ترمذی (٢٦٦٩)، ئەحمەد (٢٠٢/٢).

[٢] نووسەرانی بەڕێز نووسیویانە: (الامام احمد بەرگی ٥/ ٣٨٨)راستە. ئەحمەد (٣٨٨/٥)، ترمذی ٢١٦٩). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/٢٣٩٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە

[٣] نووسەرانی بەڕیز هەر نووسیویانە: (رواه) هیچیتر، دیارە بیریانچووە سەنەدەکەی بنووسن والله اعلم. وا لای موسلم (٤٩)، ئەبوداوود (٣٧٨٠)، ترمذی (٢٠٩٨)، نەسائی (٤٩٤٩)، ئیبنوماجە (٤٠١١)، ئەحمەد (١١٢٤٧).

[٤] نووسەرانی بەڕیز نووسیویانە: (رواە الترمذی وابن ماجە). وانییە. لای هەردووکیان بە لەفزی (شَيْئًا) نەک (حدیثا) هاتووە: (<u>نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا شَيْئًا فَبَلَّغَهُ كَمَا سَمِعَهُ، فَرُبَّ مُبَلِّغٍ أَوْعَى لَهُ مِنْ سَامِعٍ</u>) ترمذی (٢٦٥٧)، ئیبنوماجە (٢٣٢)، لای طەبەرانی لە: (الأوسط ١٣٢٦)دا دەفەرموێ: (<u>نَضَرَّ اللَّهُ امْرَءاً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثًا ، فَأَدَّاهُ كَمَا سَمِعَهُ ....</u>).

خەندەگرتنی، هەر بۆ ئەو کارەبوو. هەرگیز لە ڕێگەیدا هەستی بە ماندووبوون و بێزاربوون نەدەکرد. ئەوپەڕی تواناو لێبڕان و دڵسۆزیی بۆ بانگەوازەکەی دەخستەکار، تا ئیسلامەکە سەرکەوتنی تەواویی بەدەستهێناو گیانی پیرۆزی جەنابیشی صلی اللە علیه وسلم بەخوای میهرەبان شادبوو.

<u>خاڵی دووەم: بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام پێویستییەکی مرۆڤایەتییە:</u>

ئیسلامخوازان لەبەر ئەوەی کاری سەرەکیی و رۆڵی بنەڕەتییان لەسەرزەویدا ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی شارستانییەت و کامەرانکردنی ئینسانەکان و لابردنی زەحمەت و پشێوییەکانی رێگەیانە، لەبەرئەوەی رەحمەت و سۆزو میهرەبانی خوای گەورەن و دەیانەوێت سەرزەوی بەرگی دادپەروەریی و هێمنیی و خۆشەویستیی بپۆشێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەریان بە کاری بانگەوازو گەیاندنی ئیسلام هەستن و هەموو هۆکارە شیاوو لەبارەکانی بۆ بگرنەبەر، چونکە:

١-ئادەمیزاد لەژێر کارتێکردنێکی راستەوخۆو گەورەی کات و شوێندایە، بە هۆیانەوە هەست و سۆزو تێگەیشتنی تایبەتی بۆ دروستدەبێت، کە جیایە لە هەست و سۆزو تێگەیشتنی کەسانیتر، لە شوێن و کاتێکیتردا. لەبەر ئەمەش بە شێوەیەکی جیاواز چەمکە مرۆڤایەتییە گشتییەکانی وەک دادپەروەریی و ئازادیی لێکدەداتەوە، بۆیە پێویست بە تێگەیشتنێکی قووڵ و رەوشتێکی باڵا هەیە تا مانای راستەقینەو تەواو بەو چەمکانە بدات و ژیانی مرۆڤەکانی پێڕاست ببێتەوە. بانگەوازی ئیسلامیش _کە بانگەوازی خواییەو قووڵترین تێگەیشتن و رۆشنترین دیدو راسترین تێڕوانین و پێناسەیە_ ناچێتە ژێر کارکردی کات و شوێنەوە. دەتوانێت مافی تەواو بەو چەمکانە ببەخشێت. کەواتە گەیاندن و کاربۆکردنی پێویستیەکی گشتی مرۆڤەکانە.

٢-دەروونی ئادەمیزاد ئاڵۆزو پڕ وردەکارییە. هیچ کەس ناتوانێت بە تەنها خۆی مامەڵەی دروستی لەگەڵدا بکات و رامیبهێنێت، کە هەر هیچ نەبێت زیان و پشێویی بۆ خەڵکانیتر ریشەکەنبکات. رەنگە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بگاتە راستی و حەقیقەت، بەڵام تووڕەبوونێک یا حەزو ئارەوویەک، لەوانەیە لایبدات. بۆیە پێویستی بە بەرنامەو

پرۆگرامێک هەیە کە حەقیقەتی پێبناسێنێت و وایلێبکات لێی لانەدات وملکەچی بێت. بانگەوازی ئیسلامیش ناوەڕۆکی کارەکەی ئەوەیەو لە جوانترین شێوەدا ئەو مەبەستە دەستەبەردەکات.

٣-مرۆڤایەتی لەم سەدەیەدا _سەرەڕای پێشکەوتنی زانستی زۆرو بەرهەم هێنانی ئەوپەڕی حەوانەوە بۆ خۆی_ دوچاری چەندەها کێشەی گیانیی و فیکریی و رۆشنبیریی و ئابووریی و رامیاریی و رەوشتیی هاتووە. لێکۆلەرەوەو خەمۆرانی مرۆڤ زۆرجار لە ئاستیاندا دەسەوسانی خۆیان رادەگەیەنن. هەندێ جار وەسف و تانوپۆی کۆمەڵە رێساو بەرنامەیەکی پێشکەشدەکەن و بە چارەسەری دەزانن، کە زۆر لە مەبەستە ئیسلامیەکان دەپێکێت و دەیەوێت بەجێیانبهێنێت، بەڵام چونکە هەڵقوڵاوی ئیمان نیە، ناکامدەبێت. بەرنامە نیە وەک بانگەوازی ئیسلامی باشترو رێکتر. ئەو چارەسەرو رێسایانەی لە خۆی گرتبێ و زامنی کۆتاییهاتنی کێشەکان بێ. بەڵام پێویستە بەرگی هاوچەرخ و پرۆژەی ئێستای بەبەردا بکرێت، تا گۆڕانکاری لە هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکوکۆی ئەمرۆ بگرێتەوە.

٤-ئیسلام بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی چڕوپڕە. جووڵەیەکی مانادارو مەبەستئامێز بە ژیان و رەوتی هەڵسوکەوتی خەڵک دەدات. لەونبوون وهیچگەریی (العدمیە)و بێهودەیی رزگاریاندەکات، دەیانکاتە ئامڕازێکی کاراو لێهاتووی گۆڕان. بەرەو باشتر ئەرکی پێشخستنی ژیان و ئاسودەکردنی مرۆڤ دەخاتەگەردنی هەموویان. ئەمە ئاتاجبوونی بەردەوامی مرۆڤایەتی بۆ ئیسلام نیشاندەدات. کەواتە بانگەوازو کارکردن بۆی دەبێتە خەمی گەورەی مرۆڤ.

<u>خاڵی سێیەم: بانگەوازو کارکردن بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایی ئیسلام پێویستە:</u>

خوای پەروەردگار ئیسلامی وەک بەرنامەو کۆمەڵە رێسایەک ناردوە. قورئانی پیرۆزی وەک کتێبێک لەدەست تێوەردان پاراستووەو لە گۆڕین بەدووریگرتووە، بەڵام بەجێهێنان و چەسپاندن و حوکم پێکردنیشی کردۆتە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانەکان.

ئوممەتی ئیسلامی بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستیی و ئاشتی لە نێوان گەلاندا پێویستی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەیە. ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی موسوڵمانان و لە کاتی نەبوون و بە جێنەهێنانیدا هەموویان تاوانباردەبن و دەکەونە ژێر لێپرسینەوەی قیامەتەوە. بەربەستیش لەرێگەی ئەو کارەدا لە

ئارادایە، بۆیە خەمخواردن و کارکردن بۆ گێڕانەوەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ئیسلام فەرزەو موسوڵمانان لە ئاستیاندا لێپرسراون.

باوەڕبوون بە خواوەندێتی پەروەردگار ئەوە پێویستدەکات کە فەرمانڕەوایی و هەڵسوکەوتەکانی ژیان لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەودا بن و کۆمەڵگەش بە شێوەیەک پێکبێت نوێنەری یاساکانی ئەو بن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بانگەوازکردن و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ئەو یاسایانە بۆ سەر شانۆی ژیان، بەشی باوەڕو یەکخواناسیی مرۆڤی موسوڵمانن و کارکردن بۆیان فەرزە.

**<u>بڕگەی دووەم: ئامانجەکانی بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام:</u>**

دیارە هەر کارێک ئەوەندە گرنگ و پیرۆزبێت و لە چەندەها لاوە جەختی بخرێتە سەرو فەرمانی خوایی لەسەربێت ئامانج و مەبەستی گەورەی هەیەو نیشانەی چارەنووسساز دەپێکێت کە ئەمانە گرنگترینیانن:

<u>١-هەنجەتبڕینی خەڵکی بە بەڵگەکانی وەحی:</u>

کەمتەرخەمیی لە پیادەکردن و پەیڕەویکردنی ئیسلام، لێپرسینەوەی وردو توندی لە قیامەتدا لەسەرە. بۆیە خەڵکی لەو ڕۆژەدا دەبن بەدوو دەستەوە: ئەوانەی کارنامەی سەرکەوتن بەدەستدێنن، پاداشتی بەهەشتی ڕازاوەیان دەستگیردەبێت، لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا. ئەوانەش کە یاخیدەبن و پشتی تێدەکەن و باوەڕی پێناهێنن، تووشی سزای سەختی دۆزەخ دێن و پێوەی گرفتاردەبن. بێگومان لەم دوو سەرەنجامە زیاتر نییەو کەسیش ناتوانێ ملەجڕێبکات و تەسلیمی نەبێت یان خۆی لێ قوتاربکات.

جا لە کاری بانگەوازو گەیاندنی ئیسلامدا ڕونکردنەوەی تەواو پێشکەش بە خەڵکی دەکرێت و دەشبێتە بەڵگە بەسەریانەوە، تا کەس لە قیامەتدا نەڵێت بانگەوازی ئیسلامم پێ نەگەیشتووە. هەر لەبەر ئەمەشە خوای گەورە ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی موسوڵمانان کە پێشتر ئەرکی سەرشانی پێغەمبەران بووە سەلامی خوایان لێ بێت:

(رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا)النساء/١٦٥ واتە: ئێمە وەحیمان بە نێرراوانی خۆماندا نارد، تا ببنە مژدەدەرو

هۆشدەری خەڵکی، تا خەڵکەکە هەنجەتی ببڕێت و بەهانەی نەمێنێت کە بڵێ: نەماندەزانی دینی خوایی کامەیەو چۆنی وەربگرین؟! خواوەند باڵادەست ودانایە.

ئوممەتی ئیسلامیش وەک کۆمەڵگەو دەوڵەت و شارستانی لە رۆژی قیامەتدا دەبێتە شایەت و بەڵگە بەسەر گەلانیتری جیهانەوە: (وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا) البقرە/١٤٣ واتە: بەم جۆرە ئێوەمان کردۆتە ئوممەتێکی دادپەروەر، تا ببن بە شایەت بەسەر خەڵکییەوەو پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بەسەر ئێوەوە شایەتە.

<u>٢-بەجێهێنانی ئەمانەتی سەرشان:</u>

بانگخوازان ئەمانەتێکی گەورەیان لەسەرشانە، کە رزگارکردن و هاندانە بۆ رزگاربوون لە سزای قیامەت. بۆیە پێویستە ئەوانیش بەو ئەرکە هەستن تا تاوانبارنەبن.

ئەم ئەمانەتە لەسەر خۆی فەرزە، لە هەمانکاتیشفا وەکو کارێکی خۆبەخشی جوامێریی و دڵسۆزییە، چونکە هێنانیانە بۆ رەزامەندی خوای گەورەو بەهەشت ویستنە بۆ هەموویان. ئەمەش بەهەموو شێوازو هۆکارێکی شیاو دێتەدی کە دڵیان بۆ ئەو مەبەستە نەرمکات.

<u>٣-رزگارکردنی گەلان:</u>

دروستکردنی بەڵگە بەسەر خەڵکەوەو بەجێهێنانی ئەمانەتی سەرشان، گەورەترین خزمەتن پێشکەش بەگەل بکرێن. چونکە لە لایەک باری ژیانی دنیایان راستدەکاتەوەو گێرەشێوێنیی و ناخۆشیی و کێشەکان نامێڵێت، لە لایەکیتریشەوە رەزامەندی پەروەردگار لە دنیاو قیامەتدا مسۆگەردەکات. واتە سەرکەوتن و سەرفرازیی هەردوو جیهان بەدەستدێنێ.

بەم جۆرە بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام ئامانجی بەرز دەێننەدیی. لە پێناو خۆشیی خەڵکیدان و لەگەڵ سروشت وژیریی و بوونی مرۆڤدا گونجاوو سازاوو رێکن . هەموو لایەن و رووکارەکانی ژیان دەگرنەوە. رۆڵی گەورە بەبانگخوازان دەسپێرن. داواکاری فەرمانەکانی مەڵسوڕان و ئاسان و گونجاودەکەن.

**پلەوپایەی بانگەوازوکارکردن لە ئیسلامدا:**

لەبەر ئەو ئامانجە بەرزانەی بانگەوازو كاركردن لەخۆیانیدەگرن و لەبەر گرنگیی و پێویستیی ژیان پێی، خوای پەروەردگار پێشەوایەتیی بانگخوازانی بە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت سپاردوەو ئەوان بۆ یەكەمجار شەرەفی ئەو كارە بەرزو پیرۆزەیان پێدەبرێت. بەڵام پاش تەواوبوونی سروش (وەحی)و لە دونیا دەرچوونیان، شتێكی ئاساییە خەڵكی سەریان لێ تێكبچێت و كێشەیان بۆ دروستببێت. دوژمنانی بانگەوازەكە بە نەخشەو پلانی نوێ دیسانەوە ببنەوە رێگر لە ئاست رێبازی راستیی و حەقیقەتدا، بۆیە خوای گەورە لەم ساتە تاریك و ئاڵۆزانەدا كەسانی لێهاتوو شیاو هەڵدەبژێرێت و ئەو ئەركەیان پێسپێرێت.

كەواتە كاری بانگەواز كاری پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت. كاری ئەو كەڵەپیاوو لێهاتوانەیە كە دەیانەوێت رووی رۆژگار بگۆڕن و بەرەو باشتریی ببەن. ئەمەش دیارە رێزێكی بەرزو گەورەیەو شایانی ئەوەیە خەڵكی پێشبڕكێی بۆ بكەن.

مامۆستایی و پێشەوایی خەڵك و هەڵنانیان بۆ پاككردنەوەی دڵ و دەروونیان و پیادەكردنی دادپەروەریی و خۆشەویستیی و ئاشتیی لە نێوانیانداو بوون بە نموونە بۆیان لەو بوارانەدا، ئاستی هەرەبەرزن و دەست هەموو كەس ناكەون. هەر بۆیە پێشەوا (ابن القیم) بە رەحمەت بێت سەبارەت بە پاداشتی گەورەو پلەو پایەی كاركردن بۆ ئیسلام دەفەرموێ: **(مَقامُ الدَّعوةِ إلى اللهِ أشْرَفُ مَقامَاتِ العَبْدِ)**[1] واتە: پلەی گەیاندنی بانگەوازی خوایی چاكترین پلەی عەبدە كە بیگاتێ..

---

[1] نووسەرانی بەڕێز هەر ئاوا ئەو قەولەیان هێناوەتەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەیەك بدەن، یان بیكەنە كوردی. دوای گەڕانێكی زۆر لە رێی كتێبی (المنطلق)ی محمد ئەحمەد راشیدەوە (ل١١٣) (كە لەوانەیە بەڕێزانیش هەر لەوێوە وەریانگرتبێت) گەیشتمەوە ئەوەی كە مامۆستا راشید قەولەكەی ئیمامی ئیبنولقەییمی لە (مفتاح دارالسعادة ١٥٣/١) وەرگرتووە. لای من وا لە: (مفتاح دارالسعادة توێژینەوی عبدالرحمن بن حسن القائد. بڵاوكار: دارعالم الفوائد (ب١ ل:٤٣٢).

لە دونیادا پێشەوایەتییەکی نموونەییەو لە قیامەتیشدا پاداشتی گەورەو نەبڕاوەو بەردەوامی هەیە. هەر وەک پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (فو اللَّهِ لأَنْ يَهْدِيَ اللَّه بِكَ رجُلًا واحِدًا خَيْرٌ لكَ من حُمْرِ النَّعم)[١] واتە: سوێند بەخوا ئەگەر خوا بە هۆی تۆوە پیاوێک بۆ ئیسلام ڕێنمونیبکات باشترە لە سامانی زۆرو بەنرخ (کە لە دورگەی عەرەبدا زیاتر وشتری چاک بوو).

لە ریوایەتێکیتردا: (لأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا، خَيْرٌ لَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا)[٢] واتە: ئەگەر خوا بە هۆی تۆوە پیاوێک بۆ ئیسلام ڕێنمونیبکات باشترە لە دنیاو لەوەی لە دنیادا هەیە.

لەبەر ئەوە ئاست و پلەی بانگەواز زۆر بەرزە تا خەڵکی لە دنیادا بەسەرلێشێواویی نەژین و گومڕا نەبن و نەبنە کۆیلەی خۆیان و خەڵکی و ژێر هەرەسی گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەکەون.

کەواتە بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام پەیامی ئەو ژیانەیە. ئوممەتی ئیسلامیش ئوممەتی بانگەوازە. تەنها بەوەش بە باشترین ئوممەت و کۆمەڵ دەژمێردرێت. ئەمەش هەموو سنوورە تەسکەکانی ڕەنگ و زمان و خاک و چین دەبڕێت و ئینسانەکان دەکاتە برای یەکتر.

**<u>بڕگەی سێیەم: ڕەواندنەوەی دوو گومان لەسەربانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام.</u>**

هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کردو روونمانکردەوە کە بانگەواز واتە هەوڵدان و تێکۆشان و بەکارهێنانی سامان و داهات و دەسکەوت و تووشبوونی ناڕەحەتیی و ئازارو بەرەنگاربوونەوەو لێبڕان و دڵسۆزیی و یەکلابوونەوە بۆ خوای گەورە، تا لە دەروونی

[١] نووسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (البخاری –جیهاد/١٠٢). ڕاستە: متفق علیەیە: بوخاری (٣٤٩٨)، موسلیم (٢٤٠٦).

[٢] نووسەرانی بەڕێز هەروا بێ سەنەدو سەرچاوە هێناویانەتەوە. وا لە لای عبداللە بن المبارک: لە کتێبی الزهد والرقائق ژمارە (١٣٥٣). بەڵام ئەمیان پسانێک لە سەنەدەکەیدا هەیە، چونکە ئیبنوئەبی جەعفەر یاوەر نییەو یەکسەر دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وایفەرموو.. کەوابوو یاوەرەکە لە زنجیرەی سەنەدەکە کەوتووە. ئەمەش زەعیفی دەکات.

هەندێ کەسدا گومانی دواکەوتن و بەشداریینەکردنی ئەو کارە روونەدات، یا خەیاڵی خۆکەنارگرتن و دوورکەوتنەوە بە مێشکی هەندێکدا نەیات، یا دوورودرێژیی و ماندووبوونیی کاروانی بانگەواز چۆک بە هەندێ کەس دانەدات و بگەڕێن بە هەر بیانوویەک بێت پاساو بۆ کشانەوەو وازهێنانی خۆیان بدۆزنەوە. لێرەدا گەورەترین دوو گومان لە ئاستی بانگەوازکردن بۆ ئیسلامدا کە دروستدەبن روونەکەینەوە:

<u>گومانی یەکەم: بانگەواز فەرزی کیفایەیە و لە تایبەتمەندێتی زانایانە:</u>

لە هەندێ کتێبی فیقهیدا وا هاتووە کە کاری بانگەوازو فەرمانکردن بەچاکەو بەرگریکردن لە خراپە فەرزێکی کیفایەیەو ئەگەر هەندێک کەس پێی هەستن، فەرزەکە لە کۆڵ ئەوانیتر دەکەوێت. ئەمانە ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە کە دەفەرموێ: (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ) ال عمران/١٠٤ واتە: با لە ئێوەدا کۆمەڵێک هەبن بانگەواز بۆ خێربکەن و فەرمان بەچاکە بکەن و بەرهەڵستی لە خراپە بکەن. ئەمانە دەڵێن: بانگەوازو فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لە خراپە فەرزی کیفایەیە. جێبەجێکردن و چەسپاندنی ئەم ئەرکە بەو کۆمەڵە کەسە دەکرێت کە گوێڕایەڵیی دەکرێن و شوێنکەوتوویان هەیە کە لە بازنەی فەرمان و ئامۆژگاریەکانیاندان.

ئێستا ئەگەر بپرسین ئایا بانگەوازی ئیسلامیی و چەسپاندنی ئەحکامەکانی لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا بە تەواویی ئەنجامدراوە؟ ئایا هەوڵ و خەباتی بانگخوازانی ئەمڕۆ تەواوبووەو بەسە؟ یا زۆر بوارو هەیە کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەیە. ئایا ئەو فەرزە کفایەیە بەجێهاتووە؟.

بە وردبوونەوە لەحاڵ و گوزەرانی موسوڵمانان لەم رۆژگارەدا ئەوە بە روونی دەردەکەوێت کە تا ئێستاش هەوڵی ئەنجامدراو زۆر کەمەو بەشناکات. ئەوەتا خەڵکی بە ئاشکرا یاخیدەبن. فەرمان و قەدەغەکراوەکانی خوای گەورە دەشکێنن و بەلاشیانەوە گرنگنییە. ئیسلام وەک بەرنامە باڵادەست و خاوەن هێزی کاریگەر نییە. لە هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەکی سەرزەویدا چەندەها بیروبۆچوونی نامۆ مێشک و بیرو هۆشی خەڵکیان تەنیوەو ئیسلام لای زۆر کەس بێزراوە. ئەم هۆکارانەو زیاتریش پێمان دەڵێن بانگەوازو

کارکردن ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکەو پێویستە هەموو کەس هێندەی تواناو لێهاتنی خۆی لە روونکردنەوەو گەیاندنی ئەو پەیامە جیهانیەدا بەشداربێت.

رەنگە لەو فەرزی کفایەیەدا گومانەکە بەرەو ئەوە بڕوات، کە کاری بانگەواز تایبەتمەندە بە زاناکانەوە، ئەوە ئەرکی ئەوانە.. لێرەدا پێویستە ئەوە روونبێت کە زانست و زانیاری و لێزانین رێژەیین و خوای گەورە نەبێت کەس زانای تەواو نییە. کەواتە لە کۆمەڵگادا هەر کەس هێندەی خۆی زانایەو بەشی خۆی دەزانێت. بۆیە پێویست دەبێت بانگەواز لەو بەش و لایەنەدا بکات کە لێی شارەزایەو توانای بەسەریدا دەشکێت. ئەو بەشەش کە لێی نازانێت دەتوانێت ئاڕاستەی ئەوانەی بکاتەوە کە لە خۆی زاناو شارەزاترن تیایدا.

<u>گومانی دووەم: تێگەیشتنی هەڵە لە ئایەتێک:</u>

خوای گەورە لە سورەتی المائدە ئایەتی ١٠٥ دا دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ) واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتانهێناوە هەر گرنگی بە خۆتان بدەن، ئەوانەی گومڕان ناتوانن زیانتان لێ بدەن، ئەگەر ئێوە رێبازی هیدایەتتان بەچاکیی گرتبێتەبەر.

تێگەیشتنە هەڵەکەش ئەوەیە کە وادەزانن مانای ئەم ئایەتە بەم جۆرەیە: (وریای خۆتان بن. ئەگەر خەڵکی گومڕابوون ئێوە زیانتان لێ ناکەوێت.. واتە: ئێوەش واز لە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستییکردنی خراپە بهێنن)! بۆ تێگەیشتنی راستی ئەم ئایەتە ئەم وتە جوانەی پێشەوا ئیبن تەیمیە دەهێنینەوە کە دەفەرموێ: (ئەم ئایەتە هەرگیز مانای وازهێنان و پشتهەڵکردن لە فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپە هەڵناگرێت، رێگەشنادات وا بیربکرێتەوە. هەر وەک لەریوایەتێکی مەشهوردا هاتووە کە ئەبوبەکری صددیق خوا لێ رازی بێت لەسەر مینبەر فەرمووی خەڵکینە ئێوە کە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە لە شوێنی خۆیدا بەکاریناهێنن و باش لێی حاڵینابن. من گوێم لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بووە فەرموویەتی: ئەگەر خەڵکی خراپەیان بینی و نەیانگۆڕی، دوورنییە خوا بە سزای توند بیانگرێت. ئەم وتەیەی ئەبوبەکری صدیق خوا لێ رازی بێت ئاشکرایە. کاتێ خوای گەورە دەفەرموێ: (عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ) واتە خەریکی دەروونی خۆتان بن، رایبهێنن و بە تەقواو پەرستن بیڕازێننەوە. کە دەشفەرموێت: (لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا

اهْتَدَيْتُمْ) حاڵەتی ڕێنومایی و هیدایەتی خوایی کاتێک بەردەوام دەبێت و دێتەدیی، کە گوێڕایەڵیی لە فەرمانکردن بە چاکەو بەرهەڵستیکردن لە خراپەدا بکرێت.. جگە لەمەش ئایەتەکە چەند ڕێسایەکیترمان فێردەکات:

١-موسوڵمان نابێت لە ناحەزو دوژمنان سڵبکاتەوە. چونکە ئەگەر ئەم ڕێنومایی تەواوی وەرگرتبێت ئەوە ئەوان ناتوانن زیانی پێبگەیەنن.

٢-خەفەتیان بۆ مەخۆن و مەترسن لە قیامەتدا تەنها ئەوان سزادەدرێن و ئێوەی بەرناکەون. چونکە تەنها ئەوان کەمتەرخەم و لە ڕێ لایانداوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەرکی خۆتانیان بەرامبەر بەجێبهێنن تا ئێوەش کەمتەرخەم دەرنەکەون.

٣-مەچنە پاڵ بێباوەڕان و چاو مەبڕنە ئەو ماڵ و سامانەی پێیان بەخشراوەو هەناسەی بۆ هەڵمەکێشن.

٤-لە مامەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی بێباوەڕاندا سنورمەشکێنن و لە رادەی خۆی زیاتر هێرشمەکەنە سەریان و لێیان تووڕەمەبن، بەڵکو لەسەرخۆو دادپەروەربن لەگەڵیاندا.

٥-فەرمانکردن بەچاکەو بەرهەڵستکردن لە خراپە پێویستە بەشێوازی شیاوو هۆکاری پاک ئەنجامبدرێت. لەسەر زانست بێت و بە نەرمیی و ئارامییەوە ئەنجامبدرێت و مەبەست و ئاکار تیایدا پاک و بەرزبێت. ئەمەش لە نێوان دوو وشەی (عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ) و (إِذَا اهْتَدَيْتُمْ) دادایە، کە ڕوو بەڕووی ئیمانداران ئاوای فەرمووە.

(سید قوتب)یش ئەم چەمکە نوێ دەکاتەوە لەمبارەیەوە دەفەرموێ:

(ئوممەتی ئیسلامی کە لێپرسراوە لە خودی خۆی بەرامبەر خوای گەورە گومڕایی و سەرلێشێوانی کەسانیتر زیانی پێناگەیەنن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەگەر کەمتەرخەمبوون لە فەرمانکردن بەچاکەو بەرهەڵستیکردن لە خراپە، خوای گەورە لێیان ناپرسێتەوەو تاکەکانی کۆمەڵ تەنها لە خۆیان بەرپرسیارن. نا، نابێت کە ئوممەتی ئیسلام هیدایەتی وەرگرت واز لە کەسان و میللەتانی دەوروبەری بهێنێت. ئایەتەکە بانگەوازو بەربەرەکانێی ناڕاست و لەڕێ دەرچوون لەسەر کەس لا نابات).

**برِگەی چوارەم: هەڵوێست و ئاکاری پیاوچاکانی پێشین لە بانگەوازو کارکردندا بۆ ئیسلام.**

مێژوو ئەو کانی و سەرچاوە نەبڕاوەیە یە کە دەتوانین سوونەت و باوی ژیانی لێوە هەڵیگۆزین. ماناکانی سەرکەوتن و ژێرکەوتن و بنیاتنان و رووخاندنی لێوەفێرببین. سوود لە خاڵ و هەڵوێستە بەهێزەکانی وەربگرین و نەهێڵین لاوازیی و پشێوییەکانی دووبارەببنەوە. چونکە لاریی و خراپیی _ئەگەر یەکەمجار نەزانین بێت_ ئەوا دووەمجار تاوانە.. مێژووی ئیسلامیش پڕە لە هەڵوێستی بەرزو مەردانەی ئەوانەی توانیویانە خزمەت بەم ئایینە بکەن و رووی رۆژگارەکەی خۆیان بەرەو بەرنامەی خوا وەربچەرخێنن و چەندەها قوتابی و شوێنکەوتوو لە دوای خۆیان جێبهێڵن و خەڵکی بەهۆشبهێننەوەو لە کەمتەرخەمیی بیانپارێزن.

(عامیری شەعبی رەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵێک لە خەڵکی کووفە چوونە دەرەوەی شار، تا لە خەڵکی جیاببنەوەو بۆ خۆیان خەریکی خواپەرستیی بن. کە عەبدوڵای کوڕی مەسعود ئەمەی بیست چوو بۆ لایان، ئەوانیش زۆریان پێخۆشبوو پێی وتن: نیازتان چییە؟ وتیان لە خەڵکی دووردەکەوینەوەو خواپەرستییدەکەین. ئەویش فەرمووی: ئەگەر ئێوە کەناگیربن ئیتر کێ بەرەنگاری ناحەزان ببێتەوە؟ وازتان لێناهێنم تا نەگەڕێنەوە ناو خەڵکی)[1].

لەسەدەی دووەمی کۆچیدا خوای گەورە شەرەفی پێشەوایی و سەردەستەیی بانگەوازی بە عبداللەی کوڕی موبارەک بەخشی، تا راستیی بۆ گەل بگێڕێتەوە. کاتێک دەبیستێت هاوەڵی خۆشەویستی خۆی فوزویلی کوڕی عیاز (فضيل بن عياض) وازی لە جیهاد هێناوەو لە هەردوو حەرەمی مەککەو مەدینەدا خەریکی خواپەرستییە. ئەم گلەیی نامەیەی بۆ دەنووسێت[2]:

---

[1] ابن مبارک: کتاب الزهد ل: ٢٩٠.

[2] ئەم نامەیەی ئیمامی عبداللەی کوڕی موبارەک رحمەاللە شیعرە، ساڵی ١٧٠ ی کۆچی لە شاری طەرطووسی خۆراسانەوە بۆ فوزەیلی پیاوچاکی نارد، بەڵام نووسەرانی بەڕێز هەر مانای

**يا عابدَ الحرمين لو أبصرتَنا ... لعلمتَ أنَّكَ في العبادةِ تلعبُ**

ئەی ئەو کەسەی لەنێوان دوو شوێنی پیرۆزدا خواپەستی دەکەیت... ئەگەر ئێمە ببینیت دەزانیت تۆ یاری بەپەرستن دەکەیت.

**مَنْ كانَ يخضبُ خدَّه بدموعِه ... فنحورنُا بدمائِنا تَتَخْضَبُ**

ئەگەر کەسانێک هەن روومەتیان بە فرمێسک تەڕدەکەن.... ئێمە گەردنمان بە خوێن رەنگدەکەین.

**أوكان يتعبُ خيله في باطل ... فخيولنا يوم الصبيحة تتعبُ**

ئەگەر کەسانێک هەن وڵاخەکانیان لە رێی ناڕەواییدا ماندوودەکەن... ئێمە وڵاخەکانمان لە سپێدەی رۆژی پێکدادانەوە ماندوو دەبن.

**ريحُ العبيرِ لكم ونحنُ عبيرُنا .. رَهَجُ السنابكِ والغبارُ الأطيبُ**

---

کوردییەکەیان نوسیووە! بە باشم زانی دەقە عەرەبییەکە بخەمە تێکستەکەی سەرەوە، چونکە عادەتەن دەبێ دەقە عەرەبییەکە لە سەرێ دانرێت و وەرگێڕانەکەی بهێنرێتە پەڕاوێز.. بەڵام بۆ ئەوەی نە شیش بسوتێ و نە کەباب هەردووکیانم بردە سەرەوە.. ئەوەش هەندێک دێڕی تری شیعرەکەیە، کە لە زۆر سەرچاوەدا هەیە. وەکو: (إبن كثير: تفسير القرآن العظيم ٤٤٨/١، الذهبي: سير أعلام النبلاء ٤١٢/٨، أبو القاسم الرافعى القزوينى: التدوين فى أخبار قزوين ٢٣٦/٣، أبو القاسم بن عساكر: في تاريخ دمشق ٤٤٩/٣٢):

**ولقد أتانا من مقالِ نبيِنا ... قولٌ صحيحٌ صادقٌ لا يَكذبُ**
**لا يستوي غبارُ أهلِ الله في ... أنفِ أمرئٍ ودخانُ نارٍ تَلهبُ**
**هـذا كتابُ الله ينطقُ بيننا ... ليسَ الشهيدُ بميتٍ لا يكـذبُ**

با بۆنی میسک و عەنبەر بۆ ئێوە بێت، بۆنی خۆشی ئێمە.... هەر تەپو تۆز خۆڵە بۆنخۆشەکەی بن ناڵی ئەسپەکانمانە[١].

ئەی ئەمڕۆ چی بەوانە بوترێ کە بە تەواوی وازیانهێناوەو پشتیان هەڵکردووەو خەریکی پەرستنیش نین؟!.

لە پاش ئەمان و لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا شێخی خواناس و بانگخوازی لێبڕاو شێخ عبدالقادری گەیلانی رحمەالله لە بەغداوە دەنگی بانگەواەزەکەی سەرلەنوێ بڵندکردو تینی دایەوە بەر هیمەتی خەڵک و بۆ کارکردن کەوتەوە ماندانیان. دەیفەرموو: (خواناسی تازەو سەرەتا لە خەڵک هەڵدێت و خۆی حەشاردەدات، بەڵام خواناسی تەواو بە دوایاندا دەگەڕێت و بەرەو رووياندەچێت، چونکە لە خوا زیاتر لە کەسیتر ناترسێت.. ئەوەی سەرەتاو تازەیە لە بێباوەڕو تاوانباران کەناردەکەوێت، ئەوەش کە خێری تیایە سوودمەنددەبێت. چۆن بانگخواز کەمتەرخەم دەبێت لە کاتێکدا بزانێ دەرمانی دەردەکانی ئەو خەڵکەی پێیە؟

ئەوەی خواناسی راستەقینە نەبێت ناتوانێت بەدەم تاوانبارانەوە پێبکەنێت و لەگەڵیاندا بدوێت. دڵسۆزانە دەتوانن لە تاریکایی ژیان خەڵکی دەربهێنن و ریزی موسوڵمانمانیان پێ پتەوبکەن و شەیتانیان پێ راوبنێن)[٢].

(ابن الجوزی) لەبەغداو لەهەمان کاتدا دەنگی دەخاتە پاڵ دەنگی و دەفەرموێ:

(ئەوانەی لە خەڵک دوورو کەنارن، سیفەتی شەمشەمەکوێرەیان هەیە، زۆریان لە سوودگەیاندن بەخەڵک بێبەشکردووە، ئەگەر لەسەردانی نەخۆش و شوێنکەوتنی جەنازەش دوانەکەون هەر باشە. بەڵام ئەمە حاڵەتی ترسنۆکەکانە. ئازاکانیش خەریکی شت فێربوون و فێرکردنن، کە ئەمەش کاری پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت.

---

[١] پەراوێزی کتێبەکە لێرەدا زۆر پشێو بووە. وا دەزانم نووسەرانی بەڕێز شیعرەکەیان لە (السبکي: طبقات الشافعیة الکبری ل: ٢٨٧.) وەرگرتبێت و بە هەڵە ژمارەی پەراوێزەکەیان بۆ دانەنابێت. والله اعلم.

[٢] شێخ عبدالقادری گەیلانی: الفتح الرباني ل: ٧٣.

دانیشتن لەماڵداو دەست گرتن بە کڵاوەوە تا با نەیبات، حاڵەتەکە بەرەو خراپترو نالەبارتر دەبات. گۆڕەپان بۆ لەخواباخیبوان چۆڵدەکات و باڵادەستیی و زۆر قەبارەییان پێ دەبەخشێت.. تەلحەی کوڕی عبیداللەی قورەیشی خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (کەمترین عەیبەو نەنگی بۆ خەڵک ئەوەیە لە ماڵەوە دابنیشن و هیچیان لەدەستنەیات).

هەروەها دەفەرموێ: (ئەو زانایەی قورئان و سوننەت و حەڵاڵ و حەرام شارەزابووە، رێگەکانی خێرو چاکەی زانی، چوونە ناو خەڵک و ئامۆژگاریکردنیانی باشترە وەک لە کەنارگیربوون قورئان و سوننەت خوێندن و تەسبیحاتکردن) [١] .

لەپاش ئەمانە پێویستە ئاشکرابێت بانگەوازو دەرچوون بۆ کارکردن بۆ ئیسلام لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا لە کارە سوننەتەکان لەپێشترەو لەوان زیاتر پاداشتی قیامەتی هەیە.

**<u>بڕگەی پێنجەم: بوارەکانی بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام.</u>**

هەر وەک پشێویی و ئاڵۆزییەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی تەنها یەک لایەن نین و زۆر لایەن و بوارو رووکاریان گرتۆتەوە، بە هەمان شێوە پێویستە پرۆژەکانی بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیان بگرنەوەو بەشداری هەموو رووەکان بکەن و بتوانن بەرەو ئیسلام بیانبەن.. گرنگترین بوارەکانی کارکردن و بانگەواز لەمڕۆدا ئەمانەن:

١-چاک پەروەردەکردن: واتە فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەوانەی هاتوونەتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، بە بوژاندنەوەی باوەڕیان و پاککردنەوەی دڵ و دەروونیان و پارسەنگکردنی رەوشتیان و بەرزکردنەوەی هیممەتیان و بەردەوامکردنیان لەسەر پەیوەستبوون بە ئیسلامەوە، تا بتوانن ئەوانیش رۆڵی خۆیان ببینن و ئیسلام لە ماڵ و خێزانی خۆیاندا پیادەبکەن و خەڵکیتری بۆ هانبدەن.

٢-هۆشیاریی رامیاریی: تا دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە دەست لاوازو لێنەهاتوان دەربهێنن. هێزو دەسەڵات لەبری ئەوەی هۆکارێکی چەوساندنەوەو خۆسەپاندن بێت، پێویستە بکرێتە هۆکارێکی بڵاوکردنەوەی خێرو چەسپاندنی دادپەروەریی لە نێوان تاکەکانی

---

[١] ابن الجوزي: صيد الخاطر ل: ٢٢٤.

کۆمەڵدا، تا ئازادییەکان بۆ گشت خەڵکی دابین بکرێن و هەموو کەسێک مافە سیاسیی و یاساییەکانی خۆیی دەسکەوێت. ئەمەش بەو موسوڵمانە پەروەردەکراوە هۆشیارانە دەکرێت.

٣-لایەنی کۆمەڵایەتی: تا تاکەکان بتوانن چارەسەری دەردە کوشندەکانی کۆمەڵ لە هەژاریی و برسیەتیی و نەزانیی و نەخۆشیی بکەن، لە جییاندا دیاردەکانی خۆشەویستیی و بەزەیی و نەرمونیانیی و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە پەسەندەکان ڕەسەنبکەنەوەو دیاردە دزێوەکان بسڕنەوە.

٤-دادپەروەریی ئابووریی: تا موسوڵمانان بتوانن لەو ڕێگەیەوە جێدەستیان دیاربێت، لە پێشخستن و گەشەپێدانی وڵاتیان، تا بیسەلمێنن کە موسوڵمانان بە ئەمەک و ئەمینداری باشن و دەستپاکن، شیاوی ئەوەن سامانی گەل بدرێتە دەستیان.

٥-پێکەوەنانی هێزی جیهادی: تا زەوییە داگیرکراوەکان و ستەمە رامیارییەکان نەمێنن و موسوڵمانان بتوانن تیایاندا بوونی خۆیان بسەلمێنن. تا دیاربێت کە هێز نیشانەیەکی ئیسلامەو بۆ چەسپاندنی ئاشتیی و ئارامیی دەخرێتەکار. تا بشزانرێت کە لەشکری ئیسلام لەشکری سۆزو ڕەحمەت و میهرەبانییە.

٦-هەقخوازیی دەزگاکانی راگەیاندن: تا فیکرو بۆچوونی ئیسلام بگاتە هەموو ماڵ و کەسێک و بە جۆرەها شێواز پێشکەشیان بکرێت. گرێ کوێرە دروستکراوەکان بکرێنەوەو خەڵکی چەمکە هەڵەکانیان لا راست ببێتەوە. جگە لەمە هۆکارێکی پاک و باشی ئاڕاستەکردن و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەش بێت و بەدووریان بخاتەوە لەو باوو نەریت و نەخۆشیانەی کە لەم ڕێگەیەوە خۆیان کردووە بەناوجەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواریماندا.

٧-رۆشنبیریی فیکریی و بەرفراوانکردنی زانستی: تا تێگەیشتن و بۆچوونەکان بەرامبەر ئیسلام راست بکرێنەوەو هەموو گومانە خراپەکان لە ئاستیدا بڕەوێنرێنەوە، تا بسەلمێت کە ئیسلام دوورە لەکەموکوڕیی و لاوازیی و ئەو هەڵانەی بەرنامە دەستکردەکانی تری مرۆڤ تێیکەوتوون.

ئەمانەو چەندین جۆر بواریتر کە ڕەنگە شوێن و کات و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکان دروستیانبکەن، هەموویان بواری کاری ئیسلامین و هەلی بانگەوازن بۆ بەرنامەی خوای گەورە . گرنگ نییە چ بەرگ و ناوونیشانێک هەڵدەگرن و بە چ شێوازێک

پێشکەشدەکرێن. بۆیە پێویستە موسوڵمان لە ئاستیاندا ترس دروستنەکات و لە خزمەتکردن تیایاندا نەسڵمێتەوەو بەشداریان تێدا بکات . دڵنیاشبێت لەوەی ئەرکی خۆی بەجێهێناوەو پاداشتی قیامەتی خۆی مسۆگەرە. گرنگ و چاکە کە هەوڵبدات شێوازو هۆکاری شیاوو تازە بۆ ئەم کارانە بدۆزێتەوەو داهێنان لە بانگەوازدا بکات و زۆرترین ژمارە لە خەڵک بە ئایینی ئیسلامەوە پەیوەستبکات. چونکە ئەمە داناییەو داناییش ونبووی مرۆڤی موسوڵمانەو لە هەموو کەس زیاتر خاوەنیەتی. هەر وەکو کە پێغەمبەری سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (الْحِكْمَةُ ضَالَّةُ الْمُؤْمِنِ فَحَيْثُ وَجَدَهَا فَهُوَ أَحَقُّ بِهَا)[١] واتە: دانایی بزربووی موسوڵمانە لە هەر کات و شوێنێکدا بیدۆزێتەوە، ئەو شایانترە وەیبگرێت.

لەکۆتاییدا ستایش هەر شایستەی خوای میهرەبانە، کە کاری گەیاندنی بەرنامەکەی دوای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم سپاردووە بە دڵسۆزان وخەمخۆرانی ئوممەت. والحمدلله.

---

[١] نووسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه الترمذی وابن ماجه). راستە: ترمذی (٥١/٥)، ئیبنوماجە (١٣٩٥). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە هەردوو کتێبی (ضعيف سنن الترمذي/٥٠٦) و (ضعيف سنن ابن ماجه/٩١٢)دا دەفەرموێ: زۆر زەعیفە.

# باسی پێنجەم

## پێویستبوونی بەکۆمەڵ کارکردن بۆ ئیسلام

## باسی پێنچەم

# پێویستبوونی بەکۆمەڵ کارکردن بۆ ئیسلام

**ڕێڕەو:**

لە باسەکانی پێشوودا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە بانگەوازو کارکردن بۆ ئیسلام ئەرکێکی شەرعی و زەروورەتێکی واقیعییەو لە ئەستۆی هەموواندایە. بەڵام ئەم ئەرکە بەوەندە تەواو نابێ کە هەریەکە بە تەنهاو بە بێبەرنامەو لێرەولەوێ بە پەرتەوازەیی سەرقاڵی بانگەوازکردن بێت و هیچ پەیوەندیی و هاوکارییەکی لەگەڵ براو خوشکەکانیتریدا نەبێت. پێویستە لەسەر هەموویان و لە ڕێگای کۆمەڵێکی ئیسلامییەوە ئەو ئەرکە جێبەجێبکەن.

کاری بە کۆمەڵ _هەر چەندە کەموکورتی تیا بەدیبکرێت- هەمیشە لە کاری فەردی تاککەسیی گەلێک چاکترو بەرەکەتدارترە، چونکە ئەو شوێنەوارو کاریگەرییەی کە کاری بە کۆمەڵ لەسەر ڕەوتی ژیان هەیەتی هەرگیز بەراوردناکرێت بە شوێنەوارو کاریگەرییەکانی کاری فەردیی. هەر بۆیە ئیمامی عەلی فەرموویەتی (**كَدَرُ الجَمَاعةِ خَيْرٌ مِن صَفْو الفرْد**)[1] واتە: لێڵیی کۆمەڵکاریی خێردارترە وەک لە ڕوونی تاککاریی..

---

[1] نووسەرانی بەڕێز هەروا قەولەکەیان بەبێ سەنەدو سەرچاوە هێناوە. هەندێک سەرچاوەی کۆن ئەم قەولەیان بە بێ سەنەد هێناوەتەوە، زۆرینە دەفەرموون: قەولی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوطالیبە خوا لێی ڕازی بێت، بلاذەریی لە (أنساب الأشراف)دا دەفەرمووێ: قەولی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانە خوا لێیان ڕازی بێت، هەمووشیان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە سەنەدی نییە! بڕوانە: (الجاحظ:البيان والتبيين/ل: ١١٢). ئەمە جگە لەوەی هەندێک دەفەرموون: (..**خَيْرٌ مِن صَفْو الفرْد**)ەو هەندێکی تریان دەفەرموون: (**خَيْرٌ مِن صَفْو الفُرْقة**)یە. بە هەر حاڵ ئێمە پێمان وایە کە بەرچاوڕوونی بۆ تاک و کۆمەڵکار چاکترە لە دیدلێڵی، جا تاککار بێت یان کۆمەڵکار. بە تایبەتی کە خوای گەورە بەرچاوڕوونانی _بە بەڵگەی شەرعیی_ نەکردووە بە هۆکاری ترفرەقەو جودابوونەوە ، کە دەفەرموێ: (وَلْتَكُنْ مِنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٠٤) وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ)آل عمران/١٠٤_١٠٥. والله اعلم

لەم باسەدا دێینە سەر تاووتوێکردنی ئەم بابەتەو رادەی پێویستبوونی کاری بەکۆمەڵ لە ئیسلامداو لە دووتوێی چەند تەوەرەیەکی سەرەکیەوە تیشکی دەخەینەسەر:

بڕگەی یەکەم: راو بۆچوونی پێشەوایانی پێشین لە بارەی کاری بەکۆمەڵەوە.

بڕگەی دووەم: ئەو هۆیانەی کە کاری بەکۆمەڵ واجبدەکات.

بڕگەی سێ یەم: بەڵگەکانی واجببوونی کاری بەکۆمەڵ.

بڕگەی چوارەم: بنەماکانی کاری بەکۆمەڵ.

**بڕگەی یەکەم: رای پێشەو ایانی پێشین دەربارەی کاری بەکۆمەڵ:**

شتێکی بەڵگەنەویستە کە بانگەواز بۆ رێگای خوا کارێکی پێویستە. گرنگترین کارەو بەبێ ئەو ئایینی خوا بڵاونابێتەوە. بۆیە هەر شتێک ئەم راسپاردە گرنگە ئاسانبکات بە هەمان شت ئەویش پێویستە. لە روانگەی ئەم یاسا شەرعییەوە کە دەفەرموێ: (**ما لا یتم الواجب إلا به فهوواجب**). واتە: هەر شتێک فەرز بەو نەبێت تەواو نەکرێت، ئەویش فەرزە.

پێشەوایانی ئێمە چاک لەم مەسەلەیە تێگەیشتبوون و بەڕوونیی ئەم باسەیان کردووەو ئەوەیان دەرخستووە کە بە بێ کاری بەکۆمەڵ ئەستەمە بانگەوازی خوا بەخەڵکی بگات و بڵاوببێتەوە، بۆیە هەمیشە خۆیان لە گۆشەگیریی و دوورەپەرێزیی پاراستووە!.

ئەو زانا پایەبەرزانە لە فەتواکانیاندا ئەم کارەیان بە گرنگداناوەو جەختیان لەوە کردووەتەوە کە کاری بەکۆمەڵ کارێکی پێویستەو ناکرێت پشتگوێبخرێت. جا ئەو کارە بەکۆمەڵە لەژێر هەر ناوو نیشانێکدا بێت، گرنگ نیە. مەبەست ناوەڕۆکە نەک ناو. هەروەها بوونی سەرۆکێکی خاوەن بڕیارێش بۆ کۆمەڵ پێویستە، جا ئەو سەرۆکە هەر ناوێکی هەبێت: رابەر، سەرۆکی گروپ و پارت و .. هتد ئەمجۆرە ناوانەش لە فەرهەنگی زاراوەی ئیسلامیدا شتێکی تازە نین. بەڵکو لە کتێبە فیقهیەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. ئەوەتا پێشەوا (ابن تیمیە) لە بارەی کاری بەکۆمەڵەوە دەفەرموێ:

(وشەی (زعیم) هاوشێوەیە لەگەڵ (کفیل و ضمین)دا خوای گەورە دەفەرموێ: (قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَن جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ)یوسف/٧٢ واتە: ووتیان پێوەری

دانەوێلەکەی پاشامان لێبزربووە، هەر کەسێک بیهێنتەوە باری حوشترێکی خەڵات دەکرێت. سەیدنا یوسف سەلامی خوای لێ بێت فەرمووی: خۆشم کەفالەتی ئەوە دەکەم..

ئەو کەسەی کاری بەکۆمەڵی پێسپێردراوە ئەوە (زعیم)ە جا ئەگەر چاکەخوازبوو ئەوا سوپاسکراوە، ئەگینا شایەنی سوپاس نیە.

وشەی (راس الحزب)یش بە سەرۆکی کۆمەڵێک دەوترێت کە کۆبن لەسەر شتێک جا ئەگەر کۆبوونەوەیان لەسەر فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەبێ زیادوکەمبوو ئەوا موسوڵمانن و پەیڕەوی بەرنامەی ئیسلامن. ئەگەر زیادوکەمیان هەبوو _وەک ئەوەی حیزبچێتییان کردو تەنها ئەوانەیان خۆشدەویست کەهاوبیریانن، ئەگەر وا نەبن ئەوا پشتیان تێدەکەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا لەسەر هەقن یا ناهەقن. بێگومان ئەو جیاوازییە کارێکی باشنیەو خواو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێی رازینابن، چونکە خواو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانیان بەکاری بەکۆمەڵداوەو جیاوازیی و دووبەرەکییان قەدەغەکردووە. فەرمانیان بە هاوکاریکردن لە کاری چاکەو خواپەرستییدا داوەو رێگریان لەکاری خراپەو تاوان کردووە)[١] .

ئەوەی سەرەوە دەقی فەرموودەکەی پێشەوا ئیبن تەیمیە بوو کە نزیکە خوێنەر بڕوانەکات کە قسەی ئەو پیاوە پێشینەیە.

ئەم دەقە بەڵگەیکی روونە بۆ ئەوانەی کە کاری (جەماعی) بەکارێکی تازەو دروستکراو دەزانن، هەروەها پاڵپشتێکی گرنگە بۆ بانگخوازان و هیممەتێکیتریان پێدەدات لەسەر کاروانی رێگای خواو بەگژ ئەو کەسانەشدا دەچێتەوە کەکاری جماعی بە کارێکی (بدعە) لە قەڵەم دەدەن.

دەبێت ئەوانە چۆن روویان بێت بە کاری پێغەمبەران علیه السلام بڵێن (بدعە)؟: (قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي)یوسف/١٠٨واتە: بفەرموو ئائەمە رێبازەکەی منە، خۆم و ئەوانەی شوێنکەوتوومن _بەرچاوڕۆشنانە_ خەڵکی بۆ ئەم رێبازە بانگهێشت دەکەین ابن القیم دەفەرموێ: (فەڕاء) کە زانایەکی زمانەوانیە، هەروەها

---

[١] نووسەرانی بەڕیز هەر نوسیوویانە: المنطلق/ محمد أحمد الراشد.

کۆمەڵێک دەڵێن: (وَمَنِ اتَّبَعَنِي) عەتفە لەسەر ضمیری (أَدْعُو) واتە: من بۆ ڕێگای خوا بانگدەکەم، ئەوانەش کە شوێنی من دەکەون دەبێت ئەوانیش خەڵکی بانگبکەن بۆ ڕێگای خوا.

لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ)ال عمران/١٤٦ واتە: زۆر پێغەمبەر هەبوون کە کۆمەڵ کۆمەڵ خواوویستان لە خزمەتیاندا دەجەنگان.. ابن القیم دەڵێت وشەی (رِبِّيُّونَ) واتە : کۆمەڵەکان، چونکە (رِبِّيُّونَ) کۆیەو تاکەکەشی (رِبّە)یە واتە: کۆمەڵ.

**<u>بڕگەی دووەم: ئەو هۆیانەی کاری بەکۆمەڵ واجب دەکەن:</u>**

کۆمەڵێک هۆ هەن کە کاری (جەماعی) واجبدەکەن لەوانە:

<u>یەکەم: گەیاندنی پەیامی خوا بەخەڵکی:</u> بێگومان گەیاندنی پەیامی خوا بە خەڵکی و نەهێشتنی بەهانەو بیانوویان کارێکی پێویست وشەرعییە. ئەم کارە گرنگەش بەبێ هاوکارییکردنی یەکتری ئەنجامنادرێت. کاتێک ئەم کارە بەرەوپێش دەڕوات کەموسوڵمانان پشتیوانی یەکترین بۆ گەیاندنی پەیامی خوا.

کاتێک سەیری فەرمانەکانی ئیسلام دەکەین دەبینین هەمووی بەشێوەی کۆ هاتووە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی حەزیان لە کۆبوونەوەیە. وەک (ابن خلدون)[١]

---

[١] ئەم قەولە هەرچەندە وا بەناوبانگە کە زانای گەورەی ئیسلام و دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسیی ئیبنوخەلدوون رحمەالله(کە ساڵی ٨٠٨ی کۆچی مردووە)فەرموویەتی، بەڵام لە راستییدا قەولەکە هی ئەو نییەو ئەو لە (المقدمة ل: ٤١)دا نەقڵی کردووە، بۆیە فەرموویەتی: (الاجتماع الإنساني ضروري ويعبر الحكماء عن هذا بقولهم **الإنسان مدني بالطبع** أي لا بد له من الاجتماع الذي هو المدينة في اصطلاحهم وهو معنى العمران). لە راستییدا پێشتر ئیمامی ئیبنوتەیمییە رحمەالله (کە ساڵی ٧٢٨ ی کۆچی مردووە) لە کتێبی (الرد على البكري ل: ١٨٩/١)دا دەفەرموێ: (**إذ كان الإنسان مدنيا بالطبع** لا تتم مصلحته إلا ببني جنسه) و لە کتێبی: (بيان تلبيس الجهمية في تأسيس بدعهم الكلامية: ٥٥/٢)دا دەفەرموێ: (**والانسان مدني بالطبع** لا يعيش الا مع بني جنسه). هەروەها ئیمامی ئیبنولقەییمیش _کە قوتابی ئیمامی ئیبنوتەیمییەبووەو ساڵی ٧٥١ ی کۆچی مردووە_ لە (زاد المعاد ١١/٣ )و کتێبی تردا

دەفەرموێ: (الانسان مدني بالطبع) واتە: مرۆڤ هەر بە پێی سروشتی خۆی شارستانییانەیە.. یەكێك لە دیمەنەكانی (مەدەنییەت) وشارستانی بەكۆمەڵ ژیانە. مادام كۆمەڵ هەبێت حەتمەن بۆ گەیاندنی پەیامی خوا زەروریی و پێویستن.

<u>دووهەم: هاوكاریكردن لەسەر كاری چاكەخوازی:</u> كاتێك خوای گەورە داوامان لێ دەكات هاوكاری یەكتر بكەین (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)المائده/٢ واتە: یارمەت یەكتریی بدەن لەسەر كاری خێرو چاكەو تەقواكاریی، یارمەتی یەكتریی مەدەن لەسەر كاری گوناح و دەستدرێژیی.. ئەوەمان وەبیردەخاتەوە كە كۆمەڵێك ئەرك هەن بە بێ هاوكاری یەكتر ئەنجامنادرێن، بۆیە پێویستە موسوڵمانان وەك چینی دیوار بن و هەندێكیان ئەوانیتر بەیەكەوە ببەستنەوەو ببنە تەواوكەری یەكتریی. هەموو خشتێك رۆڵی خۆی دەبینێت و ئاشكرایە كە بە بێ هاوكاریكردن دیوارەكە دەڕوخێت.

<u>سێیەم: جیاوازی تواناو لێهاتوویی وخستنەگەڕی تواناكان:</u>

خوای گەورە مرۆڤەكانی وا دروستكردووە كە لە تواناو لێهاتوویدا جیاوازییان هەبێت و هەر یەكە تایبەتمەندیی خۆی هەبێت لە بوارێكدا. ئەمەش وا دەكات كە مرۆڤ نەتوانێت بە تەنها بژی، بەڵكو پێویستی بەخەڵكانیتر هەیەو بە هەموویان دەتوانن تابلۆی ژیان بنەخشێنن.

لە ئەنجامی كاردا وزەو تواناكان دەردەكەون و رێڕەوی سروشتی خۆیان دەگرنەبەر، بۆ ئەم مەبەستەش كاری بەكۆمەڵ پێویستە هەتا ئەو وزەو توانایانە بەفیڕۆنەچن و هەر یەك لە شوێنی خۆیدا بەكاربهێنرێت.

<u>چوارەم: ئامانجەكانی ئیسلام پێویستی بەكاری بەكۆمەڵ هەیە:</u>

---

بەكاریهێناو والله اعلم. ئەمە لە گەورەیی ئیبنوخەلدوون كەم ناكاتەوە بێگومان.. ئیبنوخەلدوون ئەوەندەی بەسە كە زانایانی كۆمەڵناسیی لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دان بەوەدا دەنێن كە دامەزرێنەری زانستی كۆمەڵناسییە لە جیهاندا.

ئەو ئامانجانەی کە ئیسلام هەوڵی بۆ دەدات زۆر گەورەن و ماندووبوونێکی زۆریان دەوێت و بە تەنها ئەنجامنادرێن، بەڵکو پێویستە موسوڵمانان کۆبن، هەتا بتوانن ئەو ئەرکانە بە ئەنجامبگەیەنن.

یەکێک لەو ئامانجە گەورانە _کە ئاواتی هەموو موسوڵمانێکە_ هێنانەدیی دەوڵەتی ئیسلامیی و پیادەکردنی فەرمانی خوای گەورەیە لەسەر زەویدا.

بێگومان کارێکی ئاوا گەورەو پیرۆز هەروا ساناو ئاسانییەو پێویستی بە زەحمەت و خۆماندووکردن هەیەو بە چەند هەوڵێکی لابەلاو بێبەرنامە نایەتەدیی، بەڵکو پێویستە هەموو تواناکان بخرێنەپاڵ یەک و بەرەو دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە ئاڕاستەبکرێن.

پێنجەم: تاک لە ناو کۆمەڵدا گەشەدەکات:

رادەی پێگەیشتنی تاک کەوتۆتە سەر ئەوەی تا چەندە دەتوانێت خۆی لە نێو کۆمەڵدا بگونجێنێت.

لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی نێو کۆمەڵدا، تاک هەوڵدەدات خۆی چاکبکات و ئەو وزەو توانایەی کە تیایەتی بیخاتەگەڕ بۆ هاوکاریکردنی هاوکارەکانی. ئەگینا تاکێکی بێکەڵک و بێسوددەبێت و هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی لە ژیاندا نابێت.

بێگومان ئەو جۆرە ژیانەش _کە هەرکەس بۆ خۆی بژی و لە کۆمەڵگا دوورەپەرێزبێت _ پێچەوانەی ئەرکی سروشتی ئادەمیزادە کە لە پێناویدا دروستکراوە.

شەشەم: بەرەنگاربونەوەی نەخشەو پیلانی دوژمنان:

شتێکی بەڵگەنەویستە کارێکی ئاوەها پیرۆزو گرنگ بە بێکۆسپ و تەنگوچەڵەمە نابێت و دوژمنان لێی ناگەڕێن بە ئاسانی بەرەوپێش بڕوات. بۆیە هەر دەم لە بیری ئەوەدان _بە هەر رێگایەک کە بۆیان بلوێت_ بەرهەڵستی موسوڵمانان بکەن. جا بە شێوەی شەڕی بەرامبەرو بە چەک بێت، یا بە شێوازیتر وەک دروستکردنی جۆرەها پارت و رێکخراو بۆ لادانی موسوڵمانان لە رێگای راستی ئیسلام.

ئەو جۆرە نەخشەو پلانانەی دوژمنان خۆڕاگری دەوێت. پێویستی بە هەوڵدان و خۆئامادەکردن هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوە. بە هەمان چەک کە دوژمن بەکاریدەهێنێت. بێگومان ئەمەش بە تەنها ناکرێت و پێویستی بە هاوکاریکردنی گشت موسوڵمانان هەیە.

بۆیە پێویستە سەربازانی ئیسلام پشتیوانی یەکتربن و یەکڕیزبن لە بەردەم دوژمناندا، بەم کارەیان سەرکەوتن مسۆگەردەکەن و شکست بە پلانی دوژمن دەهێنن ان شاءالله.

**<u>بڕگەی سێ یەم: بەڵگەکانی واجببوونی کاری بەکۆمەڵ.</u>**

<u>یەکەم: پەرستنەکان بە کۆمەڵ ئەنجامدەدرێن:</u>

کاتێک چاوێک بەبەرنامەی ئیسلامدا دەخشێنین بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەموو فەرمانەکاندا رەچاوی کۆمەڵکاریی (جەماعییەت)کراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایینی ئیسلام ئایینی هەموو گرۆی ئادەمیزادە بەگشتیی و بۆ ئەوە هاتووە فەرمانڕەوایی خەڵکی بکات بەکۆمەڵ، نەک چەند تاکێکی جیاجیاو لەیەک پچڕاو.

ئەگەر سەیری پەرستنەکان (عبادات) بکەین، دەبینین (جەماعیی)ن، کۆمەڵکاریی لە هەموویاندا رەچاوکراوەو هۆی تەواوکاری ئەو پەرستنەیە.

-(نوێژکردن) کە سەرچاوەی ملکەچیی و هۆی پەیوەندییە بە خوای گەورەوە، ئەسڵ وایە بە کۆ ئەنجامبدرێت، جا پێنج فەرزەکەبێت یا نوێژی جومعەو جەژنەکان.

-بەمەبەستی هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتریش زەکاتدان فەرزکراوە.

-هەروەها حەجکردن بە هەمان شێوە، کۆی تیا رەچاوکراوەو موسوڵمانان لە یەککاتداو لە یەکشوێندا کۆدەبنەوە.

-یەک مانگیش دیاریکراوە کە تێکڕای موسوڵمانانی جیهان بەیەکەوە تیایدا بەرۆژوو دەبن.

ئەگەر تەماشایەکی نیزامی (کۆمەڵایەتی)ش بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەموو لایەنەکانیدا کۆمەڵکاریی رەچاوکراوە، جا لە رێنموویە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت، یا لە مەسەلەی دروستکردنی خێزاندا، یا لە گرنگیدان بە خزم و دەرودراوسێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیتری ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی.

_ لە نیزامی (ئابووریی و سیاسیی و فێرکردن)دا بەهەمان شێوە ئەم لایەنە رەچاوکراوە.

دووەم: ڕێنموویییەکانی قورئان هەمووی بەکۆمەڵە:

ئەگەر بە وردی سەیری قورئانی پیرۆز بکەین ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەو ئایەتانەی موسوڵمانان هاندەدەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی چاک، یا نەکردنی کارێکی نارەواو خراپ، هەمووی بە شێوەی کۆ هاتووە.

ئەمە هێمایە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی مەبەستن لە فەرمانەکاندا کۆمەڵێک تاکی گۆشەگیرنین، بەڵکو کۆمەڵێکی سەربەخۆی خاوەن قەوارەیەکی تایبەتە، کە لە کۆمەڵگەکانیتر جیایدەکاتەوە.

هەروەها هێماشە بۆ ئەوەی کە ئەسڵ ئەوەیە موسوڵمانان لەژێر بەیداخی کۆمەڵدابن، یا لەژێر بەیداخی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا بن، کە فەرمانڕەوای کۆمەڵگەی ئیسلامیی بێت.

ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵێکن لەو ئایەتە پیرۆزانەی کە خوای گەورە ڕوودەکاتە موسوڵمانان و دەفەرموێ:

(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)المائده/٢ واتە: یارمەت یەکتریی بدەن لەسەر کاری خێرو چاکەو تەقواکاریی، یارمەتی یەکتریی مەدەن لەسەر کاری گوناح و دەستدرێژیی..

-(وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ)الانفال/٦٠ واتە: بەرامبەر دوژمنان ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە لە هێز ئامادەبکەن.

-(وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)ال عمران/١٣٩واتە: وورەبەرمەدەن و خەفەت مەخۆن، هەر ئێوەن سەرکەوتوو بەو مەرجەی موسوڵمان بن.

-(اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ)المائده/٨ واتە: دادپەروەرانە رەفتاکەن، ئەوە نزیکترە لە ئاستی تەقواکارییەوە.

-(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارا.)التحريم/٦واتە: ئەوی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە خۆتان و خانەوادەو کەسوکارتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن..

-(قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ..)ال عمران/٣١ واتە: بفەرموو: ئەگەر ڕاستدەکەن و منتان خۆشدەوێت، شوێنمکەون تا خوای گەورەش ئێوەی خۆشبوێت.

-(انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ..)التوبه-٤١ واته: لەشسووک و قورس، گەنج و پیر، دەوڵەمەندو هەژار، پیاوو ژن، هەمووتان لە پێناوی خوادا راپەڕن و بە سامان و گیانتان لە پێناوی خوای گەورەدا جیهادبکەن..

-(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ.)النساء/٥٩ واته: ئەوی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ملکەچیی بۆ خوای گەورەو ملکەچیی بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و بەرپرسانی خۆتان _کە لە خۆتانن_ دەربڕن.

-(وقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً ..)التوبه/٣٦ واته: ئێوەش جەنگ بەرامبەر هەر هەموو کافرەکان بەرپابکەن، مادام ئەوان هەر هەموویان جەنگتان بەرامبەر رادەگەیێنن.

-(فَقَاتِلُواْ أَئِمَّةَ الْكُفْرِ.)التوبه/١٢ واته: دەی سا کوشتاری سەرانی کوفر راگەیێنن.

ئەم ئایەتانەو چەندین ئایەتیتر لەم جۆرە، ئەوەمان بە بیردەهێننەوە کە (أصل) ئەوەیە کە موسوڵمانان بە کۆمەڵ کاربکەن و پێکەوەبن و کۆمەڵکاریی (جەماعییەت) ببێتە خەسڵەتێکی هەمیشەییان و لێی نەترازێن.

-(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ.)الحجرات/١٠ واته: موسوڵمانان برای یەکن.

-(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ)التوبه/٧١ واته: موسوڵمامان ژن و پیاویان خەمخۆرو سەرپەرشتیاریی یەکترین. فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستیی لە خراپەدەکەن.

-(إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ)الصف/٤ واته: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە بە یەکریزیی لە پێناوی ئەودا کوشتاردەکەن، وا رێک دەبن هەر وەکو خشتی دیواری سفت و راست.

-(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ)ال عمران/١١٠واته: بە راستی ئێوە باشترین ئوممەتێک بوون، کە لە نێوانی گەلاندا دەرکەوتن، فەرمان بە چاکەدەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن..

-(وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا)البقره/١٤٣ واته: ئێمە ئاوا ئێوەمان کردە ئوممەتێکی دادپەروەر تا ببنە شایەت

بەسەر خەڵکەکەوەو پێغەمبەرەکەی خواش صلی الله علیه وسلم دەبێتە شایەت بەسەر ئێوەوە..

سێیەم: ئیسلام فەرماندەدات بەرەچاوکردنی کۆمەڵکاریی(جەماعییەت):

لەم برگەیەدا کۆمەڵێک ئایەت و فەرمووده باسدەکەین کە بە ڕوونی سیماو سیفەتی (جەماعییەت)مان لە کاری ئیسلامیدا بۆ دەردەخەن، کە موسوڵمانان هاندەدەن بۆ ئەنجامدانی، وەک:

١-خوای گەورە لەبارەی (طاعة اولي الأمر) واتە: ملکەچیی دەربڕین بۆ بەرپرسان و کاربەدەستانی موسوڵمانان، کە بنچینەیەکی گرنگە لە کاری ئیسلامیدا دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ.)النساء/٥٩ واتە: ئەوی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ملکەچیی بۆ خوای گەورەو ملکەچیی بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و بەرپرسانی خۆتان _کە لە خۆتانن_ دەربڕن..بێگومان ملکەچیی و گوێڕایەڵیی بۆ سەرکردایەتییەک کە کاروباری موسوڵمانان ببات بەڕێوە، بناغەیەکی گرنگە بۆ کۆمەڵکاریی (کاری جەماعی).

٢-لە ئایەتێکیتردا فێری (سەربازیی و گوێڕایەڵیی)مان دەکات و دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ عَلَىٰ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا حَتَّىٰ يَسْتَأْذِنُوهُ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ)النور/٦٢ واتە: بەراستی موسوڵمانان ئائەوانەن کە باوەڕیان بە خوای گەورەو بە پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم هێناوە، کاتێک کە لە خزمەتییدا دەبن و رایان دێتە سەر شتێک لەو کۆڕو شوێنە ناڕۆن تا مۆڵەتی ڕۆیشتنەکە وەرنەگرن.. ئەوانەی داوای مۆڵەتی چوونەوە ماڵەوەی خۆیانت! لێدەکەن، بە راستی ئائەوانە باوەڕی پتەویان بە خوای گەورەو بە پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم هێناوە.

(أَمْرٍ جَامِعٍ) ئاماژەیە بۆ بەشداربوونی کۆمەڵکارانە لەدەربڕینی رادا، بۆ ئەنجامدانی کارێک، جا ئەو کارە پرس و را وەرگرتن بێ، یاخود چارەسەرکردنی کێشەیەکی بێ، یا هەر کارێکیتر.

هەروەها ئەوەشی لێ دەفامرێتەوە کە موسوڵمانان لە هەموو کاروبارێکیاندا پرس بە پێشەوایان دەکەن و داوای مەشوەرەتی لێدەکەن نەک هەر لە خۆوە کارەکانیان بکەن.

٣-لە وەسفی پشتیوانیی و توندوتۆڵیی ریزی جەنگاوەراندا خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ)الصف/٤ واتە: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە بە یەکڕیزیی لە پێناوی ئەودا کوشتاردەکەن، وا رێک دەبن هەر وەکو خشتی دیواری سفت و راست.

٤-لەچیرۆکی (بنی اسرائیل)دا خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ)المائدە/١٢ واتە: بە دڵنیاییەوە خوای گەورە پەیمانی لە نەوەی ئیسرائیل (کوڕانی سەیدنا یەعقووب سەلامی خوای لێ بێت) وەرگرت و دوازدە فەرماندەی لێ هەڵبژاردن و پێی فەرموون کە من وەلتاندام بێ خەمبن..

لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی دانانی (نقباء) دەکات و ئەوەمان فێردەکات کە _بۆگەیاندنی بانگەوازی خوای گەورە بەخەڵکی_ پێویستە (نقیب) دیاریبکرێت.

٥-خوای گەورە باسی پشتگیری موسوڵمانان بۆ یەکتری دەکات، لە کاتی (فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپە) دەفەرموێ: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ)التوبە/٧١ واتە: موسوڵمامان ژن و پیاویان خەمخۆرو سەرپەرشتیاریی یەکتریین. فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستیی لە خراپەدەکەن.

٦-هەروەها لە سیفەتە گرنگەکانی موسوڵمانان باسی (شورا) دەکات و دەفەرموێ: (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) الشوری/٣٨ واتە: کاروباری ناوخۆی موسوڵمانان بە شورایە. راوێژکارییە..

ئەم ئایەتە پیرۆزانەو دەیان ئایەتی تریش هەر هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاری بەکۆمەڵ ناکرێت پشتگوێبخرێت. بەڵکو پێویستە بە گرنگ بگیرێت هەتا بانگەوازی خوا سەرزەوی رووناکدەکاتەوە.

فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم ئەم مەسەلەیەیان پشتگوێ نەخستووەو بە ڕوونی فەرمان بەکاری جەماعیی دەدەن. بۆ ئەو مەبەستە چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

١-پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (وَأَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ :السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ وَالْجِهَادُ وَالْهِجْرَةُ وَالْجَمَاعَةُ فَإِنَّهُ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ قِيدَ شِبْرٍ فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الْإِسْلَامِ مِنْ عُنُقِهِ)[1] واتە: فەرمانتاندەدەمێ بە پێنج شت کە خوا فەرمانی پێداوم: گوێڕایەڵی و بیستن و تێکۆشان و کۆچکردن و کۆمەڵکاریی. ئەو کەسەی بە ئەندازەی بستێک لە کۆمەڵ جیاببێتەوە، ئەوە پەیمانی ئیسلامی لەگەردن داماڵیوە.

ئیبنوحەجەر لە (فتح الباري)دا دەفەرمو: (مەبەست لە (الجماعة) (اهل الحل والعقد)ە لەهەموو زەمانێکدا..).

لە (عدة القاري شرح صحیح البخاري) باسی ئەوە کراوە کە مەبەست لە جیابوونەوە هەوڵدانە بۆ شکاندنی ئەو پەیمانەی کە لە گەردنیدایە، با بە ئەنجامدانی کاری بچووکیش بێت.

ئیبنولقەییم لە (اغاثة اللهفان من مصائد الشیطان) دا دەفەرموێ: مەبەست لە پەیوەستبوون بە جماعەتەوە ئەوەیە پەیوەست بێت بە هەقەوە، با شوێنکەوتووانیشی کەم بن و نەیارانی زۆربن. چونکە کۆمەڵی یەکەم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و یارانی بوون.

٢-گوێڕایەڵی : پێویستە لەسەر موسوڵمانان لە هەموو فەرمانێکی بەرپرسانیاندا گوێڕایەڵ بن، لەوەنەدا کە پێیان خۆشدەبێت یان ناخۆش، مادام فەرمانەکەی کە بەسەریاندا دەدرێت پێچەوانەی ئیسلام نەبێت. ئەگەر فەرمانێک بە کاری خراپەو لادان لە یاسای خوا بە موسوڵمانێک بدرێت، ئەو کاتە نەگوێڕایەڵی دەبێت و نە ملکەچییشی بۆ دەردەبڕێت. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (خەڵکینە ببیستن و

---

[1] نووسەرانی بەڕێز هەر ئەوەندەیان نوسیووە: (رواه الترمذي وصححه). راستە: ترمذی (٢٨٦٣) دەشفەرموێ: (هذا حدیث حسن صحیح غریب)، ئەحمەد (١٣٠/٤) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح المشکاة/٣٦٩٤)و لە: (التعلیق الرغیب ١٦٩/١)و لە: (صحیح الجامع الصغیر/ ١٧٢٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

گوێڕایەڵ بن با بەندەیەکی سەربڕی حەبەشیش لێپرسراوتان بێت) موسلیم ریوایەتی کردووه[١].

٣-لە فەرموودەیەکیتردا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە ئاکامی دەرچوون لە کۆمەڵ و گوێڕایەڵیینەکردن ئاگادارماندەکاتەوە دەفەرموێ: (مَنْ خَرَجَ مِنْ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ فَمَاتَ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً)[٢] واتە: ئەوەی گوێڕایەڵیینەکات و واز لە جماعە بێنێت، کە مرد، مردنێکی نەفامییانە دەمرێت.

٤-پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەبارەی گرنگی و زەرووڕەتی پەیمانەوە مەترسی پەیمان شکاندنەوە دەفەرموێ: (مَنْ خَلَعَ يَدًا مِنْ طَاعَةٍ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لا حُجَّةَ لَهُ قَالَ: وَمَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَاتَ مَيْتَةً جَاهِلِيَّةً)[٣] واتە: هەر کەسێ گوێڕایەڵی (بەیعەتی خەلیفە/ئەمیر)ی لە گەردن داماڵێت و دەستی هاوکاری لە موسوڵمانان بگرێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ بەڵگەیەکی نابێت بیکاتە عوزرو بەهانە. هەر کەسێک پەیمانێک لە گەردنیدا نەبووبێت بمرێت، ئەوە بە نەفامیی دەمرێت.

**بڕگەی چوارەم: کۆمەڵکاریی لە ژیاننامەی پێغەمبەری ئازیزدا صلی الله علیه وسلم.**

ئەگەر چاوێک بخشێنین بە ژیاننامەی پێغەمبەری نازداردا صلی الله علیه وسلم بۆمان دەردەکەوێت هەموو هەنگاوەکانی بەکۆمەڵ بووە. لەیەکەم هەنگاوی کاریەوە چاک دەیزانی کە ئەم ئەمانەتە بە تەنیا هەڵناگیرێ و پێویستی بە کۆمەڵێکی دڵسۆزو چالاک هەیە. هەر بۆیە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی کارەکان بە (جەماعی) ئەنجامبدرێن. بۆ ئەو مەبەستەش چەند نموونەیەک لە ژیاننامەی ئەو پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم دەخەینەڕوو:

---

[١] نووسەرانی بەڕێز هەر ئاوا بە کوردی هێناوێتیانەوەو نووسیویانە موسلیم ریوایەتی کردووە. فەرموودەکە ئەمەیە: (اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَإِنْ اسْتُعْمِلَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ) بوخارییە (٦٧٢٣) نەک موسلیم.

[٢] نووسەرانی بەڕێز هەر ئاوا فەرموودەکەیان بێ سەنەدو سەرچاوە هێناوەتەوە. لای موسلیم (١٨٤٨)، نەسائی (٤١١٤) ئیبنوماجە (٣٩٤٨)، ئەحمەد (٧٨٨٤).

[٣] نووسەرانی بەڕێز نووسیویانە: (موسلیم ریوایەتی کردووە.). راستە: لای موسلیم (١٨٥١).

١-دانانی لێپرسراو بۆ هۆزو تیرەو بەرەباب و کەرتەکان وەک ئەوەی داوای لە (ئەنصار) کرد یەکێک لە ناو خۆیاندا هەڵبژێرن کە ببێتە دەمڕاستیان.

٢-فەرمانیدا کە گوێڕایەڵی ئەو لێپرسراوانە بکرێت لە کاری چاکەداو بەگیانی سەربازیی و فیداکاریانە ئەم گوێڕایەڵییە ئەنجامبدەن.

٣-سوود وەرگرتن لە کاتی شەڕدا لە (تەکتیک)، بە شێوەیەک کە دوژمن چەواشەبکرێت و کات و شوێنی لێبشێوێت.

٤-قۆناغ بەندیی کارو ئەنجامدانی گرنگترینیان پێش ئەوانیتر.

٥-پەیمانوەرگرتن بە شێوەی کۆەڵکاریی (جەماعی) لەسەر خۆفیداکردن و کۆچکردن و خۆڕاگریی لە کاتی ناڕەحەتییدا.

٦-فەرمان پێدانیان بە پاراستنی نهێنیی و شاردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە پێویستن.

٧-دانانی چاودێرو دیدەوان و هەواڵگر بۆ زانینی زانیاری تەواو، لە بارەی دوژمنەوە وەک ئەوەی پێش (فەتحی مەککە) ئەنجامیداو چەند کەسێکی ناردە ناو شارو دەوروبەریی، بۆ هێنانەوەی هەواڵ.

٨-ناردنی چەند کەسێک بۆ ناو ریزەکانی دوژمن هەتا بەچەند کارێکی دیاریکراو هەستن. وەک ئەوەی لەجەنگی (خندق)داحوزەیفەی کوڕی یەمانی خوا لێی ڕازی بێت نارد بۆ ناو سەربازگەی دوژمن، بێ ئەوەی فەرمانی کوشتنی پێبدات، هەر بۆ هێنانەوەی هەواڵی ئەوان بوو.

ئەم کارانەی باسکران لە کاری تاک (فردی) ناژمێردرێن، بەڵکو هەر هەموویان ڕواڵەتی کاری بەکۆمەڵن و لەناو کۆمەڵدا ئەنجامدراون. ئەوەش دەسەلمێنن کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە ژیاننامەی پڕ سەروەرییدا ئەم کارانەی بە عەملی ئەنجامداوە.

**<u>بڕگەی پێنجەم: بنەماکانی کاری بەکۆمەڵ.</u>**

گومانی تێدا نییە کە گرتنەبەری کاری بانگەواز بۆ لای خوا بە شێوەیەکی کۆمەڵکاریی(جەماعی) بەرپرسیارییەو کارێکی گرنگ و هەمەلایەنەیەو پێویستی بە چەند

بنەمایەک هەیە. بەبێ پێکهێنانی ئەو بنەمایانە ئەستەمە کاری بەکۆمەڵ بەردەوام بێت.. ئەو بنەمایانەش بە کورتی باسدەکەین:

<u>یەکەم: سەرکردایەتییەکی خاوەن بڕیار:</u>

(ئیمام بەننا) لەم بارەیەوە دەفەرموێ: دروستبوونی سەرکردایەتییەکی خاوەن بڕیارو بەهێزو شیاو خاڵێکی گرنگە لە هەموو بزووتنەوەیەکداو لە کۆمەڵی ئیسلامیدا بە کارێکی سەرەکی دادەنرێت.

کارەکانی ئەو سەرکردایەتییە پێویستە لەسەر بنەمای (شورا) بێت و هەموو ئەندامەکانیشی گوێڕایەڵی بن و متمانەی تەواویان پێی هەبێت. لەبەرامبەردا ئەویش هەڵدەستێت بە بەڕێوبردنی کاروباری ئەو کۆمەڵەو دانانی پلانی گونجاو بۆ بەرەوپێشبردنی کاری بانگەوازو دابەشکردن ودیاریکردنی کارەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ گیروگرفتەکان و داهێنانی شتی بەکەڵک و لەبار کە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێت و گەشە بە کۆمەڵەکەش بدات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەما شەرعییەکان.

<u>دووەم: بەرنامەو پرۆگرام:</u>

هەموو کارێک کە کۆمەڵێکی ڕێکخراو پێی هەڵدەستێت، پێویستە بە گوێرەی پەیڕەوو پرۆگرامێک بێت و لە روانگەی بەرنامەیەکی گشتگیری ئاشکراوە بێت. هەتا بتوانێت رۆڵەکانی پەروەردەبکات.

گرنگترین تایبەتمەندی ئەو بەرنامەیە ئەوەیە:

١-لە قورئانی پیرۆزو فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم وەرگیرابێت.

٢-پێویستە بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی گشتگیر بێت و هەموو وزەو توانا هەمەجۆرەکان _کە لە ئادەمیزادا هەن_ ڕەچاوبکات و بۆ کاری پێویست بەکاریانبهێنێت.

٣-هەروەها پێویستە لە گشت قۆناغەکانیدا چارەسەری کاروباری بانگەواز بکات.

٤-پێویستە ئامانجەکان و هەنگاوەکان دیاربن وبەرنامەی داهاتووی کۆمەڵەکە دیاربێت.[١].

هەروەها پێویستە ئەو هۆکار وئامرازانەی کە بەکاردەهێنرێن دروست و ڕەوابن، چونکە لە ئیسلامدا (الغاية تبرر الوسيلة)[٢] نیەو بەتاڵە، بەڵکو پێویستە هۆو مەبەستیش هەردووکیان ڕاست و ڕەوابن.

بەو شێوەیە بەرەکەت دەکەوێتە کارەکەوە و پشت بەخوا بەرەوپێش دەچێت.

سێیەم: کاری ڕێکخستن:

کاری ڕێکخستن لە کۆمەڵکاریی(جماعه)دا پێویستە. مەرجێکی گرنگە بۆ بەرقەراربوونی هەر کۆمەڵێک. بە بێ ڕێکخستن سەرکەوتن بەدەستنایەت و هەموو کارەکان دەبن بەکاری تاک با کۆمەڵێکیش ئەنجامیبدەن!

موسوڵمانان پێویستە زیاد لەهەموو کەس گرنگی بە ڕێکخستن بدەن. لەبەر ئەوەی کە ڕێکخستن زۆر زەرورییەو ئایینی ئیسلام بە پێویستیزانیوەو داوا لە موسوڵمانان دەکات لە هەموو کاروبارياندا ڕەچاویبکەن. پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانیداوە هەر کاتێک سێ کەس چوون بۆ سەفەر، دەبێ یەکێکیان بکەن بە ئەمیریان.

لە دیمەنەکانی ڕێکخستنیش ئەوەیە کە کارەکان بە گرنگ بگیرێت و ڕۆڵی سەربازیی و فیداکاریی ڕەچاوبکرێت و کارو ئەرکەکان دابەشبکرێن، بەرپرسیاریی و پەیوەندی

---

[١] العمل الجماعی ل: ١٣

[٢] ڕێسای کاری ئەهلی کوفرەو نیکۆلا میکیاڤیللی ئیطالیایی لە کتێبی (ئەمیر)ەکەی خۆیدا شەرحی کردووە، ئەوە زیاتر لە ٦٠٠ ساڵە ڕۆژئاوا کردوێتی بە مەنهەجی ڕەفتاری دڕندانەی خۆی. دەڵێ: گەیشتن بە مەبەست هۆکارەکانی شیاو دەکات.. واتە بە ڕێگای حەرامیش بگەیتە مەبەستی حەڵاڵت هەر شیاوە. بێگومان ئەوە لە ئیسلامدا ڕەفزە، چونکە لە ئیسلامدا هەموو پێشەوایان لەسەر ئەوە ڕێکن کە (**أَنَّ الوسائِلَ تَتْبَعُ الْمَقَاصِدَ فِي أحْكَامِهَا**) واتە: هۆکارو ئالییەتەکان حوکمی مەبەستەکانیان هەیە. کە مەبەستەکەت شیاوبوو دەبێ وەسیلەی شیاویش بەکاربهێنیت. بڕوانە : ئیمامی قورافی : کتێبی : الفروق (١١١/٣).

ئەندامەکان بە یەکەوە دیاریبکرێت .هەروەها پێویستە بڕیارەکانی کۆمەڵ(جماعە)ەکە بە وردی ئەنجامبدرێت.

<u>چوارەم: سەربازانی دڵسۆز:</u>

ئاشکرایە هیچ جەماعەتێک بە بێ سەربازانی دڵسۆزو بەوەفاو فیداکار بەڕێوەناچێت. ئەوان بەردی بناغەی هەموو کۆمەڵێکن و پێویستە زۆر دڵسۆزو گوێڕایەڵبن و متمانەی تەواوبدەن بە سەرکردایەتییان، هەتا بتوانن کاری بانگەواز بەرەوپێش ببەن. دەبێ هەمووکات لە هەوڵی ئەوەدابن هەر هەنگاوێک دەینێن بە گوێرەی یاسای شەرع بێت و حەڵاڵ و ڕەوا بێت و بە گوێرەی بڕیاری ئەمیرو تەعلیماتی ڕێکخستنەکەیان بێت. لەگەڵ ئەوانەش و لەسەرووی هەمووشیانەوە: ڕەزامەندی خوای گەورە پێویستە.

## ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی
## زنجیرەی پەروەردە وپێگەیاندن

(زنجیرەی پەروەردەو پێگەیاندن) پرۆژەیەکی (پەروەرشیی، زانستیی، سیاسیی)یە لە ڕەحمی مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونددا نەشونمایکردووەو سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ (١٥) ساڵ لەمەوپێش، کە ژمارەیەک کەسایەتیی پسپۆڕو مامۆستای لێزان و خەمخۆر کەوتنە بیری دانانی بەرنامەو پرۆگرامێکی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی تاکی موسوڵمان لە هەرسێ لایەنی (فیکریی)و (دەروونیی)و (حەرەکیی)یەوە. دواتر پرۆژەکە لەسەردەمانی جیاجیادا _بە پێی خواستی کات و جێ و قۆناغەکان_ ئاڵوگۆڕو زیادو کەمیی تیاکراوە. لەو زنجیرەیەدا هەوڵدراوە کە بەرنامەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنە لەو سێ ڕەهەندەی سەرەوە بخرێتە بەردەستی پەروەرشیاران.

پرۆژەکە بۆ پێنج قۆناغی پێگەیاندن دانراوەو هەر قۆناغەش ئەو سێ بەشەی سەرەوەی لێ دەبێتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەی کەسایەتیی مرۆڤ (هزرو دەروون و ڕەفتار) ی هەمووی بگرێتەوە، تەنها تەرخان نەبێ بۆ لایەنێک، بۆ هەر بەشەو هەر قۆناغەش میکانیزمی تایبەت وخشتەو لائیحەی تایبەت گەڵاڵەکراون، تا یارمەتیدەری پەروەرشیارو بانگخوازان بێت لە جێبەجێ کردنی بەش و قۆناغە جیاجیاکانی پرۆژەکەدا.

هیوادارین پرۆژەکە لە بواری پەروەردەکردندا نموونەیی بێت و مایەی ڕەزامەندیی خوای میهرەبان و جێی سوودمەندیی پەروەرشیاران بێت.

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز.
١- ئەبولئەعلای مەودوودیی: چوار زاراوەکەی قورئان
ابن تيميه:
٢ــ بيان تلبيس الجهمية
٣ــ الرد على البكري
٤ــ العبودية
٥ــ مجموع الفتاوى
٦ــابن الجوزي: صيد الخاطر
٧ــابن حجر العسقلاني: فتح الباري شرح صحيح البخاري
٨ــابن رجب الحنبلي: جامع العلوم والحكم
٩ــابن سيده: المخصص
ابن القيم:
١٠ــ إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان
١١ــ زاد المعاد في هدي خير العباد
١٢ــطريق الهجرتين وباب السعادتين
١٣ــ مدارج السالكين
١٤ــ مفتاح دار السعادة
ابن كثير الدمشقي:
١٥ــ البداية والنهاية
١٦ــ تفسير القرآن العظيم
١٧ــأحمد أحمد علوش: الدعوة الاسلامية.. أصولها ووسائلها
١٨ــتاج الدين السبكي: طبقات الشافعية
١٩ــالذهبي: سير أعلام النبلاء
سيد قطب:
٢٠ــ خصائص التصور الإسلامي
٢١ــ في ظلال القرآن
٢٢ــشێخ عبدالقادری گەیلانی: الفتح الرباني
٢٣ــعبدالله بن مبارک: کتاب الزهد
٢٤ــعلي بن صالح الرشد: مستلزمات الدعوة في العصر الحاضر
٢٥ــالقرافي: الفروق
٢٦ــمحمد أحمد راشد: المنطلق / مؤسسة الرسالة. بيروت
٢٧ــگۆڤاری تایم ژمارە ٢٦ کانوونی یەکەمی ١٩٩٣
٢٨ــگۆڤاری الدوحة ژمارە ٥٩
٢٩ــگۆڤاری العربي ژمارە ٣٢٥ و ٣٥١
سەرچاوەکانی فەرموودە:
١- سەحیحی بوخاری
٢- سەحیحی موسلیم
٣- سونەنی ئەبوداوود
٤- سونەنی ترمذی
٥- سونەنی نەسائی
٦- سونەنی ئیبنوماجە
٧- سونەنی داریمی
٨- موسنەدی ئیمامی ئەحمەد
٩- بوخاری: الأدب المفرد
١٠- الحاکم: المستدرک
- کتێبی شێخی ئەلبانی:
١١ــ سلسلة الأحاديث الصحيحة
١٢ــ صحيح الجامع الصغير
١٣ــ صحيح ابن ماجه
١٤ــ ضعيف ابن ماجه
١٥ــ ضعيف سنن الترمذی
ــ چەندین سەرچاوەیتر کە لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێکراوە.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی ئامادەکاری چاپی دووەم | ٦ |
| پێشەکی نوسەرانی یەکگرتوو | ١١ |
| **باسی یەکەم: ڕۆڵی مرۆڤ لە بوونەوەردا** | ١٤ |
| بڕگەی یەکەم: ئەگەرەکانی دروستبوونی بوونەوەر. | ١٥ |
| بڕگەی دووەم: ڕەواندنەوەی بێ هوودەیی لەدروستکردنی مرۆڤدا. | ١٦ |
| بڕگەی سێیەم: گرنگیی مرۆڤ چییە؟ | ٢١ |
| بڕگەی چوارەم: بریکاریی: | ٢٣ |
| بڕگەی پێنجەم: زانینی ئەو دوو ڕاستییەی پێشوو مایەی کامەرانییە: | ٢٤ |
| بڕگەی شەشەم: نەزانینی ئەم ڕاستییە مایەی کوێرەوەرییە: | ٢٥ |
| بڕگەی حەوتەم: مرۆڤ خۆی سەرپشکە: | ٢٦ |
| بڕگەی هەشتەم: تەنها گوێڕایەڵیی خوا دەکرێت: | ٢٦ |
| بڕگەی نۆیەم: خواپەرستیی: | ٢٨ |
| بڕگەی دەیەم: چەند بنەمایەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی مانای بەندایەتیی: | ٣٨ |
| بڕگەی یازدەیەم: ئایینی ڕاست ودروست وگرنگییەکەی: | ٤١ |
| **باسی دووەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئیسلام** | ٤٨ |
| بڕگەی یەکەم: ئیسلام بەرنامەیەکی خواییە (الربانیة): | ٤٨ |
| بڕگەی دووەم: ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیرە: (الشمول): | ٥٩ |
| بڕگەی سێیەم: ئیسلام بەرنامەیەکی جیهانییە: | ٦٣ |
| بڕگەی چوارەم: ئیسلام بەرنامەیەکی واقعییە (زەمینەبینە): | ٦٨ |
| بڕگەی پێنجەم: ئیسلام بەرنامەیەکی مرۆڤایەتییە: | ٧٦ |
| بڕگەی شەشەم: ئیسلام ڕەهەندە ئایینییەکانی ڕۆشنن: | ٨٢ |

| | |
|---|---|
| **چەمكی سێیەم: ئیسلام تاكەچارەسەرە** | ٩٠ |
| بڕگەی یەكەم: بارودۆخیی ئەمڕۆی سەرزەمین: | ٩٢ |
| بڕگەی دووەم: چارەسەری ئیسلامیی: | ١٠٠ |
| بڕگەی سێیەم: هەڵوێستی شیاو بەرامبەر چارەسەری ئیسلامیی: | ١٠٧ |
| بڕگەی چوارەم: ئەو بەڵگانەی كە دەیسەلمێنن داهاتوو بۆ ئیسلامە: | ١٠٩ |
| **باسی چوارەم: بانگەوازو كاركردن بۆ ئیسلام پێویستە** | ١١٩ |
| بڕگەی یەكەم: زەروورەتی بانگەوازو كاركردن بۆ ئیسلام: | ١٢٣ |
| بڕگەی دووەم: ئامانجەكانی بانگەوازو كاركردن بۆ ئیسلام: | ١٢٨ |
| بڕگەی سێیەم: ڕەواندنەوەی دوو گومان لەسەر بانگەواز و كاركردن بۆ ئیسلام. | ١٣١ |
| بڕگەی چوارەم: هەڵوێست و ئاكاری پیاوچاكانی پێشین لە بانگەوازو كاركردندا بۆ ئیسلام. | ١٣٥ |
| بڕگەی پێنجەم: بوارەكانی بانگەوازو كاركردن بۆ ئیسلام. | ١٣٨ |
| **باسی پێنچەم: پێویستبوونی بەكۆمەڵ كاركردن بۆ ئیسلام** | ١٤٣ |
| بڕگەی یەكەم: ڕای پێشەوایانی پێشین دەربارەی كاری بەكۆمەڵ: | ١٤٤ |
| بڕگەی دووەم: ئەو هۆیانەی كاری بەكۆمەڵ واجب دەكەن: | ١٤٦ |
| بڕگەی سێ یەم: بەڵگەكانی واجببوونی كاری بەكۆمەڵ. | ١٤٩ |
| بڕگەی چوارەم: كۆمەڵكاریی لە ژیاننامەی پێغەمبەری ئازیزدا صلى الله عليه وسلم. | ١٥٥ |
| بڕگەی پێنجەم: بنەماكانی كاری بەكۆمەڵ. | ١٥٦ |
| سەرچاوەكان | ١٦١ |
| ناوەڕۆك | ١٦٢ |


تەواوبوو والحمدلله رب العالمين

١٩٩٧/٩/٢٤.

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

ناوەندی دیراساتی ئیسلامی (ندا)

ماڵپەر

zadyreman.com

فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئینستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمێڵ

zadyreman@gmail.com